تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری

راوە گزنگ

ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

محەمەد حەمە باقی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

راوە گزنگ

رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

محەمەد حەمە باقی

هەولێر- ١٩٩٨

ناوی کتیب : راوه گزنگ
نووسەر : محەمەد حەمە باقی
دەرهینانی : عوسمان پیرداود
کۆمپیوتەر : نووسینگەی ماکنتوش
سەرپەرشتی چاپ : عەلی خورشید
تیراژ : ١٠٠٠ دانه
چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری / هەولێر

پێشکەشە بە:

هاوڕێم:

شاعیری جوانەمەرگ

مارف ئاغایی

سەرنج

ئەم چەند وتارە جیا جیایە، کە لەسەردەمی جیاجیاشدا نوسراون، سەرومڕ ئەچنە ناو ئەو بازنە، یان ئەو خانەیەوە، کە لەزانستی ئەدەبدا، پێیان ئەوترێ: رەخنە، یانٍ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی. پێم خۆش بو لە گەڵ چەندان نوسینی تری پەرت و بلاوی لەم جۆرەدا، کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی ژیانی شارو شاخم دا، لە دوو توێی رۆژنامەی ژین و هاوکاریو بەیان و رۆشنبیری نوێ و سروەو، دواتریش لەسەر لاپەڕە ئازادەکانی گۆڤاری نوسەری کوردستان و سروەو گەلاوێژی نوێ و ئێستاو رامان و ئاوێنەو، هەندێ گۆڤاری کوردی ئەوروپا، بلاوکراونەتەوە، بیانکەمە کتێبێك.

بەلاّم لەم دەرفەتەدا، جارێ هەر ئەوەندەیانم کەوتنە چنگ و دەستم بە کۆکردنەوەی هەموویاندا نەگەیشت. بە تایبەتی بەو نوسینانەمدا، کە لە ژمارە بەرودواکانی نوسەری کوردستان دا بلاوکراونەتەوە.

وەك وتیشم چونکە ئەم وتارانە، بە هەمویان ئەچنە بازنەی رەخنەوەو رەخنەش، پشکنین و دیتنەوەو قۆستنەوەی ئەو تروسکەو روناکیو گزنگە شاراوانەی، ناو دوو توێی بەرهەمێکە. بۆیە، لەگیانی دیتن و چنینەوەی هی ئەو تروسکەو گزنگە شاراوانە.

ناوم نا: راوە گزنگ

محەمەد حەمە باقی

سەقز

١٩٩٨/٣/٣ی زایین

هەڵەبجە
ئەدەب و هونەرو سیاسەت.

دەمێکە بیروبۆچوونێکی سیاسی هەیە، ئەڵێ هەموو شتێك: سروشت، مادە، مرۆڤ، هونەر، ئەدەب...هتد، ببن بە پاشکۆی سیاسەت و لە راژەی هەڵس وکەوتی سیاسەتی رۆژانەو تاکتیکی رۆژانەدا بئامرازێندرێن!!.

پێچەوانەی ئەم بیروبۆچوونەش، لەگەڵ بیروبۆچونی ئەو رایەی سەرەوە، هێشتا لە مشتومڕدان، کە ئەڵێ: ئەدەب و هونەرو هەموو داهێنانێکی فیکریی مرۆڤ، لە سیاسەت رووت بکرێتەوە.

بۆ کلۆڵیی، ئێمەی دانیشتووی ئەم پارچەیەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کەوتینە بەر شەپۆل و ژێر زەبری ئەو بۆچوونە وشك و..ببورن، ئەگەر زات بکەم و، بوێرم و بڵێم - مۆامرە (پیلان)ەوە)، کە ئەڵێ ئەبێ هونەرو ئەدەب، پاشکۆو بەچکەی سیاسەت بن!!.

ئیتر ئەم پاشکۆیەتیو بەچکایەتیەی ئەدەب و هونەر، کارێکی وایکرد، هەرچی شوێن تەفرەی ئەم دان و داوە بکەویو لەسەر بەرنامەکەی، بەرهەمی هونەرییو ئەدەبیی بۆ دروست بکەن، بە سەدان و هەزاران لەمجۆرە بەرهەمە، هەر لە دوای بەسەرچوونی باوی ئەو موناسەباتانەی ئەدەب و هونەرەکەیان بۆ کراوە بە ئامێر، هێزو پێزو وزەو توانای ژیانیان تیا کز بیو وەکو تەم و وەکو مردوو، بڕەوێنەوەو لەبیر بچنەوە. بە واتەیەکی تر، کارە هونەرییو ئەدەبیەکە، پاش ماوەیەکی مێژوویی، ببنە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، نەك بەڵگەنامەیەکی هونەریو ئەدەبی. چونکە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونیانەوە، ئەوەندە بە زەقیی ئەرکی سیاسەت: ئایدۆلۆژیا - یان لە ئەستۆ ئەگیرێ، ئەبن بەژێر باری گرانی ئایدۆلۆژیاوە.!

ئەم بیروبۆچوونە، وەك وتم، لەدێر زەمانەوە لە ئارادا بوو. بەڵام ئاشکراترو

زەقتر، لە سەر دەم و تا لەسەر دەستی ژدانۆف دا هاندراو زەمینەی بۆ خۆشکراو لێکۆڵەرەوانیشی بۆ سازدرا تا زاراوەو پێناسەی رەخنەیی بۆ بدۆزنەوەو ئەنجامیش بڵێن:

هونەرو ئەدەب لە سیاسەت جیا ناکرێنەوە!!

من لەم چەند.وشەیەدا، لەبەراوردپێکردنی ئەو دوو بیروبۆچوونەی سەرەوەدا، نامەوێ بڵێم: هونەرو ئەدەب، کاریان بەسەر سیاسەتەوە نیە. بە پێچەوانەوە بەڵکو پێم وایە:

ئەدەب و هونەر، خۆیان سیاسەتن! بەلاّم چۆن؟

لەوەلاّمدا ئەلێم: ئەگەر کۆڵەگەکانی پێکهاتنی ژیانی مرۆڤ، چەند شتێك بن، کە یەکێکیان سیاسەتە، ئەوا ئەدەب و هونەریش دوو کۆڵەکەی تری پێویستی ژیانی مرۆڤن. وەك نمونەی ئەو پارچە مۆسیقایەی کە بە چەند ئامێرێکی جیا جیا، سەرتاپای ئاوازێك پێکدێنن، کە هەر پارچەیەی، جۆرە ئەرکێك و جۆرە ئاوازێکی هەیەو هیچ کام لەو ئەرك و دەنگانەش لە یەك ناچن و هیچیشیان کاری ئەوی تریان ئەنجام نادەن؛ بەلاّم لە ئاکامدا بە هەموویان، ئەرکێکی گەورەترو هاریکاری پێکدێنن، کە ئەرکی سازدانی پارچە مۆسیقاکەیە.

هونەرو ئەدەب و سیاسەتیش، هەر یەکەیان بە جیا جیاو تەنیا، سەربەخۆییو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەلاّم هەسێکیشیان پێکەوە ئەرکی بەختەوەریی مرۆڤ ئەنجام ئەدەن؛ ئەگەر ئەو ئەرکەش ئەنجام نەدەن، نەبوونیان باشترە.

بەلاّم لێرەدا، لە تێکەڵکردنی باسی هونەرو ئەدەب و سیاسەت دا، دوو حاڵەتی سیاسی جیا ئەکەمەوە: یەکەمیان ئەو حاڵەتەی کە رووداوێکی سیاسی، ئەبێتە هەوێن و سەرچاوەی گینگڵ و ژانێکی قووڵ و رەسەن و کاریگەرو سروشتی، بۆ داهێنانەکە، وەك نمونەی نزیك و زیندووی ئەو قەسیدە مەزنەی کە نالی لەشامەوە، بۆ سالم ی شاعیرو هاوڕێی ناردوو؛ یان ئەو قەسیدەیەی کە شوکری فەزڵی لەسەردەمی دەسەلاّتداریێتی شێخ مەحمودی نەمردا بۆ شێخی نووسیوەو ئەم بەیتە سەرەتاکەیەتی:

ئیش کەرووی ئێستە لە هەورازە، سەرەو لێژی نەکەی
فیکری وردیشی ئەوێ، هەربەدوعاو نوێژی نەکەی

یان ئەم قەسیدە جوانەی کە هەر لەسەردەمی دەسەلاّتداریێتی شێخی نەمردا،

پیره‌مێرد - ی شاعیر بۆی نووسیوه:

ئه‌بێ به‌خشنده مل که‌چ کا ، له ئاستی مووچه‌خۆری خۆی
ســـــوراحی ســــه‌رفرۆ دێنێ لـه‌بۆ پیـــاڵه، که تێکا، بۆی

له‌گه‌ڵ ده‌یان و سه‌دان نمونه‌یتری له‌م بابه‌ته.

دووه‌میشیان، ئه‌و حاڵه‌ته‌ی که دیسان هه‌ر ڕووداوێکی سیاسی، به‌ڵام ڕاگوزاریو ته‌نك، به‌رهه‌مێك ئه‌خاته‌وه، وه‌ك نمونه‌ی زۆر شیعری حاجی قادری کۆیی‌و، قانع و، زۆر شیعری هێمن - ی پێش سه‌فه‌ری کوردستانی باشوورو زۆربه‌ی شیعری سیاسـی گۆران؛ کـه جیـاوازی هـه‌ردوو حاڵه‌ته‌کـه‌ش، هـه‌ر لای گـۆران خـۆی. ئـه‌و جـۆره شیعرانه‌ن که سیاسه‌تیشن، به‌ڵام هونـه‌رن، وه‌ك: دوا سـه‌رنج و زیندانـی ئـه‌ژده‌ها، ده‌روێش عه‌بدوڵڵاو..هتد.

جیاوازی نێوان ئه‌م دوو حاڵه‌ته، له یه‌که‌میاندا، له‌دایکبوونی به‌رهـه‌م، ئێجگـار ڕه‌سه‌نه‌و له وه‌رزی خۆیدا و بێ زۆر له‌خۆکردن. وه‌ك: چرۆکردنـی دره‌خـت و گـوڵ و منداڵبونی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژه‌و دووه‌میشیان به زۆر چرۆپێکردنی دره‌خت و گوڵـه، له‌ناوه‌ختی خۆیاندا. که ئاکامی هه‌ردوو حاڵه‌ته‌که، وه‌ك جیاوازیی گوڵی سروشتیو گوڵـی نـایلۆن وایـه. هـه‌ردوو جـۆره گوڵه‌کـه‌ش، بـه‌ره‌نگ له‌یـه‌ك ئـه‌چن، بـه‌ڵام یه‌که‌میان: نهێنی ژیان و بۆن و به‌رامه‌ی خۆڕسك و سروشتیی پێیه‌و دووه‌میشـــیان: مردووه‌و بێبۆن و به‌رامه‌یه. یه‌که‌میان دوای ڕه‌گ و ریشـه‌داکوتان و قووڵبوونـه‌وه‌و پێگه‌یشتن و پییشان، ئه‌وسا دێته دنیاوه‌و دێته ژیان و دووه‌میشیان: وه‌ك ڕاپه‌راندن وبه‌ئه‌نجام گه‌یاندنی کارێکی ڕۆژانه، دێته دنیاوه.

لایه‌نگرانی حاڵه‌تی دووه‌م، له‌کاتێکا که زاراوه‌و پێناسه‌یان بۆ ئه‌رك و ڕوخســارو ناوه‌ڕۆکی ئه‌مجۆره داهێنانه، داناوه، مانای وایه پێشه‌کی کلێشه‌و به‌رنامه‌ی ئه‌مجۆره داهێنانه ڕێژراوه‌و ئامانجه دوورو نزیکه‌کانیشی، بۆ ده‌ستنیشانکراوه. که‌چی ئه‌وه‌ی داهێنانی مه‌زنی هونه‌رو ئه‌ده‌ب، خه‌ونی پێوه ئه‌بینێ، پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌یـه‌و کـاری هونه‌رو ئه‌ده‌ب، پێویستیان به ئاسۆیه‌کی بێسنورو بـه‌ربلاوی خـه‌یاڵ هه‌یـه، کـه‌تا باڵـه تیژه‌کـانی خـه‌یاڵ و هه‌سـت، حـه‌ز بکـه‌ن، هـه‌ر بـه‌رین و بـه‌رینتر بێـت و تاقیکردنه‌وه‌شـیان بـۆ پشـکنین و دۆزینـه‌وه‌ی جوانییـــه شــاراوه‌کانی داهێنـــان، هه‌میشه‌و هه‌میشه، له‌کۆچکردنی بێ سه‌روشوێن ئه‌چێو دوژمنـــی ڕه‌نـگ ڕشـتن و خۆله‌قاڵب دانن، له‌چوارچێوه‌یه‌کی پێشتر بۆ دروستکراوو ده‌ستنیشانکراودا.

ئەگەر بە گوێرەی ئەم بەرنامەیەو زاراوەیەش بێ، کە لایەنگرانی حاڵەتی دووەم، بۆ فرمانی ئەدەب و هونەر - یان داناوە؛ ئیتر ئەبێ تاقیکردنەوەی ئەدەب و هونەر، لە ئاستێکدا بوەستێو قوتابخانەی هونەریو ئەدەبی تازەترو تەقەللای تازەترو مێژووی تازەترو ژیانی تازەتریش دروست نەبن و هەموو شتێك لەو چوارچێوەیەدا کۆتایی بێت، کە ئەو جۆرە بەرنامە سیاسیە، دیاری کردووە.

پڕیشکی ئەم شەپۆلە، جارجارەش بەرهونەرو ئەدەبی ئێمەش کەوتووە، وەك ئەوەی لە سەرەتای حەفتاکاندا، ئەیویست بە پیر پێداویستیەکانی ژیانی تازەوە بچێ، هەندێ تازە خوێندەوار، لەبەرگی پێشکەوتنخوازیدا!! ئەیانویست تەگەرەو گیروگرفت و کلێشە لە بەردەم ئەو گۆڕانکاریو تازەگەرییەدا دابنێن، کە ژیانی تازەی کۆمەڵەکەمان داوای ئەکرد.! بەلاّم ئاخۆ یاسای ژیان، بەم کۆسپ و بیروبۆچوونە راوەستاو رازی بوو؟! یان ئاخۆ هونەرو ئەدەب - یش بەمە رازی ئەبن، کە هەردووکیان رەنگدانەوەی ژیانن!؟.

پێش ئەوەی هیچیان وەلاّم بدەنەوە، ئەڵێم: مادام خاوەن چێژو هەستێکی هونەرییو ئەدەبی، ئەتوانێ کارێکی هونەری بەرز، لە کارێکی هونەرییو ئەدەبی نزم، جیا بکاتەوە، هەر بەو جۆرەش ئەڵێین: ئەی چۆن ناتوانرێ دەقێکی ئەدەبیی، لە دەقێکی سیاسی جیا بکرێتەوە؟!. یان دەقێکی هونەریی، لە دەقێکی سیاسی جیا بکرێتەوە؟!. هەر بەو جۆرەش، ئەی چۆن ناتوانرێ کارێکیهونەریو ئەدەبی، لە کارێکی سیاسی جیا بکرێتەوە؟!.یان چۆن ناتوانرێ هونەرو ئەدەب، لە سیاسەت، جیا بکرێتەوە؟!. جگە لەوەی ئەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە ژیان، سەرومڕ بریتی نییە لە تەنیا سیاسەت!. ئەگەریش وا نییە، ئەی بۆ مرۆڤ زۆرجار، حەز ئەکات گوێ لە پارچە مۆسیقایەکی هێمن بگرێت؟!. لە کاتێکدا پارچە مۆسیقاکە، بە هیچ جۆرێکیش باسی سیاسەت ناکات! یان بۆ مرۆڤ هەندێجار حەز ئەکات گوێی لە دەنگی بولبول و قاسپەی کەوو خوڕەی ئاو بێت!؟. لەکاتێکا هیچ کام لەو دەنگانە، باسی سیاسەت ناکەن! بگرە لێشیان ناگەین.

سیاسەتمەدارێکی هۆشمەندی وەك لینین: لە کاتێکائەبوایە حەزی لە مۆسیقای مارش و شیعری مایاکۆفسکی - ی شاعیری شۆرش و سۆسیالیستی ئەو کاتەی شۆڕەوی بوایە، کەچی حەزی لە بیستنی سیمفۆنیای بتهۆڤن و شیعری پۆشکین ئەکرد!.

کەواتە باوی بانگەشەی ئەو بیروبۆچوونەی ئـەدەب و هونـەری وشـك ئـەکردەوە، زۆر دەمێکە بەسەر چووە، کە ئەیوت: جیاکردنەوەی هونەرو ئەدەب، لـە بـاوەش و لە پاشکۆیەتی سیاسەت و دانانیـان لـە شـوێنی تایبەتمـەندی خۆیـاندا، مەبەسـت دوورخستنەوەیانە لە پەیامی خزمەتی مرۆڤایەتیو گۆشـەگیرکردنیانە، لـە دنیـای داخراوی: هونەر، بۆ هونەرو، ئەدەب بۆ ئەدەب دا.

بە پێچەوانەوە، کۆت و بەند پچڕاندنی سیاسەتیان، مانای تێکـەڵ بوونیانـە لـە کاروانی ژیانی هەمیشە نەوەستاودا. کە وەستان و سەقامگیربوون و خۆ لە کلێشەو لە قاڵبدان، نازانن و هەمیشەو هەمیشە ئەبزوون و دڵەڕاوکەی زۆرانی بـەردەوامیی مەرگ و ژیان و جوانترکردنی ژیان، لەناخی خۆیاندا، هەڵئەگرن و کۆڵنادەن.

❊ ❊ ❊

ئەو رازەی سەرەوە، ئەکەم بە دەروازەو پیایدا ئەچمە ناو ئەو پیشـانگایەوە، کـە هونەرمەندان: رێبوار سەعید، ئاکۆ غـەریب، عوسمـان قـادرو کۆمـەڵێك منـاڵانی شاری هەڵەبجەی زام و قوربانی سەردەم، لە رۆژانی ٤/١٥ تا ٩٨٩/٤/٢٢، لەشاری سەقزی شیریندا کردیانەوە.

لەبەر ئەوەی پیشانگاکەم بەلاوە زیندوو بوو، بۆیە هەر حەوت رۆژی پیشانگاکە، رۆژانە، سەردانم ئەکردو...سەردان، دوای سەردان، شـتی تـازەی ئـەدامیو هـەموو رۆژێکیـش هەسـتی دوای دیتنـەکانم، لـە دەفتـەری سـەرنجەکانی پیشـانگاکەدا ئەنووسی، تا دواتر منیش و هونەرمەندەکانیش، بە چاکمان زانی بـۆ تێکـەڵکردنی ئەو رازەی سەرەوەو لـە هـەمان کاتیشـدا بـۆ نرخـاندنی پیشـانگاکەن و بـۆ ئـەو سەرنجانەم، کە لە دەفتەری پیشـانگاکەدا نووسـیومن، وەکـو خـۆی، بـە کـەمێك دەسکاریەوە، بگوێزمەوە بۆ ئێرەش، کە ئەتوانین تێکڕای سەرنجەکان ناو بنێین:

چۆن سەیری پیشانگەیەکی هونەریی،

یان:

چۆن سەیری تابلۆیەکی هونەریی، ئەکەیت!؟

❊ ❊ ❊

رۆژی ٩٨٩/٤/١٥

ببوورن، ئەگەر لەبەر ئاوێنەی ترس و بیمی زامی سامناکی هەڵەبجەدا، بلـەرزم و قەڵەمەکەم نـەتوانێ رێـك ورەوان، حەرفـەکان دابڕێـژێ. چونکـە ئـەو ئاوێنەیـەی

هونەری مەزنی ئێوە، نیشانتاندام، موچرکەو باهۆزەو سڵ و راچەنین و چێژی ئەوەندە پیرۆزو هونەرمەندانەی لادروست کردم، کە بروا بکەن، شەرم ئەکەم و بتوانم بلێم سوپاستان بکەم!. بەلام و بەلام هەر زات ئەکەم و ئەلێم سوپاستان ئەکەم، چونکە هەر تەنیا پێشانگای هونەر - تان پیشانی من و بینەران نەداوە، بەلکو زامێکی هەمیشە خوێن لەبەر رۆیشتووی مەسەلەی قەلاچۆکردن و داپاچینی پارچەیەکی جەستەی کوردستانتان هێناوەتە قسەو دەنگ و رەنگ...کە من پێم سەیرە، هونەرمەندو شاعیرو نووسەری ئەم سەردەمەی ئێمە، بتوانێت وا بە پەلە، هەر لەم ساڵێشدا، بە پیر ئەو زام و ژانانەوە بچێ و ئەوەندە بە ئاسانی بە کێوی بەرزو سەخت و دژواری ئەم کارەساتە دەگمەن و کەم وێنەیەدا سەرکەوێ و بە چاوی هونەرمەندانە بتوانێ لە نزیکەوە زامەکە، وەکو خۆی و وەکو هەمیشە تازەو بەردەوام، ببینێ و لەهەمان کاتیشدا بتوانێ ئاوێنەی هەستی دوای دیتنەکەی، بۆ سەردەمەکەی خۆی بگێڕێتەوە.

بەراستی ئەم پشانگایەی ئێوە، رووداوە؛ کارەساتە.!

کارەساتێکی ئەوەندەش زیندووە، کە چاوی هەموو بینەرێکی راگوزاریش بە ئاسانی فیچقەی دڵۆپە خوێنەکان، بیوورن رووباری خوێنەکەمان، ئەبینێ و هەموو پێوانەکانی تابلۆکان، بەبێ جیاوازی، بێ ئەوەی پێوانەی تەنیا یەك ملم بەجێ بهێڵێ، رووداون.!

ئەبوایە دوای چەند دیدەنێکی ترم، هەستی خۆمتان بۆ بنووسمەوە، چونکە هێشتا نەهاتومەوەتە سەرخۆم، کە دیارە ئەم توانایەی هونەری ئێوە، بۆ هەژاندنی ئێمە، خۆی لە خۆیدا، مەبەست و پەیامی هونەرمەندو شاعیرە؛ کەدوای دیتن و خوێندنەوە، چی لای بینەرو گوێگر، جێئەهێڵن!؟. هێشتا هەر ئەلەرزم و ئاسایی نیم. چونکە هەست ئەکەم بەڕاستی و بەڕاستی، لەبەردەم کاری گەورەی هونەریدام. تەنیا سەرنجی ئەم یەکەم دیدەنیەم هەر ئەوەندەیە: خۆزگە لەدامێنی تابلۆکاندا هیچتان نەنووسیایە. بۆ ئەوەی هەر تابلۆکان قسە بکەن. چونکە هەست ئەکەم خۆیان قسە ئەکەن. ئەجوڵێن...و دەنگ و جولەیان لە رۆحما دەنگ ئەداتەوە. دوبارە سوپاس.

رۆژی ١٦/٤/٩٨٩

دوێنێ، لەدامێنی سەرنجە خێراو تێکڕاییەکەمدا نووسیم: خۆزگە ناونیشانتان لەسەر تابلۆکان نەنووسیایە! چونکە لە لایەکەوە هەندێ لە ناونیشانەکانتان مەبەست و ناوەرۆکی تابلۆکان ناپێکن و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر مەبەستیش بپێکێ، تەنیا یەك دیو، یەك روو، یەك لایەنی ناوەرۆکی تابلۆکان ئەپێکن. کە من هەر لە بنەڕەتەوە پێم وایە ناونیشان بۆ تابلۆ، بۆ شیعر، بۆ چیرۆك، بۆ زۆر کاری هونەریو کاری ئەدەبی، کارێکی سەخت و گرانە . چونکە کاری هونەریو ئەدەبی تازە، کارێکە، لە قاموسی وشە، لە قاموسی مانا، بەرینترو بەربلاوترە. ناوەرۆك و مەوداو مانایان زۆر لەوە زیاتر هەیە، کە بەشەرحکردن، یان بە ناونیشان بۆ دانان بتوانرێ کۆتایی بە پەیام و مەبەستیان بهێنرێ. لەهەمان کاتیشا ناونیشان دانان ئەبێتە هۆی درکاندنی ئەو نهێنیە جوان و مزگێنیە کوت وپڕانەی، خۆیان لەدوو تویی تێکڕای کارە هونەریو ئەدەبیەکەدا حەشارداوەو بینەرو خوێنەر، دوای پشکینین و گەڕانی زۆرو ورد، بەچاوی هۆش و خەیاڵ ئەتوانن ئەو جوانیانە بدۆزنەوەو هەستیان پێبکەن؛ چۆن!؟. بۆ وێنە: ئەگەر مانشێتی درشتی رۆژنامەیەك، لەبەشی سەرەوەی یەکەمین لاپەڕەیدا بنووسێ: (١٠ ملیۆن دۆلار، بۆ ئاوەدانکردنەوی کوردستان، تەرخانکرا). ئیتر خوێنەر، ئەوەندە خۆی بە ناوەرۆکی هەواڵەکەوە خەریك ناکات، کەلە جێگەیەکی تری رۆژنامەکەدا نووسرابێ‌و تێ‌ئەگات کە پوختەی هەواڵەکە، بریتیە لەناونیشان و دێڕی سەرووی هەواڵەکە. بەلاّم ئەگەر هەر جۆری ئەم هەواڵە، بۆ زۆربەی ناونیشانی کاری هونەریو ئەدەبی، دابنرێت، ئەوا ئیتر خوێنەرو بینەر، ئارەزووی پشکنینی ناوەرۆکی کارەکە ناکەن و بە خوێندنەوەی ناونیشانەکان، کەمێك ئۆخژنیان دێت. کەواتە دانان و هەڵبژاردنی ناونیشان، بۆ کاری هونەریو ئەدەبی، کارێکی گران و ئەستەمەو ئەبێ زۆر ژیرانە، بیری لێبکرێتەوە. ئەمە باسێکەو جێگەی رازو خوازە. تەنانەت هەندێ شاعیرو هونەرمەندی گەورەی دنیا، رایان وایە، کارەکانیان، بەبێ ناونیشان بێت، چاکترو بەچێژترە. راستیش ئەکەن،چونکە کاری هونەرییو ئەدەبیی رەسەن، حیسابی زیندەوەرێکی زیندووی بۆ ئەکرێ، کە ئەم زیندەوەرەش وەك تێکرای مرۆڤ، بە تەنیا سەیرکردنێك، هەموو نهێنیەکانی ژیانی نازانرێت. بەڵکو پێویست ئەکات لەنگەرێکی وردو درێژخایەن، لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی بگیرێت. هەر بەو

جۆرەش کاری گەورەی هونەریو ئەدەبی، بە یەکەمین بینین و دووەم و سێیەم..هتد. مانای خۆیان بەدەستەوە نادەن و هەروا زوو تێیان ناگەیت. خۆ ئەگەر وا زوو تێیان بگەیت، مانای وایە بەرهەمێکی زیندوو نین و ئەلبومی بیرەوەریو نهێنی ژیانیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵنەگرتووە. لەهەمان کاتیشدا ئەم کارە، تەمەڵییو بێدەربەستی لای بینەرو خوێنەر دروست ئەکات، سەبارەت بە ئەرکی سەر شانیان بەرامبەر تێگەیشتن لەکاری هونەرییو ئەدەبیی..و رەنگە هەتا رادەیەکیش هەندێ خوێنەرو بینەر، حەز بکەن بەو تۆزە تێگەیشتنە. ئیتر کارە هونەریو ئەدەبیەکە، دەست لە یەخەیان بکاتەوەو ئەوەندە بیرکردنەوەیان داگیر نەکەن. بەڵام کوا؟ کەی؟ بەرهەمی هونەرییو ئەدەبی مەزن، هەر تەنیا یەك مەبەست و یەك مانایان هەیە! تا یەك ناونیشانیشیان هەبێ؟ بە پێچەوانەوە، کاریگەورە ئەوەیە، هەتا لێی ورد بیتەوە، هەر مانای زیاتر، خەیاڵی دوورتر، مەودای بەرینتر بە بینەرو خوێنەر بدەن.

لەزمانی پیکاسۆی هونەرمەندەوە ئەوترێ، گوایە لە پیشانگەیەکیا ئافرەتێك، تابلۆیەکی لە پیکاسۆ کڕیوە، دوای ماوەیەك ئافرەتەکە بە گەشکەو شادییەوە ئەچێتەوە لای پیکاسۆو پێی ئەڵێ: ئێجگار بەختەوەرم، چونکە پاش لێوردبونەوەیەکی زۆر، توانیومە لە رەمزو هێماو ناوەرۆکی تابلۆکە بگەم. پیکاسۆ - ش تکای لێئەکات، کەرازی بێت،نرخی کڕینی تابلۆکەی لێ وەربگرێتەوەو تابلۆکەی بێنێتەوە. ئافرەتەکە سەری سوڕ ئەمێنێ. ئەڵێ: بۆ؟!. پیکاسۆ پێی ئەڵێ: چونکە ئیتر تابلۆکەم جێی سەرنج و وردبونەوەی تیا نامێنێو هەرچۆنێ سەیری بکەیت، هەر ئەو سنوورو مەودایە، بۆ ئاسۆی بیرکردنەوەت، دائەنێیت، کە ئێستا بۆت داناوە.

لەبەر ئەوەش کە تابلۆکانی ئێوە، شایانی ئەوەن بە هێمنیی سەرنجیان لێ بدریو دوور لە هات و هاوارو بەرزکردنەوەی دروشمەوە لەسەرخۆ، بەزمانی هونەر، بۆ بینەر ئەدوێن، بۆیە ئەو ناونیشانانەیانم بەزیاد زانیو جوانتر وایە هونەریش هەروا حەز ئەکا، کەبینەر، لەرێگەی رەمزو، ئاکامی سەرنج و ئیحای دەرخستنی هێمای هێمنی هونەرمەندانەوە، هەر سەیریان بکات و سەیریان بکات.

ئەم باری سەرنجەم ئەمباتەوە بۆ ئەو یادگارو بیرەوەریە ساکارو سادەیەی سەرەتای کاڵ وکرچی تێگەیشتنم بۆ هونەرو بۆئەدەب، ئەیدامێ. بیرمە، بۆ یەکەمین جار کە بەدوای ماناو ناوەرۆکی ئەم بەیتە شیعرەی شیرین بەهارەی

ئیبراهیم ئەحمەد - دا ئەگەڕام، هەمیشە ئەم ووت: ئاخۆ مەبەستی شـاعیر چی بێت، کە ئەڵێ:

بە گریانی وشك، بە ناڵەی بێدەنگ
دێنمە لــــەرزین، تەختی کردگار!

ئاخۆ مەبەستی لە گریانی وشك و ناڵەی بێدەنگ چی بێت!؟. کوا گریانی وشــك و ناڵەی بێدەنگ هەن!؟. کەچی کە ڕۆژان تێپەڕین و کاری هونەرمەندێکی گـەورەی وەك چارلی چاپلن — م بینیو لە فیلمەکانیا تێی گەیاندم، کە هەندێ ڕەمزو هێمای بێ‌دەنگ، زۆرجار ناوەرۆك و مانای بەرزیان تیایە؛ ئەوسا تێ‌گەیشـتم کـە گریـانی وشك و ناڵەی بێدەنگ یش هەن و کاری گەورەی خۆشیان ئەنجام ئەدەن. بۆیـە ئـەو وێنە بێدەنگ و بێ‌شوێنەواری خوێن-ەی لەم تابلۆیانەشـدا هـەن، خۆیـان دەنـگ و خوێن و ستەم و تاوانن و پێویست بەوە ناکات ناونیشانی سەر تابلۆکـان شـەرحیان بکات.

ڕۆژی ۱۷/٤/۹۸۹

ئەمڕوش دوای زیاتر دیتنی تابلۆکان بەگشتی، هەست ئەکەم تێکـڕای تابلۆکـان بە هەموویان پێکەوە مانایەکی گشـتی ئـەدەن. لەهـەمان کاتیشـدا هەریەکـەیان بـەجیا، دنیایـەکی سـەربەخۆو تایبـەتیان هەیـە. کەبـەلای منـەوە، ئەمــە سەرکەوتنێکە، کەم جار هونەرمەندو شاعیر ئەتوانن بە ئەنجامی بگەیەنن. چـۆن؟!. لەوەلاَمدا ئەڵێم: زۆرجار ئەچیتـە بـەردەم کۆمـەڵێك تـابلۆی هونەرمـەندێك، یـان کۆمەڵێ شیعری شاعیرێك ئەخوێنێتەوە، هەست ئەکەیت هەموویان لەیەك ئـەچن!. هەرچەندیش بە هەموویان پەیام و مانایەکی گشـتیش بـە دەسـتەوە بـدەن، بـەلاَم سـەرومڕ، بـە هـەموویان لەیـەك ئـەچن. ئەمـە ئـەوەم بـیر ئەخاتـەوە وەك ئــەو کارەکتەرەی لە ئەنجامی خۆنواندنێکیا، لە شانۆیەکدا، ئەوەندە ئەچێتە ناو گیـان و دەروون و ئاکاری ئەو پاڵەوانەی، لەجیاتی ئەو، خۆی ئەنوێنێ، یـان بـە زمـانێکی تر، ئەوەندە تقمص-ی پاڵەوانێك — ئەو پاڵەوانەی ئەم، دەوری بینیـوە — ئـەکات، کـەدوای تـەواوبوونی شـانۆکەو دوای تێپـەڕبوونی ماوەیـەکی زۆریـش بەسـەر نواندنەکەیدا، کەچی هەست ئەکەیت ئەو کارەکتەرە، لە هەڵس و کەوت و ڕەفتـارو کرداری ڕۆژانەیدا، هەر ڕەفتاری پاڵەوانەکەی پێشووی دووبارە ئەکاتەوە، بـەجۆرێك

هەندێ جار وا ڕوودەدات: ئەبێ بەو پاڵەوانە، بەو کۆمەڵە سیفاتەی ئەو پاڵەوانەی پێشوو. ئەم لایەنە، لەزۆر بەشی تری هونەریشدا هەروایە، وەك لای هەندێ گۆرانیبێژیش وایە. بۆ نمونە: گۆرانیبێژێکی گەورەی وەك عەلی مەردان، لە پاڵ ئەو هەموو توانا هونەریو دەنگە خۆشەیدا، کەچی کە کۆمەڵێ لە گۆرانیەکانی پێکەوە گوێ لێ بگریت — بەداخەوە — هەست ئەکەیت هەمووی، هەریەك عەلی مەردانە!. بە پێچەوانەوە لای گۆرانیبێژێکی تری وەك سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، ئەمە هەست ناکرێ، بەڵکو لە هەر یەکێك لە گۆرانیەکانیا، سەیید عەلی ئەسغەرێکی سەربەخۆیە. لە گۆرانیەکەوە، بۆ گۆرانیەکیتر، کەبە هەمووی سەیید عەلی ئەسغەر پێکدێنن، واتە — ئۆکتافەکانی دەنگی - ، لە گۆرانیەکەوە بۆ گۆرانیەکیتر، زۆرجار جیاوازە. شاعیری بە دەسەڵات وسەرکەوتووش لەو کاتەدا توانای خۆی دەرئەخات کە تا چ ڕادەیەك ئەتوانێ لەنێوان شیعرێکیەوە، بۆ شیعرێکی تری، لەخۆی تێپەڕ بکات. واتە بتوانێ سەربەخۆییو تایبەتمەندی شیعرێکی و شیعرێکی تری بپارێزێ. بە پێچەوانەشەوە، دەستەپاچەیی شاعیرەکە، لەوەدا دەرئەکەوێ، کە ئەگەرچی شاعیریش بێو شیعری جوانیش بلێ، بەلام کەدوای خوێندنەوەی تێکڕای دیوانە شیعرێکی، هەست بکەیت، تەنیا شیعرێکت خوێندۆتەوە؛ بەلام شیعرێکی درێژ، ئەوسا ئەزانێت کە شاعیرەکە، ئاووهەوای نیشتمانی شیعرێکی، سنعەتسازی شیعرێکی، تاقیکردنەوەی شیعرێکی، بۆ شیعری دواتری ئەبات و لە سنوورێکدا گیرو بێدەسەڵات ماوەو ناتوانێ ئاڵوگۆڕ، بەسەر خۆیدا بهێنێ.

- تابلۆکانی ئێوەش، ئەو تایبەتمەندییە هونەرییەم لادروست ئەکەن، کە ئەگەرچی هەر کۆمەڵە تابلۆیەکی، هی هونەرمەندێکە، بەلام لەناو ئەو کۆمەلانەشدا، تابلۆکان بەجیا جیا، سەربەخۆیی خۆیان هەیەو دواییش بە هەموویان یەك پەیامیان هەیە.

ڕۆژی ١٨/٤/٩٨٩

پەیامی هونەرو ئەدەب، لە بە پیرەوەچوونی کارەسات و بۆنەدا، کارێکی ستەم و گران و ناسکە. کەم جار وابووە، ئەو جۆرە بەرهەمانەی پێیان ئەوترێ: موناسەبات، زیندووبن، نەمرن. بەڵکو تەمەنیان وەك تەمەنی گوڵاڵەسوورەی

بەهارو ڕێواس و قارچك، كە خایەنە. هەر لەبەر ئەمەشە، زۆربەی بەرهەمی ئەدەبیی‌و هونەریی موناسەبات، لەو كارانە كەمتر ئەژین، كەژان و گینگڵ و خەمێكی ڕاستەقینەو ڕەسەن و ئەتوانم بڵێم وەك خەم و خەون و شتی تایبەتی ئەیبەخشی‌و ئەیدات. هەرچەندە ئەم قسەیەم بۆ سەروموڕی هەموو بەرهەمێكی سەر بە موناسەبات نیە، چونكە زۆر جاریش بووە بەرهەمێكی موناسەبات ئامێز، زۆر سەركەوتوو بووە. بۆ نمونە: كەسێكی وەك مەولەوی تاوەگۆزی، كە سەرتاپای بەرهەمی شیعری بۆ موناسەباتە، كەچی تاقە كەسێكە، ئەتوانم بڵێم وێنەی كەمە، كە بۆ هەموو ڕوداوێك، تەنانەت بۆ بچوكترین ڕوداویش، شیعری نەمرو فرمێسكی شیعریی گەورەی ڕشتووە. ئەم دیاردەیەی مەولەوی، دیاردەیەكی ئێجگار دەگمەن و تایبەتەو پێچەوانەی نمونەی ئەو بەرهەمانەن كە لە موناسەباتداو، كەسانی‌تر، بۆیان جێهێشتووین. ڕەنگە هەندێ بەرهەمی موناسەبات، لەكاتی گەرمیی‌و ڕۆژانی دەوروبەری موناسەبەكەدا، لایەكیان لێكرابێتەوەو وەك هونەرو ئەدەب، تەماشایان كرابێ؛ كەچی‌كەرووداوەكە تێپەڕی كردووە. یان كەزامەكە، ساڕێژ بووە، ئیتر بەرهەمەكەش لەگەڵیا سارد بۆتەوە.

ئەو سەرنجەی سەرەوەم، لایەنێكی تێكڕای سەرنجە گشتیەكەمە، دەربارەی بەرهەمی موناسەبات، بەلاّم دیسان هەر موناسەبات، وا بە ئاسانی، ڕوونتر بڵێم: وەك كورد ئەڵێ: قازانی مێردان، بەحەوت ساڵ دێتە جۆش. ئەبوایەو چاوەڕێ ئەكرا، كارەساتی سامناكی وەك هەڵەبجە!، درەنگتر بجۆشی‌و بپیشی‌و دەم بكێشی‌و درەنگتر خۆی بەدەستەوە بدات. بەلاّم لەم بەرهەمانەدا، ئێجگار زوو، هاتۆتە دەنگ و ڕەنگ و خۆی داوە بەدەست فریشتەی سیحری پەنجەی هونەری ئێوەوەو بەم تابلۆیانە، هێناوتانەتەوە ژیان و جووڵەو خولقاندنێكی نوێ.

دووبارە ، بۆ چەند جارێك دیدەنیم، وشەكانم ئەمنوسنەوە.

ڕۆژی ١٩/٤/٩٨٩

ئەمڕۆش وەك ڕۆژانی تر، پیشانگاكەتان بانگی كردمەوە، بۆ دیتنەوەی..ئەوەی لە سەرنجی دوای دیتنەوەی ئەمجارەمدا، پێویستە بیلێم ئەوەیە، كە زۆربەی تابلۆكان — جگە لە تابلۆكانی منالاّنی هەڵەبجە _ ، شێوە هونەرێكن، ئەتوانم بڵێم: لە — كۆلاژ، پۆستەر -، یان پۆستەر كۆلاژ — تێكەڵن. تێكەڵكردنی ئەم دوو شێوە

ڕاوەگرێك

هونەرەش، کارێکی کەمێ گرانە. چونکـە: کـاری کـۆلاژ، مەبەسـت لەوەیـە، لـە کەرەسەی خاوی بابەتێك، رووداوێك، کارێکی تری هونەریی ئـەنجا م بـدرێ. بـەلاّم کاری پۆستەر، پوختەی مەبەستێکی تایبەتە، بچووك و ئاسان و سادە ئەکرێتـەوە، بۆ ئەوەی چاوی بینەری راگوزاریو تیژڕەو، بەخێرایی ببیننـێو هـەر بـە خـێراییش مەبەستەکە بپێکێ. لەبەر ئەوە بیرکردنەوە لە سادەیی ئەم لایەنەو تێکەڵکردنی بـە شێوەی کۆلاژ، کارێکی گرانتر لە ئەستۆی داهێنەرەکەی بار ئـەکات. بـەلاّم کـەم و زۆر دەستی هونەرمەندانەی هەرسێ هونەرمەندەکە، توانیویێتی ئـەو ئاوێتەکردنـە، لـە بـەرژەوەندی سەرخسـتنی لایـەنی هونـەری بسـازێنێو هـاو ئاهەنگییـەك لـە تێکەڵکردنی شێوەی کۆلاژو رێبازی پۆستەردا دروست بکات. کە بەڕای من، هـۆی بنەڕەتیی بۆ ئەم سەرکەوتنە، ئەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئەو مۆنتاژە وردو خاوێنەی کە بۆ تابلۆکان بۆتە کۆلەگەی تـاکنیك و هەندەسـەی میعمـاری تابلۆکـان. جوانـترین نمونەی ئەم ئاوێتەکردنـەی نێـوان کـۆلاژو پۆسـتەر، تابلۆیـەکی هونەرمـەند کاکـە رێبوارە، کەلەناو کەرەسە خاوەکانی کارەساتی هەڵەبجەدا، وێنەیەکی لـەو سـەدان و هەزاران وێنانە هەڵبژاردووە، کە دیمەنی دایك و کۆرپەیەکی شـەهید، لـەپاڵ یـەکدا کەوتون و ئەم، بە سەلیقەیەکی هونەرمەندانە وێنەی دایکەکەی دەست بۆ بـردووە، کە بە مقەسـت لـە وێنـەی کۆرپەکـەی جیاکردۆتـەوەو لەشـێوەی پـاڵ کەوتنـەوە، گۆڕیوییێتی بۆ راوەستان بە پێوەو کـە مۆنتـاژی کـردووە، وا کەوتۆتـەوە، کەلـەناو شەهیدەکانی دەوروپشتیا، وەك ئەوە وابێ لـەدوای شـەهیدکردنەکە، هەڵسـابێتەوە سەرپێو بەژیرانەش ئەوەی زانیوە، کە ئەگەر شێوەی پاڵ کەوتنەکەی بکرێتەوە، بـۆ بە پێوە راوەستان، دەستێکی بۆ ئاسمان بـەرز ئەبێتـەوە. وەك ئـەوەی بیـەوێ بـەو دەستە، خۆر دابگرێ، یان بیەوێ تۆڵە بسێنێتەوە. هەڵسانەوەو هەڵساندنەوەی ئـەم شـەهیدە، وەك پەیکـەرێکی مـەزن، هەڵسـانەوەی دوای ئـەو حاڵەتەیـە، کـە داگیرکارەکە، وای زانیوە گوایە ئیتر لە هەڵسانەوەی ئەخات! بۆیە قۆستنەوەی ئـەم حاڵەتە، ئـەوەم پێ‌ئـەڵێ کـە: موناسـەبەی شـەهیدکردنی هەڵەبجـە، هەڵسـانەوەو ژیانەوەی هەڵەبجە — دروست ئەکاتەوە.

ئەوەی لەدیدەنی ئەمڕۆمدا لەم رووەوە ئەیلێم ئەو لایەنەیـە کـە بـۆ یەکـەمجاری منە، هەست بکەم رووداوێك خۆی بـدوێ، خـۆی لـە ئێسـك و پروسـك و خوێـن و دوکەڵ و دەست وقاچی پەڕیوو و روخساری شـێواوی خـودی شـەهیدەکان، بـبن بـە

کەرەسەیەکی تری هونەری‌و دووبارە ئەو کەرەسانە، لە دڕندەیەتی‌و دزێویی‌و ستەمی ئەم سەردەمە، ڕاپەڕنەوەو بە ڕاپەڕینەکەشیان، بەهرەو هونەری جوان بخولقێنن. واتە دیتنی شتی جوان، لە شتی ناشیریندا. مەبەستیشم لە شتی ناشیرین، دڕندایەتی‌و ستەمی ئەو ڕژێمەیە، کە ئەو جوانیانەمانی وا ناشیرین کردووە. بەڵام دەستی هونەر، دووبارە جوانیەکانمان بگێڕێتەوە بۆ دۆخی جوانترو هونەری‌تر.

ڕۆژی ٢٠/٤/٩٨٩

ئەمڕۆش سەردانی پیشانگاکەتانم کردووە. ئەمجارە لای بەشی منالأنی هەڵەبجە، لەنگەرم گرت. کە بەرهەمی دەست و پەنجەی هێشتا خاو و بچووکی لە مردن و خنکانی ناو گازی ژەهراوی دەربازبووی ئەو منالأنەن، کە میراتگری ڕاستگۆو شایەتی مێژوویی کارەساتی بەژەهر ڕەشەکوژی شاری گوڵ و شیعری هەڵەبجەن...هەڵەبجەی ئامێزی مەولەوی‌و تایەربەگی جاف و ئەحمەد موختارو گۆران و کەمالی‌و...

ئەم تابلۆیانە، زمانێکی تری ئەو منالأنەن، کە خۆیان ناتوانن وەك مرۆڤی گەورە، بەزمان و بەدەم، لە لایەنەکانی کارەساتەکە بدوێن. بەڵام پەنجە نەمەییوەکانیان، تەرجومانی ڕەنگدانەوەی ئەم کۆستەیە، کەپێش هەموو کەسێك، ڕاستەوخۆ بەسەر خۆیاندا هات. چونکە ئەم منالأنە، ئەو منالأنەن، کە باوك و دایك و براو خوشك و خزم و کەسیان، بوونە قوربانی گازی ژەهراوی‌و بەچاوی خۆیان، بۆ هەتا هەتایە، دیمەنی ئەو قەلاچۆکردنانە، لە بیرەوەریاندا ئەژی؛ کە هاوارو بانگی قوربانیەکان، لاشەی بە کۆمەڵ کەوتووی کەس و کاریان، زرمەو ناڵەو تەقینەوەی بۆمباکان، هاڕەی فڕۆکەکان، زریکەی دایك و کچ و منالأنی هاوڕێیان و ...هەزاران و ..هەزاران دیمەنی تری سامناك، لە تابلۆی بچووك و پاك و ساکاری ئەم مندالأنەدا ڕەنگ ئەداتەوە. ئەشێ لەبەر هەر یەکێ لەم تابلۆی منالأنەدا لەنگەرو هەڵوێستەیەکی درێژخایەن بگیرێ، بۆ ئەوەی ئاوڕێکی درێژ، سەرنجێکی ورد، لە کارەکانیان بدرێ. بەڵام تابلۆکان زۆرن، بۆیە تەنیا لای چەند تابلۆیەك ئەوەستم.

تابلۆیەك ڕایوەستاندم، کەوەك تابلۆکانی هاوڕێیانی‌تری، ڕەنگاورەنگ بوو، تابلۆیەك بوو، بریتی‌بوو لە دیمەنی بۆمبارانی هەڵەبجە. چەند فڕۆکەیەك هێشتا

ڕاوەگرێك

بەسەر ئاسمانە شیعراوییەکەی هەڵەبجەوەن و بەژەهر باراندن، خەریکی قەلاچۆکردنی زیندەوەرانی ناو شارەکەن. بەڵام هەستی ئەم منالە، وای بۆ چووە، کە مادام گازی ژەهراوی ئەنیشێتە سەر زەوی و ئەوسا کاری خۆی ئەکا، بۆیە ئەم منالە بیرتیژە، بیری لەوە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی زیندەوەرانی ژێر گازە ژەهراویەکە، لەمردن رزگاریان ببێ ، هاتووە ئەو گیانلەبەرانەی ئەتوانن بفڕن و بچنە سەروو دەسەڵاتی گازەکەوە، باڵی پێگرتوون و فڕیون بۆ ئاسمانی ژوور دەسەڵاتی گازەکە. لەو باڵدارانە: چەند پەپوولەیەك و کۆترێك، خەریکن بگەنە نزیك پەڵەهەورێك، کە دیارە ئیتر لەمردن رزگاریان ئەبێ. یان بە واتەیەکی‌تر، دوای ئەو قەلاچۆکردن و کوشتارگەیە، ژیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵ ئەگرن و ئەو خەونە گلاوەی (صدام) پۆچەڵ ئەکەنەوە، کە ئەیویست دوا زیندەوەر لە هەڵەبجەدا نەهێڵێ. بەڵام ئەو باڵندانە لەو خەونەی صدام گەورەترن و دوای کارەساتی هەڵەبجە -ش، هەڵەبجە هەر ئەژیو لەسەروو دەسەڵاتی صدام — ەوەیە.

ئەم تابلۆیە، کەشتیەکەی -نوح-م بیر ئەخاتەوە، کە لە تۆفانەکەدا، تەنیا ئەو زیندەوەرانە لە مردن رزگاریان بوو، کە سواری کەشتیەکە بوون. لەبەر ئەوە لێرەدا رەمزی پەڵە هەورەکەش رەمزی پاکیتی و فریشتەیی و نمونەی دڵپاکین، کە هەموویان وەك دڵی منال، دڵیان سپی و بێگەردە.

تابلۆیەکی تریش، بریتیە لە تابلۆی منالێکی‌تری هونەرمەند خاوەنی تابلۆکە- وەك بیستم- سێ خوشکی لە کارەساتی هەلەبجەدا شەهید بوون و ئەمیش لەم تابلۆیەدا، کە بۆی کردوون، وەك لە بیرەوەری و یادگاری رۆژانەی خۆیدا مابێتەوە، ئەوەیە کە دێتەوە یادی. رۆژێك لە رۆژانی بەهارێك، سێ خوشکی هەبوو، خوشکەکانی هەرسێکیان پێکەوە، دەستیان بە یەکەوە گرتبوو، لە ناو سەوزەگیایەکدا، یارییان ئەکرد، خۆرێکی گەش لە نێوان ریزە شاخەکانی پشتیانەوە پرشنگی ئەپڕژا و درەخت و سروشتیش بۆیان پێ‌ئەکەنی. بەراستی هێلەکانی تابلۆکەی، ئەوەندە ئازایانە و چاوقایمانە کێشاوە، کە مەگەر دەستێکی هونەرمەندانەی خاوەن تاقیکردنەوە بتوانێ ئەوەندە بێ‌پەروا رەها بیانکێشێ.

رۆژی ٢١/٤/٩٨٩
بەو چەند سەرنجە خێرایەی رۆژانی پێشوومدا، بە وشە، هەموو پیشانگاکەم

رازەگرێك

بینی. ئەوەی منالاّن و ئەوەی کاکە عوسمـان و کاکـە ڕێبـوارو کاکـە ئـاکۆ – ش. بەلاّم وەك چوونە ناو شارێکی گەورەو ڕەنگین و پێشکەوتوو؛ سـەرەتا هـەر سیمای تێکڕای شارەکە، شتێکی تایبەتیت لا دروسـت ئـەکا، پاشـان وردە وردە، بـەزیاتر پشکنین و گەڕانی شارەکە، ناوی گەڕەکەکانیو ناوی ناودارەکانیو شەقام و ڕووداوە مێژینەکانیو..هتد. فێر ئەبیت. ئەم دیدەنیـە تێکڕاییـەی منیـش هـەروابوو. وەك یەکەم دیدەنی ئەوشارەی کە لادێیەکی دوورە شـار، تێـی ئـەچێت، هـەروا بـە واق وڕماویو حەپەسان و سەرسوڕمانەوە لە شتەکانم ئەڕوانیو پێشەکی ئـەو تابلۆیانـە سەرنجمیان بۆ لای خۆیانـا ڕاکێشـا، کـە ڕادەو ئاسـتی هونـەرییان لـەچاو دەسـتە خوشکەکانی تریاندا، لەبەرچاوترو دیارتر بوون. لەبەر ئەوە سەرنجم هێشتا پـەرت و هێشتا بزرکاوی ترس و بیمی یەکەم دیدەنیمی پێوەیەو هێشتا زەبـری دەسـەلاّت و ڕاچلەکینی هونەرییانەی ئێوەی پێوەیـە. چـەند نـەمرو کاریگـەرە، ئـەو هونـەرەی ئەتوانێ مێروولەی ژێر پێستی لەشی بینەر، دروست بکات و بینەر واهەسـت بکـا: لەکاتی دیدەنی تابلۆکاندا، لەزەوی دابـڕاوەو سـاتەکانی دیدەنیەکـەی لـە واقیعـی ئاساییو ڕۆژانەی، بالاّترن.! سوپاستان ئەکەم، کە دەستی سیحری حەلال و هونەری سپی ئێوە، پەلی ڕۆحمیان گرت و بۆ چەند دیدەنییەکی کـورت و بـەتام، لـەم دنیـا ساردو تاریکەی ئێستامی بلند کردمەوەو بردمـی بۆنـاو بـاخی ئاوێنـەو سـەرتاپا گەش و ڕوناکی هونەرەوە.

* نووسەری کوردستان – ژمارە ١٥ – ناوەراستی بەهاری ١٩٨٩ز

شیعرەکانی
ژمارەی پێشووم خوێندەوە
گۆڤاری نووسەری کوردستان - ژمارە ٢ - ١٩٨١

=١=
سوارە ئێلخانیزادە

سەرەتایەکی پێویست:::

تا ئێستاش لای ئێمە، کەباسی ئەدەب و ئەدەبی کوردی ئەکرێ، بەداخەوە خەڵکی یەکسەر شیعریان بیر ئەکەوێتەوە. بۆیە هەر گۆڤارو رۆژنامەیەك لەدایك ئەبیٚ‌و بانگەواز بۆ ئەدیبان بلاّوئەکاتەوە، تابەرهەمی خۆیانی بۆ بنێرن، پێش هەموو بابەتێکی‌ترو بە پەلە، دەیان شیعری ئەگاتیٚ!. بەڵگەی ئەم دیاردەیە، گۆشەی پۆستەی خوێنەران-ی زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەی کوردییە، کەهەر ژمارەیەکیان وەلاّمی دەیان لەو جۆرە شیعرو کۆلکە شیعرانە ئەداتەوە.

دیارە ئەم دیاردەیە هۆی زۆرە؛ کەهۆی سەرەکی ئەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی شیعر خۆی لەناو ئێمەدا، لەچاو بابەتەکانی تری ئەدەبدا. هۆی لابەلاشی رەنگە زۆریی ژمارەی شاعیر بێت. چونکە ئەگەر ئەم دیاردەیە لە سەدەکانی پێش ئێستادا وابووبێت، ئەوا ئێستاش سەرەڕای ئەوەی لایەنەکانی‌تری ئەدەب، خەریکی گەشەکردنن، کەچی هەر ژمارەی شاعیر لەچاو ژمارەی رەخنەگرو توێژەرەوەو چیرۆك و رۆمان نووس و شانۆنامە زۆرترن و..لەکاتێکا ئێمە پێویستمان بە گەشەسەندنی لایەنەکانی تری ئەدەب هەیە، تا شانبەشانی شیعر، مەیدانە هەمەجۆرەکانی ئەدەب پڕ

راوەگرێك

بکەنەوە. چونکە هەتا ئیمڕۆش دەیان شاعیری وەك مەلای جزیریو ئەحمەدی خانیو نالیو سالم و مەولەویو مەحویو پیرەمێردو گۆران و... پشتگوێ خراون و ئەگەریش هەندێکیان شتێکیان لەسەر نووسرابێ، هێشتا بە بەریانەوە هەیە دەیان لێکۆڵینەوەو نامەی دکتۆرایان لەسەر وەربگیرێ. دیارە ئەمە باسێکی چڕەو گەڕان و پشکنین بەدوای ڕەگ و هۆیەکانی ئەم دیاردەیەدا، گەلێ پەلوپۆی لێئەبێتەوە. ئەوەی من پێشنیاری ئەکەم بۆ چارەسەرێکی کاتیی، هان نەدانی بلاوکردنەوەی شیعرە، لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا، بەو شێوە زۆرەی کە بابەتەکانی تری ئەدەب بکات بە ژێرەوە.

هەر لە سەرەتای کارکردنماندا لە گۆڤاری خۆشەویستی نووسەری کوردستان دا، لەگەڵ برایانی دەستەی نووسەرانی لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، بڕیارماندا شیعر لە گۆڤارەکەماندا کەم بکەینەوەو بواری شیعر تەسك بکەینەوە. تا بابەتێکی بەکەڵك لەبەر دەستماندابێ، شیعر پشتگوێ بخەین. بەتایبەتی بایەخ بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو چیرۆك و ڕەخنەی دڵسۆزانەی ئەدەبیی بدەین. چونکە لەناو بەشەکانی تری ئەدەبدا لە ڕەخنەدا، ئێجگار هەژارو ساواین و ئەوەی لەم بوارەدا هەمانە بریتیە لە دوو جۆرە ڕەخنەو لێکۆڵینەوە؛ کە یەکەمیان ڕەخنەی دروستکارو زانستیەو زۆریش کەمە، دووەمیشیان ڕەخنەی روخێنەرو نازانستیانەیە، کە زۆر زۆرە. لەبەر ئەوەی بۆ هاندانی یەکەمیان و، بنبڕکردنی جۆری دووەمیان، بەچاکی ئەزانین گوێ بدرێ بە ڕەخنەی زانستییانەی دوور لە خواست و ئارەزووی کەسایەتیو بریندارکردنی کەسایەتی نووسەران. چونکە ئەوەی شوێن پێی ئەمجۆرە نوسینانەی هەڵگرتبێ، کەبەناوی ڕەخنەوە نووسراون، ئەزانێ ئەمجۆرەیان چەند لێڵ و تاریك و بە شێوەیەك ڕەنگی تاریکیی پێوە دیارە، کە ئەگەر کەسێکی بیانە، چاوی بەو جۆرە نوسینانە بکەوێ، یەکسەر وا هەست ئەکات ئەدەبی کوردی، هیچ نیەو کورد، ئەدیب و شاعیری نیەو ئەگریش ببێ، هەموویان کۆنەپەرست و بێتواناو..هتد. لەکاتێکا ئەمجۆرە نوسینانە، خۆیان پەڵەیەکی تاریکن و بەزۆرەملە بە ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی تازەی کوردییەوە

لكێنراون و پێویستە روناكبیران بە چاوێكی هۆشیارانەوە بڕواننە ئەم پەڵە تاریكەو لەناو ئەم تاریكاییەدا، رووە روونـاك و گەشەكەی شیعرو ئەدەبی كوردی بەدی بكەن. چونكە ئەگەر ئەدەبێكی هەژاریشمان هەبێ، سەرەرای ئەو هەژارییەشی سیمای مرۆڤانەو بەرگریكردنی لە گەل و بەرەی زەحمەتكێشانی گەل، ون نەكردووەو تێكرای بۆ بەدیهێنانی بەختەوەرییو پاشەرۆژی روناكی گەلی كوردو گەلانی دنیایە.

* * *

لەژمارە - ١ - ی گۆڤاری خۆشەویستی نووسەری كوردستان دا دوو شیعری بلاوكراوەتەوە:

١ ـ خەوە بەردینە: سوارە

٢ ـ سووتان لەبەر باراندا: رەفیق سابیر

١ـ خەوە بەردینە: شیعرێكی درێژی سوارەیە.

سوارە ساڵی ١٩٣٧ لەگوندی قەرەگوێزی ناوچەی بۆكان، لەدایكبووەو ساڵی ١٩٧٥، لەتەمەنی ٣٨ ساڵیدا بە نەخۆشی كۆچی دوایی كردووە.

ئەگەرچی روناكبیرانی كوردستان بەگشتی، هێشتا تەواوی ئەو چەند شیعرە كەمەی ئەم شاعیرەیان نەدیوە، بەلام لە روانگەی ئەو مشتەوە، كە نمونەی خەروارێكە، سوارە سەرەتای سەرهەڵدانی رێبازێكی تازەبوو لە شیعری كوردیدا.

ئەو شیعرەی لە كوردستانی ئێراندا باوبووەو ئێستاش لەدنیای شیعری هێمن و هەژارەوە ئەبینرێ، لەسەر دەستی سوارەدا، لە ساڵانی پەنجاكانەوە بەدواوە، سەروبن هەموو بناغەكانی هەڵوەشایەوەو لە هەموو رووەكانی تەكنیك و كێش و سەرواو سەودای وشەوە، شەقڵی تازەی بەسەردا هێنا.

ئەم شاعیرە بۆ یەكەمجار لە كوردستانی ئێراندا رچەی لاسایی و چاولێكەریی شكاند و ئالای دەست پێكردنی تازە بوونەوەی شیعری هەڵكرد. تازە كردنەوەی شیعری كورد لە كوردستانی ئێراندا، ئەگەرچی لەچاو تازەكردنەوەی شیعری كوردی لە كوردستانی عێراقدا بەدواترە، بەلام بۆ كوردستانی ئێران، كە شیعری فارسی زۆر دەمێك بوو، شاعیرانی

فارس، شۆرشی شیعرییان تیا کردبوو، ئەبوایە شیعری کوردیش لەو پارچەیەدا، شتێك بکات. سوارەش بەو هۆیەوە کە لە کۆلێژی حقوق -ی تاران ئەیخوێندو، روناکبیرێکی هۆشیار بووە، بۆیە ئاگاداری شۆرشە ئەدەبیەکانی گەلانی دوورو نزیك بووەو زۆر زیرەکانە لە شیعر گەیشتووە.

ئەو سالآنەی سوارە، ئەم ئەرکەی تێدا گرتە ئەستۆ، دڕندەیەتی رژێمی دیکتاتۆری شای ئێران، لە لوتکەدا بوو. بۆیە شیعرەکانی سوارە، دوو نیشان ئەپێکێ: یەکەمیان شکاندنی رچەی شیعری پێش خۆیو دووەمیان لەئامێزگرتنی ئەو هەموو مەبەستانەی لە چوارچێوەی رەمزو هێماو ئیشاراتی شاراوەدا، شیعرێکی قوولّ دارێژراوو پڕ نهێنی ئەبن. شیعرێك کە بە راگوزاریانەو بە سەرپێیو خێرا، نەخوێندرێتەوەو لآیەنە جوانەکانی، بە پەلە، خۆیان بەدەستەوە نەدەن. شیعرێك کە بە پێوانەی دڕندەیەتی سەردەمەکە، ئەبێ بە شیعرەکەشدا شۆڕ بیتەوە؛ شۆڕبوونەوە بۆ ناو بێشە چڕو تەنگ و ئاخنراوەکانی ئەو رەمزو نیشانانە. لەبەر ئەوە لە خوێندنەوەی هەموو شیعری سوارەدا، وا هەست ئەکەیت کە وشەکان زۆر توندو تۆلّ، خراونەتە پالّ یەك و رستەکانیش توندتر بە یەکەوە نووسێنراون. کە بەم کارە، تێکڕای هەموو شیعرەکە، شێوەی پتەوییو توندو تۆلّیی پێوە ئەبینرێ. شێوەیەك ئەدۆنیس واتەنی: تەکنیکی شیعرەکە ئەوەندە توندوتۆلّ بێت، وەك پایەی خانوویەك، کە ئەگەر خشتێك ، یان بەردێکی لێ دەربهێنرێ، سەرتاپای خانووەکە ئەڕوخێ.

بەکورتی شیعری سوارە، دیاردەیەکی تازەو تایبەتییەو مۆرکی سوارەیەتی پێوە دیارە.

من لام وایە، ئەگەر ئەم شاعیرە، لەو تەمەنەدا (٣٨ سالّ)، جوانەمەرگ نەبوایە، تازەبوونەوەی شیعری کوردی کوردستانی ئێرانیش، وا زوو جوانەمەرگ نەئەبوو. چونکە ئەوەی ئەم جوانەمەرگ بوونە ئەسەلمێنێ، کپبوونەوەی تازەبوونەوەکەی سوارەیە.

ئێستا ئەگەر لە کوردستانی ئێراندا، چەند دەنگێکی تری جیاواز لە دەنگی هێمن و هەژار هەبن، هەر هەمان رێچکەی سوارەن و هیچیان نوقلآنەی دێژەپێدانی تازەکردنەوەکەی سوارە بە گوێی شیعری کوردیدا

ناچرپێنن؛ بە پێچەوانەی ئەو دیاردەو شوێن پەنجەیەی کە شیعری گۆران، لەسەر شیعری سەردەمی خۆیو دوای خۆی لەسەر شیعری تا ئێستای شاعیرانی کورد بە جێهێشت.

لێرەدا ئەگەر لەنگەرێك بگرین و بلێین: بۆچی شیعری گۆران، لەسەردەمی گۆران خۆیداو تا ئێستاش شوێن پەنجەو تارمایی بەسەر شیعری کوردیو شاعیرانی دوای خۆیەوە، دیار نیە!؟ لەوەلامدا ئەلێین:

١ـ تاقیکردنەوەی تازە گەرییەکەی گۆران، تاقیکردنەوەیەکی ئاوەکیو نامۆ نەبو، لە ئەدەبی کوردیا. چونکە گۆران ئەگەر هەندێ چاولێکەرییو تاقیکردنەوەی شاعیرانی ئەو سەردەمەی تورك-ی پەیڕەو کردبێ، بەلاَم لە بنەڕەتدا گۆران ئاوڕی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیو کێش-ە خۆماڵییەکانمان دایەوە؛ کە بیرهێنانەوەی ئەمجۆرە تاقیکردنەوانە، گەڕانەوە بوو بۆ سەرچاوە رونەکانی دێرینەمان و جەماوەری خوێنەرانیش پێیان خۆش و چاك بوو.

٢ـ تاقیکردنەوەی گۆران، تاقیکردنەوەیەکی تاکەکەسیو تاقانەو تایبەت بە گۆران-ەوە نەبوو. چونکە ئەگەر ئاکامی سەرومڕی تاقیکردنەوە شیعرییەکانی ئەو ساڵانەی گۆران-ی تیا درەوشایەوەو گۆران لەچاو دەستە شاعیرە هاوڕێکانیا، زیاتر دەرکەوت، بەلاَم لەراستیدا تاقیکردنەوەکە، تەقەللایەکی هەرەوەزیو بە کۆمەڵ بوو. لەبەرئەوەی لە هەمان سەردەمداو بگرە پێش گۆرانی-ش، شاعیرانی تری وەك: پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح، ئەورەحمان بەگی بابان، رەمزی مەلامارف؛ کە جگە لەمی دواییان، ئەوانیتریان تەمەن و تاقیکردنەوەی شیعرییان، پێش گۆرانی-ش بوو. لەمەش تایبەتیتر، ئاوڕدانەوەو دەستپێشکەریی دێرینەو زیرەکانەی پیرەمێرد لە کێش-ە خۆماڵییەکانمان و گەنجینەی شیعری دەوڵەمەندو تەمەن دێژی شیعری شیوەی گۆرانی، کە ئەم شێوە زمانە، لەچاو شێوەکانی تری زمانی کوردیدا، بە تەمەنترو رەگ داکوتاوتر بوو.

٣ـ لەئاکامی تاقیکردنەوەی وا گەورەو بە کۆمەڵدا، خەرمانی تاقیکرنەوەکەش گەورە ئەبێ، بۆیە جێپەنجەی چەند شاعیرێکی ئاوا گەورەو بەتواناو پڕ تاقیکردنەوە، کە هەموویان پێش تەقەللای تازەگەریی، شیعری

کلاسیکی - یشیان پەیڕەو کردوە، لەسەر سەردەمەکەو دوای خۆیشیان و ڕەنگە تا درەنگانێکی تریش هەر بمێنێ.

بەڵام تاقیکردنەوە شیعرییەکەی سوارە، ئاکامی بەجۆرە نەشکایەوە، چونکە:

١ـ ئەو گەنجینە شیعرییەی کە سوارە تیایدا تەقەللای دۆزینەوەی کیشوەرێکی تری ئەدا، هەر بە تەنیا گەنجینەی شیعری کوردی نەبوو؛ بەڵکو چەند پەنجەرەیەکی تیابوو، کە هەر یەکەیان، بەسەر تاقیکردنەوەیتردا ئەیانڕوانی؛ وەك تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندو دێرینەی شیعرو ئەدەبی فارسیو هەر لە ڕێگەی ئەدەبی فارسیشەوە، پەنجەرەیتر بۆسەر تاقیکردنەوەی ئەدەبی هەمەجۆرەی گەلانی دنیا.

٢ـ تاقیکردنەوەی سوارە، تاقیکردنەوەیەکی تاکەکەسیو تاقانە بوو؛ کەلە تەمەنێکی ئاوا کورتدا، خەرمانی گەورەو دەوڵەمەندی وەك سەردەمەکەی گۆران لەدوای خۆی بەجێ ناهێڵێ، کە نمونەکانی ئەم بەڵگەیەمان، تاقیکردنەوەی هەردییە، لای خۆمان و تاقیکردنەوەی رامبۆیە، لە فەرەنسا.

٣ـ ئەو ڕۆژگارو سەردەمەی سوارە، ئەم تاقیکردنەوە شیعرییەی تیا ئەنجامدا، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژگارو سەردەمی گۆران و دەستە هاوڕێکانیان، دو ڕۆژگارو سەردەمی جیاواز بوون، چونکە ڕۆژگاری گۆران و پیرەمێرد و هاوڕێکانیان، ڕۆژگاری ڕاپەرین و هەڵسانەوەی بیری نەتەوایەتیو زمان و ئەدەبی کوردیو هاتنە دنیای چەندان و بە یەکەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی بووەو بەرهەمی تازەگەرییەکەیان هەر خێراو بە ئەندازەیەکی بەرین و بەربلاو، بە چاپکراوی بەسەر خوێنەراندا بلاوبۆتەوە. بەڵام ڕۆژگارو سەردەمی تازەگەرییەکەی سوارە، ڕۆژگاری گەمارۆدانی بیری نەتەوایەتیو قات وقری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی بووە و لە هەمان کاتیشدا ژمارەی خوێنەرانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، لەهەردو سەردەمەکەدا، جیاوازی نێوان ئاسمان و ڕێسمانە، لەبەر ئەوەی ڕۆژگاری تاقیکردنەوەی پیرەمێردو گۆران، لەژێر سێبەری یەکەمین دەسەڵاتداریێتی کوردیدا، بە ڕابەرایەتی شێخ مەحمود بووە؛ کە خوێندنی کوردی، کرایە زمانی ڕەسمی

دەوڵەت و دواتریش و دوای تێکچوونی دەسەڵاتە کوردیەکەش، نەتوانرا زمانی کوردی قەدەغە بکرێ. بۆیە ژمارەی خوێنەرانی تازەگەریەکەی گۆران و هاوڕێکانی، تا هاتووە بەربلاوتر بووە. بەلام بە پێچەوانەوە، ژمارەی خوێنەرانی زمان و ئەدەبی کوردیو لە هەمان کاتیشدا، شیعری سوارە، تا ئێستاش رەنگدانەوەی دژراوی، لە نیشتمانی سوارەدا، لەسەر پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی هەیە.

لەبەر ئەوە لەم هەموو گەمارۆدانەی سوارەدا، گەورەیەتی سوارە، لەوەدا دەرئەکەوێ کە لە شەوەزەنگێکی تاریك و سامناکدا، بە تەنیاو تاکەکەسی، رچەو رێبازێکی تایبەتی شکاند. کەبە دڵنیاییەوە ئەتوانین بڵێین: تازەگەریی سوارە، یان بە واتەیەکی تر، ئەتوانین بڵێین: چەند مەزنە سوارە، ئەو شاعیرەی لە یەکەمین تەقەللای تاقیکردنەوەی داهێنانێکیتردا، بازنەی شیعری چاولێکەریو یەکترچوونەوەو باوی جێهیشت و لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدا، بانگەوازی دۆزینەوەی نیشتمانێکی جیاوازو تایبەتمەندی راهێشت و نەخشەیەکی تازەی خستە سەر جوگرافیای شیعری هاوچەرخی کوردی..و، بە تەنیاو لە دەرفەتێکی کورتدا، چەپکە گوڵی شیعری خۆی، لەگوڵدانی شیعری کوردیا داناو بۆن و بەرامەو تایبەتمەندی خۆی پێشکەش سەردەمەکەی کرد، کە دڵنیاین سەردەمەکانی داهاتووش، دەستاودەست و پشتاوپشت، بۆ یەکتری ئەگوێزنەوە.

ئەم شیعرەی سوارە (خەوە بەردینە)، سەرگوزشتەی ئەو ئاوو سەرچاوانەیە، کە بە هیوای یەکتر گرتنەوە، بوون بە چۆم و رێدەکەون و بە تەمان بگەن بە دەریا. بەلام لەرێگا، هەرکام بەدەردێك دەچن و هەریەك بەلایەکا، لادەدەن. تەنانەت ئاوی وا هەیە، راستەوخۆ دەبێتە دژی خۆی، دەبێتە بەرد؛ خەونی بەردین دەبینێ. تەنیا سەرچاوەیەك تەواو شارەزایە، هەم رێگای دۆزیوەتەوەو هەم ورەو باوەڕی بەتینە، ئەزانێ لە پێشا لەگەڵ جۆگەو جۆباری لەیەك نزیك، ئەبێ یەك بگرێتەوەو ببێ بە چۆم - زێیەکی گەورە-، کە گەلەکەی خۆیەتی..).

ئەگەر ئەو پێشەکییە کلیلی کردنەوەی دەرگای رەمزو هێماکان بێت بۆ تێگەیشتن و شەرحی شیعرەکە؛ هێشتا هەندێ لایەنی تری شیعرەکەم

مەبەستە:

١ـ دەست پێکردنی سەرەتای شیعرەکە:

شیعرەکە بە پێشەکییەکی درێـژە دەسـت پێئـەکات. پێشـەکییەکی پـڕ وێنەو دیمەنی شاعیرانە. ئەم دەست پێکردنانە، بـەو جـۆرە پێشـەکییانە لـە شیعری داستان و بەیتە فۆلکلۆرییـە کوردییـەکاندا بـەکار هێـنراون. گـەلیَ شاعیری تریشمان وەك: مەولەویو پیرەمێردو کامەران، بۆ شـیعری کـورت و ئێسـتاش زۆروکـەم جاروبـار، شـاعیرانمان، ئـەم کـارە ئەکـەن. لەراسـتیدا پەیرەوکردنی ئەم پێشەکی نوسـینانە، ئەگـەر بـۆ هـەندێ بابـەتی شـیعریی پێویست بکات، لە شیعری تازەی جیهاندا، بـەکارهێنانی زۆر کـەم بۆتـەوە، بە شێوەیەك کە شیعرەکە راستەوخۆو بروسکەئاسایی، دەست پێئـەکات، بـە کەمترین وشەو رستە، مەبەستەکان ئەوترێن.

٢ـ ئەوەی جێی سـەرنجە، ئـەم شـیعرە، سـەرومڕ سیمای رۆمانسـیانەی پێوەدیـارە، کـە ئـەم سـیمایە، بـۆ شـیعری رەمـزی زۆر ناتـەبان. شـاعیرە رۆمانسییەکان کەمتر توخنی بابەتی رەمزیـی ئەکـەون و بـە پێچەوانەشـەوە شاعیرە رەمزییـەکان، لـە رۆمانسـییەت دوور ئەکەونـەوە. سـوارە لەگـەلیَ شیعری تریدا، ئەم توێژاڵی رۆمانسییە بەسەر شیعرەکانیا زاڵەو هەندێ جـار تارماییو جێ پەنجەی شیعرە رۆمانسییەکانی مەولـەوی تـاوەگۆزیو هـەندێ جـاریتریش بـۆن و بەرامـەی دوو هاوینەگەشـتەکەی -گـۆران، لـە شـیعری سوارەدا هەست پێئەکرێ:

وەکو نـــەرمە هـــەنگاوی بـــــەرەوژووان
لەجێژووانی زیــــــندوو بەگیانی کچی جوان
وەکو گـــەرمەیــــاوی قەشەی دەستی تاراو
لـــەبزوێنی دەریــــای بلووریني بـــەروێ
بـــەخورِ خۆیـــە دیـــواری کێوا ئـــەدا ئاو
لەگەلّ گاشەبەردا، سەر ئەسوێ، سەر ئەسوێ.

یان:

ئەڵێن تـــاجی زمروتی دوورگەی لەسەرناوە دەریا
هەتا چاو هەتەر ئەکا شەپۆلە، لەبوونا..لە چوونا

بــە ئاهەنگە ســــەربەندی بزوێنی خۆشی
لەبەر خۆرەتاوا ئەلێی سینگی ژینە ئەهاژێ
ئەلێی هـــانی هەســـتانە دەنگی خرۆشی

٣ـ بەلام لە تەکنیکدا، لە مەولەوی‌و گۆران جیـاوازترە. مـەودای وشـە، رەت و بلاوە، لە پشـتی وشـەکانیەوە، چـەند دنیـاو مانـای‌تر هـەن. ئەمـە رەگەزێکی شیعری تازەیە، وشە لەو جێگایە گەورەترە کـە تیـایدا دائـەنرێ. لەم بارەیاندا قایل نـابێ ئـەوەندەی خـۆی بـێ. حـەز ئـەکات لـەو جێگایـە گەورەتر بێ کە تیایدا دانراوە. حـەز ئـەکات لەیـەك مانـاو زاراوە گـەورەتر بێ. بەلکو چەند مانـا، یـان چـەند مەودایـەك لـە خۆیـدا کۆبکاتـەوە. بـە جۆرێك ئەگەر تێکڕای شـیعرێك لـەم بابەتـە بخوێنێتـەوە، هەسـت ئەکـەیت تێکڕای شیعرەکە چەند مانایەکی هەیـەو هەمووشـیان جـوان و شـیاون. بـە پێچەوانـەی شـیعری مەولـەوی‌و گـۆران-ەوە، کـە وشـە هـەر مانـا فەرهەنگییەکەی هەیـە. بـا سـەیری ئـەم دوو وێنەیـەی مەولـەوی‌و گـۆران بکەین:

مەولەوی:

بۆی بالات هەرزان وە دەشت و هەردان
ئەز رای لای تۆم وەکـــام گوزەردان؟

گـــۆران:

قژکالی لـــێو ئالی پرشنگی نیگا کال
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئال

لای هەردووکیان وشە کوت ومت، هەر ئەو مانایە بـە دەسـتەوە ئـەدات کە لە دێرەکاندا نوسراون. مانایـەکی تـر لـە پشـتیانەوە نییـە. کـەچی لای سوارە بەجۆرەیە:

بـــەلێ، دوورە گـــەرمێنی دەریــــــا
بـــەلێ، وایە کانی هـــــــــەژاران
ئەزانم، ئـــەوانی کە پـــاراوی ئاون، بژارن
ئەزانم، لەرێگا مەترسی گەلی ژەنگ و ژارن

٤ـ سەرەرای ئـەو توێژالـە رۆمانسـیەش کـە بەسـەر شـیعرەکەدا زالـە،

ئەبوایە ناوەرۆکی شیعرەکە لەوە روونتر بوایە کە چاوەروان ئەکرێ. کەچی لە هەمان کاتدا جۆرەتەمێك بەسەر مانای شیعرەکەوەیە. واتا هەرچەندە شیعرەکە رۆمانسیە، بەلاّم ئەبێ زۆر لەسەر دێرەکان رابوەستیت و ورد ببیتەوە، ئەوسا دوای شیکردنەوەی دێرەکان، لەمانای شیعرەکە ئەگەیت. ئەمجۆرە شیعرانە، لەو بابەتانەن کە زوو دەستەمۆ نابن، سرکن. ئەبێ ماندووت بکەن. رەنگە ئەم سرکییو دەستەمۆ نەبوونە، هۆی مانا فەلسەفیەکەی بێت، کە تێکڕای شیعرەکەی لە ئامێز گرتووە.

جیا لەم سەرنجانەش، ئەوەی جێی دڵخۆشییە، لەم شیعرەو ئەو چەند شیعرەی سوارە، کەمن دیومن، ئاسۆی بیری نەتەوایەتیو نیشتمانی سوارە، بەرینترە لە ئاسۆی تەسکی نەتەوایەتی ئەو شیعرە کوردییەی لە کوردستانی ئێراندا باوبووە. ئەم شیعرە بەڵگەیەکی گەورەی ئەو دڵخۆشیەیە، چونکە ئەو چۆمەی سوارە لەم شیعرەدا مەبەستێتی، نەتەوەی کوردە. بەلاّم ئەو چۆمە، چۆمێ تری وەك خۆی ناسیوەو لەگەڵی تێکەڵ بووەو بە تێکەڵ بوونیان روبارێکی گەورە دروست ئەکەن و بەرەو زەریا هەنگاو ئەنێن. کە قۆناغی دوایی زەریاکە، مەبەست لە هەموو مرۆڤایەتیە. ئەم بازدانە، بەسەر سنووری تەسك و داخراوی نەتەوایەتیداو پەڕینەوە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ نەتەوەو گەلانی تردا، نەك هەر مرۆڤایەتی کورد دەرئەخا، بەڵکو حەقیقەتی مەسەلەی کورد ئەسەلمێنێ. بۆیە ئەمەی سوارە لەم شیعرەدا کردویەتی، جگە لە و سنوورشکاندنەش، راچەنینی شیعری نەتەوایەتی کوردییە، بۆ خۆناساندنی بەشیعری جیهانیو شانازیکردن بەوەوە کە نەتەوەی کوردیش چۆمێکی ئەسرەوتەو ئەرژێتە زەریای گەورەی مرۆڤایەتیەوە.

=٣=
رەفیق سابیر

سووتان لەبەر باران دا:

رەفیق، شاعیرێکە لەرێگای دوو دیوانەکەیەوە:

١ـ پشکۆکان ئەگەشێنەوە

٢ـ رێژنە

خۆی بە شیعرو خوێنەرانی کوردی ناساندووە. دەنگێکە دوای ساڵی ١٩٧٠، لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لە هاورێکانی، سەریان هەڵداوە. بیرمە کە دیوانی یەکەمی چاپکرد، نامەیەکم بۆ نارد، تیایدا پیرۆزبایی، ئەوەم پێوتبوو کە لە دیوانەکەیدا، شیعرە تایبەتیەکانیم پێ جوان و خۆشن. ئەو شیعرانەی کە خودی رەفیق خۆیم تیا ئەبینی. ئێستاش هەمان قسە، لەمەر دیوانی دووەم و شیعرەکانی دوای ئەو دوو دیوانە ئەکەمەوە. چونکە من پێم وایە: پاکترین شیعر، ئەو شیعرانەن، کە شاعیر راستگۆیانە، باسی خودی خۆی ئەکات.

رەفیق، شاعیرێکە، چەند تەجروبەیەك لە ژیانیا هەیە.ئەو تەجروبانەش کەم و زۆر کاریان لەشیعری کردووە. من لام وایە ئەو تەجروبانە چەند ئازاری دەرونی رەفیق -یان داوە، ئەوەندەش بۆ شیعرەکانی بوونەتە هەوێن.

لای رەفیق، بە کەمترین وشەـ مەبەستەکان ئەبن بە شیعر. لەبەر ئەوە شیعری رەفیق، پێشەکیو وردەکاری تیانیە. زۆر دەست ئەگرێ بە وشەوە. بە سڵ و ترسەوە وشە لە جێگەی خۆیدا بەکار ئەهێنێ. واتە: شوێن پێو هەنگاو، بۆ وشەکانی ئەدۆزێتەوە، ئەوسا دایانئەرێژێت. ئەم ئیقتیصاد کردنە، لەوشەدا، دیاردەیەکی تایبەتی نیە بە تەنیا رەفیق-ەوە، بەڵکو لای ئەنوەر قادر، زەقتر هەست پێئەکرێ. بەڵام ئەوەی تایبەتە بە رەفیق، شێوازێکی جیاوازی خۆی هەیە. بەجۆرێك ئەوەی چەند شیعرێکی لەسەر یەك بخوێنێتەوە، هۆگری شیعری ئەبێت و شێوازی ئەناسێتەوە، کە ئەم ناسینەوەیەی شیعر، شتێکی ئاسان نیە. ئەمە ئەو رەگە ئەستوورەیە کە لە

زاراوەی ئەدەبیدا پێی ئەوترێ: دەنگی تایبەتی. ئەم تایبەتیو کەسایەتیە لەناو لێشاوی ئەو شەپۆلە شیعرەدا، کەدوای سالآنی ١٩٧٠، سەری هەلدا، شتێکە ئەنجامی خۆسەپاندنی شاعیرە، لەناو مەیدانی شیعرا. چونکە لێشاوی ئەو هەموو شاعیرەی دوای سالی ١٩٧٠ دەرکەوتن. ئەگەر زۆربەی شیعری شاعیرەکان تێکەل بکرایەو بە یەکەوە بخوێندرایەتەوە، هەمووی لەیەك ئەچوون، هەموویان جێپەنجەو کارتێکردنی یەکترییان پێوە دیاربوو. یان کورتتر بلێم: هەموویان یەکتریان ئەجووەوە. بەلآم وەك وتم شیعری رەفیق ئەناسرێتەوە. لەبەر ئەوەی بۆن و بەرامەو کەش و هەوای تایبەتی خۆی هەیە.

ئەم شیعرەشی: سووتان لەبەر باراندا - درێژبوونەوەی رێچکەی هونەریی شیعرەکانی پێشوتریتی. هەموو گیانی شیعرەکە، تارمایی سووتان و مردن و خوێن و کوشتن و برینی پێوەدیارە. شیعرێکە رەنگدانەوەی بارودۆخی ئەم رۆژگارە سەختەی ئێستای پێوەیە، کە سیمای داپلۆسینی مرۆڤی کوردی پێوە دیارە:

لەنزیك دێ
گۆڕستانە خۆلەمێشییەکەم لێ هەستایە سەرپێ
گۆڕەکان هێشتا، نالەی خوێنیان لێ هەلدەستا
یان : بۆنی کفن و، بۆنی دیلییو
بۆنی پیاوە مۆمیاکانم لێ دوورخەوە

بەلآم وێنەی ئەم داپلۆسینە، شیعر باس ئەکا، نەك بە قسە:

لەناو بولێلی ئەم خامۆشیەدا
وەك گۆرانی سووری ژیان
بە باوەشێ ئەوینەوە
بباریێ ناو برینەوە
دەستم بگرە و بە هێمنیی
بمخە دەریای بەرینەوە

هەرچەندە داپلۆسینەکە، ئەوەندەی تۆزقالێك لە ورەو هەنگاوی ئەمی کەم نەکردۆتەوەو لەگەل خۆیدا ئەوە ئەلێتەوە، کە هەرگیز نابەزێ:

هەتا هەتاوی تۆمان لیٚ هەڵدیٚ
لەرووی نەبوونا
لەرووی ونبوونا
پیٚ لەچەم دەنێین
پیٚ لە شەو دەنێین
پیٚ لە برین و ترس و تەم دەنێین
لەناو هالاٚوی ئەم کەنارەدا
خۆشەویستی تۆ، لەئامێز دەنێین

شیعر، لای رەفیق شیعرە. دوور لە کێش و سەرواو قالبی ئامادەکراو. هەندیٚ جار بەبیٚ پێڕەوکردنی هیچ یاسایەکی ئامادەکراو،راستەوخۆ شیعرەکە سنووری یاساکان ئەشکێنیٚو دێتە دنیاوە. گویٚ ناداتە کێش و سەرواو ترپە (ریتم)ی ناوەوەو دەرەوەی جەستەی شیعرەکە:

کەلە بنارەکە دوور کەوتمەوە
دوا ئامێزم لەچیا خوێناوییەکە توند کرد
بە پەنجە بیٚئینۆکەکانم لەسەر بەردو خۆڵی
لوتکەو دامێنەکان
لەسەر بالاٚی برسێتی
لەسەر رەگی درەختەکان: نامەکەتم هەڵکۆڵی

لەم کۆپلەیەدا، ئەو دێرانەی سەرەوە هیچیان لەروی کێش-ەوە پەیوەندیان بە یەکترەوە نیە، هەر دێرەیان کێشێکی جیاوازە. بەلاٚم لە گەوهەردا هەست ئەکەی شیعر ئەخوێنیتەوە. چونکە شیعر، بە کێش و سەروا، نابیٚبە شیعر، ئەگەر لە گەوهەردا گیانی شیعری تێدا نەبیٚ. لەبەر ئەوە چاکتر وایە پێش بیرکردنەوە لە: کێش و سەرواو یاسا پەیڕەوکراوەکان، بیر لەو ئاهەنگە شیعرییە بکەینەوە، کە شیعرەکە دروست ئەکات. هەرچەندە رەنگە هەندیٚ جار، ئاهەنگی جوانترین شیعر، شیعر دۆستێك نەجولێنیٚ.

من دڵنیام شیعری رەفیق بە زەوقی زۆر شیعر دۆست، ئاشنا نیە، بەلاٚم ئەوانەی راستگۆن، نکۆڵی لەوە ناکەن کە رەفیق شاعیرە. لێرەدا ئەبیٚ ئەوە

روون بکرێتەوە کە شێوازی رەفیق بە گوێچکەی هەستی ئەوانەی لەگەڵ کێش و سەروای شیعری ساڵی ١٩٧٠-ەوە راهاتوون زۆر تایبەتیو جیاوازە.
بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە شیعری دوای ساڵی ١٩٧٠، هەمووی شیعر نین و زۆربەشیان تا ئێستا، یەك جۆر کێش ئەجوونەوە. جوونەوەیەکی ئاسان و دەق گرتوو، بە کێشی پەنجەو. جگە لە تەکنیکی تایبەتی رەفیق، کە جارێکی تر شاعیرێتی ئەسەلمێنێ بەڵام کە ئەڵێم رەفیق شاعیرە، مەبەستم لەوە نیە بڵێم: رەفیق هەموو تێنوێتیمان ئەشکێنێ، بەڵکو ئەڵێم ئەم شاعیرە داوا لێکراوە هەنگاویتر هەڵبنێ. هەنگاوێك ئەو دەقەی بە خۆیەوە گرتوویەتی، لێی راپەرێ. تەقینەوە لە خۆیدا دروست بکا. کۆمەڵێ مەرجی تازەگەریی شیعر هەن، کە رەفیق خۆی لێیان بێئاگا نییەو هێشتا شیعری رەفیق چاوەڕێیان ئەکات.
لەپاڵ ئەوەشدا، کەلای ئەم شاعیرە، وێنەی شیعریی دوور لە کێش و سەروا زۆرتر باوە، بەڵام هەندێ جاریتر، کێشێکی کوردیی ئاشنا بە هەست و گوێچکەی شیعریمان، بە سەروایەکی جوانی ناوەوەی شیعر، بەکار ئەهێنێ.

روم پێ لەم وەرزە بەردینە مەکە
ئەم مەشخەلانەی سەرم ناتوانم
لەم هەڵدێرەدا لقی دار نیە
کێلە بەردێکی تیژو هار نیە
بچەقێتە ناو قولایی گیانم

هەرچەندە وەك لە سەرەوە وتم: شیعر، بە کێش و سەروا نابێ بە شیعر. چونکە شیعریش وەك مرۆڤی ئەم سەردەمی دیلکردن و کۆت و پێوەندکردنە، وایە؛ حەز ئەکات راپەڕێ، یاخی بێت لەو یاساو سنوورانەی بۆی دانراوەو ملی پێ‌کەچ ئەکەن کە بچێتە ژێری.
بەڵام ئەم راپەرینەش هەروا ئاسان نیە. (پاپلۆ بیکاسۆ)ش هەموو قوتابخانەو رێبازە هونەرییەکانی تاقیکردەوە، ئەوسا شتە تایبەتیو بەهرەی خۆی سەلماند. گۆران بە کێشەکانی شیعری عروزدا تێپەڕی، ئەوسا کێش-ە خۆماڵییەکانی سەپاند.

ئەو راپەڕینەیَ من مەبەستمە لە شیعردا، لای عەرەبەکان محمد ماغوط، ئەم کارەی بە جوانترین شێوە بۆ ئەنجامدراوە، لە هەموو شیعرێکیا، هەست ئەکەی شیعر ئەخوێنێتەوە.

سەرباری ئەو سەرنجانەش دوا قسەم لەسەر ئەم شیعرە، چەند سەرنجێکی زمانەوانیە، لە سەر هەندێ دێڕی شیعرەکە، وەك:

گۆڕەکان هێشتا
ناڵەی خوێنیان لێ هەڵدەستا

ئەوەی تائێستا سەبارەت بەراناو لەگەڵ وشەی خوێن دا، بەکار ئەهێنرێ، ئەوترێ:

فلانە جێگا، بۆنی خوێنی لێ دێت. من هێشتا نەمبیستوە بڵێن: ناڵەی خوێن. یان:

دەشێ لەم شەوانەدا
لافاوێکی ئەستوور هەستێ

لەراستیدا، لافاو، یان: خوڕ، یان: گەورەو لەم بابەتانە بیستراون. نەبیستراوە: لافاوێکی ئەستور ئەو چەند سەرنجە وردەم، لە نرخی جوانیی شیعرەکە کەم ناکاتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەڵێم ئەم شیعرەی، شیعری بڕوا بەخۆ بوون و بەرەنکابوونەوەی ئەو مۆتەکانەیە، کە سواری سنگی مرۆڤی ئەم سەردەمەو هەموو سەردەمێك بوون و ئەبن.

ئامادەکرن و ساغ کردنەوەو
پێشەکی نووسینی
!؟

تێبینی:

سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ز - بنەماڵەی شاعیری ناسراوی کورد کەمالی (عەلی باپیر ئاغا)ی کۆچکردوو، روویان لێنام: کۆکردنەوەو ساغکردنەوەو رێکخستن و پێشەکی بۆ نووسینی، سەرجەمی دیوانی شیعری کەمالی، لە ئەستۆ بگرم. منیش پەسندم کردو بەرنامەیەکم بۆدانا. بەڵام لەکاتی ئامادەکردنی دیوانەکەدا، لە لایەن رژێمی صدام- ەوە گیرام و دوو ساڵ زیندانی کرام. دوای ئازادکردنم دووبارە دەستم کردەوە بە تەواوکردنی کاری ئەو دیوانە. بەڵام هەمدیسان شەوی ١٩٨٠/١٠/١٨ - نیوەشەوێك پیاوەکانی رژێمی صدام- بۆ گرتنم، وەك گوللە تۆپی ناوەخت رژانە حەوشەکەمانەوە. ئەمجارەیان هەرچۆنی بوو، بەرچنگیان نەکەوتم و دەرباز بووم.. تەواوکردنی دیوانی کەمالی - م لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت بۆ جێگەیەکی ئازادو هەرچۆنێ بوو دیوانەکە- م بە ئامادەکراوی دایەوە دەست بنەماڵەی شاعیر، تا رێگەی کاروباری بەچاپ گەیاندنی بۆ خۆش بکەن. ئیتر کە بیستمەوە دیوانەکە، رێگەی چاپخانەی گرتۆتەبەرو لەوێدا گیری خواردووە، کە سەربەرگەکەی ناوی منی وەك: نووسەری پێشەکیو ئامادەکار، لەسەرە. لەگەڵ بنەماڵەی ناوبراو رێککەوتین، کە ناوی منی لەسەر بسڕنەوەو ناوی بەرێز کەمال - ی کوڕە گەورەی شاعیری لەسەر بنووسرێ. پاش ئەمە، من لە جێگەیەکی تر بووم کە چاپیان کرد. بەمەش چاوم روون بۆوە.

ئێستا، کە بە خۆشیەوە دیوانی کەمالی چاپ بووە. لە هەندێ هاوڕێی نزیکم بەولاوە: کە لەسەرەتاوە ئاگاداری کارەکە بوون، خوێنەران ئەم راستیە نازانن. بۆیە بۆ: مێژوو، بۆ راستیی، ئەو پێشەکیەی کە بۆ دیوانی کەمالیی - م نوسیبوو، بە کەمێ دەست کارییەوە، ئەیگوێزمەوە بۆ دووتوێی ئەم کتێبە.

راوەگزنگ

* * *

هێشتا کەمالی خۆی لە ژیاندا بووە، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٦دا، یەکەمین کۆمەڵە شیعری، بەناوی دیاری شارەزور لە چاپداوە. ئەتوانم بلێم ئەم دیوانە، زۆربەی شیعرەکانی کەمالی تیایە. کە ئەڵێم زۆربەی شیعرەکانی، مەبەستم لەوەیە: زۆربەی ئەو شیعرانەی کە کەمالی پێ ناسراوەو لە هەڕەت و گوڕی شاعیرێتیدا نووسیوێتی. دوای ئەم دیوانە، لەساڵی ١٩٦٨دا دووەمین دیوانی، بەناوی باخی میرەوە لە چاپداوە. شیعرەکانی ئەم دیوانەیان، وەك تەمەنی شیعر، دوای شیعرەکانی یەکەمین دیوانی نووسراون. جگە لەوەی کەشیعری وەرگێراوی زۆرتر تێدایە وەك لە شیعری خۆی.

دوای ئەم دوو دیوانەش، ساڵی ١٩٧٢، بەنیازی لەچاپدانی سێیەمین دیوانی، کۆمەڵێك شیعری تری، بەناوی پێش مەرگم -ەوە کۆکردەوەو کاروباری رەقابەشی جێبەجێ کردبوو، بەلاّم مەرگ مەودای نەداو ئەم ئاواتەی بەچاو نەدی.

ئەوەی پێویستە لەرووی ساغکردنەوەی شیعرو رێنووسەوە، سەبارەت بەم ٣ دیوانە بوترێ، جگە لە دیوانی یەکەمیان: دیاری شارەزور، بەو هۆیەوە کە مامۆستام کاکەی فەللاح شارەزای شیعری کلاسیکی کوردیو دۆستی نزیکی کەمالی بووە، دیوانی ناوبراوی بە پوختی چاودێری کردووەو تارادەیەك، ئەو دیوانەی لەچاو ئەوانیتریدا، رێك و پێك ترە. چونکە کەمالی کاتێ خولیای لەچاپدانی شیعرەکانی خۆی کەوتۆتە سەرەوە، تەمەنی پیرێتیو کەم هێزیی چاوی، یارمەتی ئەوەیان نەداوە خۆی شیعرەکانی خۆی بنوسێتەوەو بۆ چاپیان ئامادە بکات. بۆیە ئەوانەی دوو دیوانی دواییان ئامادەکردووە، کەمتر شارەزای دنیای شیعری کەمالی و شیعری کلاسیکی کوردی بوون. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، سەرەڕای هەڵەی رێنووس و نووسینەوەی شیعرەکان، لەهەمان کاتیشدا ئاگاداری ئەوەش نەبوون کەلە هەر یەکێ لەو دوو دیوانەی دواییدا، هەندێ شیعریان نووسیوە، لەهەر سێ دیوانەکەدا هەیە. هەروەها ئەوەشیان بیرچووە، کە ئەم شیعرە چەندجار دووبارەکراوانە، وەك یەك بنووسن. واتە ئەم دوو دیوانە، شیعری وایان تێدایە هەر شیعرێکە، بەلاّم لەهەر دیوانێکدا لەویتر جیاوازە.

لەئامادەکردنی ئەم دیوانەدا، ویستم ئەو جیاوازییانە لە پەراوێزدا دەستنیشان بکەم، بەلاّم کەزانیم ئەم کارە جێگە زۆر ئەگرێ، وازم لێهێنا. بۆیە بۆ کۆکردنەوەو

ئامادەکردنی ئەم دیوانە، بەتەواوی پشتم بەو دیوانــە ئامادەکراوانــە نەبەستووە. بەڵکو کەوتمە پشکنینی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی پێش ساڵانی ١٩٥٠ کــە کــەمالی شیعری تیا بڵاوکردوونەتەوە. لەوبڕوایەوە کە ئەو شیعرانە، کاتی خۆی کەمالی، بـە هەموو هۆش و گۆشی خۆیەوە خۆی بۆ بڵاوکردنــەوەی نـاردوون. پـاش گـەڕانێکی وردو پشوو درێژو بەراوردکردنی ئەو شیعرە بڵاوکراوانە، لەگەڵ شـیعرەکانی نـاو ٣ دیوانی ناوبراودا، نائومێد نەبووم و ئەم دیوانەم ئامادە کرد.

هەنگاوی دواتر

لەبەر چەند هۆیەك واتای شیعرو لێکۆڵینەوەم لـە پـەراوێزدا لەسـەر شیعرەکان نەنووسی:

١- ئەم دیوانە، دیوانی شاعیرێکی کلاسیکە،کەسێکیش بیەوێ لـە شـاعیرێکی کلاسیك بگات، ئەبێ نەبێ هیچ نەبێ هەندێ زانیاری لە شیعری کلاسـیکی هـەبێ، بـە تایبەتی کە کتێبخانە کوردی هەندێ نمونەی بـەنرخی وەك دیوانـی نـالیو مـەحوی تیایە، کـە ئەگـەر هـەمان شت لەگـەڵ هـەموو شـاعیرێکی کلاسـیکی دووبـارە بکرێتەوە، ئەبێت بەشـتێکی دووبـارەکراوو سـواو. جگـە لەمـەش ئـەوەی لەسـەر شاعیرێکی وە ك نالی ئەنووسرێ، پێویستترە وەك لـەوەی لەسـەر شـاعیرێکی دوای ساڵی ١٩٠٠ ئەنووسرێ، چونکە ئەو خوێندەوارەی لە لایەنەکانی شیعری کلاسیکی کوردی پێش ١٩٠٠گەیشتبێ، کلیلی کردنەوەی تێگەیشتنی شاعیرەکانی دوای ئەو مێژووەشی پێ ئەبێ.

٢- بەرای من، کەمالی لەرووی شیعرەوە، لەچاو شاعیرە کلاسیکیەکانی پێـش خۆیدا، جۆرە روونییو رەوان -ییـەکی بێگـرێو کراوەتـری تیایـە، کـەمتر رەمـزو خواستەمەنیو جینـاس و طیبـاق و داخسـتن و وشـەئاراییی کـردووە. لەبـەر ئـەوە ئەگەرچی کەمالی وەك شاعیرێکی کلاسیکی هاتووە، بەڵام تێگەیشتن لە کـەمالی، ئاسانترە وەك لە تێگەیشتنی نالیو مەحویو..بۆیە لەم رووەوە لە پەراوێزدا بەچاکم نەزانیوە واتای شیعرەکان لێك بدەمەوە.

جگە لە شیعرەکانی ناو ئەم دیوانەی بەردەستتان، هەندێ شیعری تری هەیە، لە بۆنەی تایبـەتیدا کـە پـەیوەندییان بـە بزووتنـەوەی سەربەسـتیخوازانەی کـوردەوە هەبووە، وتراون، وەك نمونەی ئەم شیعرە کەلە ل٢ی ژمــارە ٨ی رۆژنامــەی بـانگی کوردستان-دا، بڵاوکراوەتەوە. لەگەڵیدا ئەم روونکردنەوەیەشی بۆ نووسیوە.

بەموناسەبەتی ئەوەوە، کە جەنابی جەلالەت مەئاب، رەئیسی میللی کوردستان، شێخ عبدالقادر ئەفەندی نیشانێکی هیلال و ئەستێرەی لە ئالتون دروستکردووەو لەسەر هیلالەکە عیبارەی -فیدای میللەت - هەڵکەندراوەو بە بازووی موبارەکیدا گرتوە، ئەم چەند شیعرە بێژراوە:

فیدات بم ئەی فیدایی میللەت ئەی سەرداری کوردستان
وەلی عەهدی هومایۆن تالعی خونکاری کوردستان
بە ئەنفاسی مەسیح ئاسا عیلاجی عاجلبت بەخشی
بە دایەی بێکەسی بێچارەیی بیماری کوردستان
وەکو بارانی رەحمەت لوتفی عامت فەیز بەخشانە
بژی ئەی واسیتەی نەشئونەمای گوڵزاری کوردستان
بەزەرکفتی تەلاّ ناوت لەمەولا دەرج ئەبێ تا حەشر
لە تەئریخا بە عینوانی سوپاسالاری کوردستان
ئەگەر بیشم کوژن زومرەی موخالیف پێت ئەڵێم ئەمجا
هیزەبری غالیب، ئیبنی حەیدەری کەراری کوردستان
ئەوەی بەدخواهتە با قورِ بەسەرداکا بە نەومیدی
وجودی تۆیە فەخری فیرقەیی ئەحراری کوردستان
دەخیلم فرسەتە هەنگامی سەعیو جوهدە تێکۆشە
بەدڵ بۆ ئینتزامی موڵك و بۆ ئیعماری کوردستان

لەپاڵ ئەمجۆرە شیعرانەشدا وتاری ئەدەبیو سیاسیو بیرەوەری خۆی، لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا هەیە، کە لێرەدا وەك نمونە، ئاماژە بە هەندێکیان ئەکەین:

١- جگە لەو پەندو ئامۆژگارییانەی لە رۆژنامەی بانگی کوردستاندا بلاّوی کردوونەتەوە، هەندێ وتاری ئەدەبیشی لەهەمان رۆژنامەدا، بەنیازی بووژاندنەوەی ئەدەبی کلاسیکیمان نوسیووە،وەك ئەو وتارەی بەناونیشانی: ئەدەبیاتی کورد-لە ل٢ی ژمارە٧ی ئەم رۆژنامەیەدا، تیایدا دوای باسکردنی گرنگی پێدانی ئەدەبی کورد، ئەرکی لە چاپدانی دیوانی شاعیرە پێشینەکانی خۆی: ئەحمەدی خانی، نالی، کوردی، سالم، حاجی قادری کۆیی، حەریق، شێخ رەزای تاڵەباتی، خالص، مەولەوی، وەفایی - لەئەستۆ گرتووە.

ئەبێ لێرەدا ئەوەبووترێ کە کەمالی، لەژێر سێبەری حوکمدارێتی شێخ

مەحمودی نەمردا، ئەم پرۆژەیە ئەخاتە ئەستۆی خۆیو تا پریشکی ئەو حوکمداریــە لەئارادا بووە، دیوانــی مــەحوی بــە چــاپ گــەیاندووە..بــەلاّم کــە پرشــنگی ئــەو حوکمداریە کوژێنراوەتەوە، ئومێدی پرۆژەکەی کەمالیش نەهاتۆتە دی..هەرچــەندە بە هەمان تاسەوە، لەساڵی ۱۹۳۹دا، کتێبێکی بــەناوی گــوڵ دەســتەی شــوعەرای هاوعەسرم چاپکردووە، کە جگە لە نمونــەی شــیعری خــۆیو پوختــەیــەك لــە ژیــانی خۆی، نمونەی بەرهەمی: ئەحمەد موختار، ئە ثــیری، بێخــود، پــیرەمێرد، حــەمدی مەلا حەمدون، تایەربەگ، گــۆران، زێــوەر، مــەحوی، موفتــی پێنجوێنــی، مــیرزا مارف، شێخ نوری، ناطیق، سەلام، رەمزی مــەلا مــارف، قــانع، رەفیــق حیلمــی، عــەبدوللا حەسەن، ناری، بێکەس، عورفی، شوکری فەزلی، ئــەمین زەکــی، رەشــید نەجیب، عبدوالواحد نوری - تێدایە.

٢- هەندێ لەسەر وتارەکانی رۆژنامەی بانگی کوردستان-ی نووسیوە. تیایــاندا زۆر بابەتی گرنگ و رووداوی زیندووی ئەو سەردەمەی بە مەبەستی وریاکردنــەوەی گەلی کورد نووسیوە.

٣- ساڵی ۱۹٦۰ - لەژمارە ۷ی گۆڤاری رۆژی نوێدا، دەربارەی رۆژانــی شــێخ مەحمودی نەمر، چەند دێرێکی بەنرخی هەیە.

٤- ساڵی ۱۹۷۳دا، کتێبێکی بــەناوی: شــاعیرە نــاو ون بووەکــانی کــورد -ی بلاّوکردۆتەوە. تیایدا ژیان و نمونەی بەرهەمی ٤۱ شاعیری نووسیوە.

٥- لەرووی وەرگێرانیشەوە، ئەم کتێبانەی لەزمانی فارسیەوە، بە شیعر کردووە بەکوردی: شیرین و خوسرەو، ئەمیر ئەرسەلان، خورشیدو خــاوەر، شــەڕی خەیبــەر، گیانی سەعدی.

کەمالی ی مرۆڤ:

کەمالی - نازناوی شیعرێتیو خۆی ناوی عەلیە. لەبەر خۆشەویستی کــەمال-ی کوڕە گەورەکەی خۆی، ناوی خۆی ناوە: کەمالی.

• ساڵی ۱۸۸٦، لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. کوری باپیر ئاغای کوڕی چــراغ-ە، کە یەکێك بووە لەسەرانی هۆزی سمایل عوزەیریو لــەتیرەی -مــیر ئــالایی-یــە. باپیر ئاغای باوکی، لە سوپای عوسمــانیدا: ئەفســەر بــووە. کــەمالی لەتەمــەنی ٤ ساڵیدا بووە، کە باوکی کۆچی دوایی کردووە.

وەك نەریتی ئەوسای کوردەواری، هەر بە منالی خراوەتە بەر خوێندنی ئــایینیو

رازاوەگرێنگ

لە مزگەوتی شێخ عەبدوڵلاّ، کەبە مزگەوتی دوودەرگا-و لەسەر شەقامی نالی-یە، لە سلێمانی، دەستی بەخوێندن کردووە. پاش ئەوەی خوێندنی کتێبە ئایینیەکان تەواو ئەکا. درێژە بەو جۆرە ژیانە نادات و بەناوی کاتب ئەبێتە فەرمانبەرو بۆ ئەم ئیشە، بۆ بەغدا گوێزراوەتەوە. پاش ماوەیەکی کورت گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیو لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەنێوان ساڵانی ١٩١٣ تا ١٩١٧دا، کراوە بە سەربازو لە سلێمانی هێشتوویانەتەوە. لەدوای ساڵی ١٩١٩، کە ئینگلیزەکان بە تەواوی عێراقیان گرت، کرا بە قایمقام -ی چەمچەماڵ. بەلاّم ماوەیەکی کەم لەم ئیشەدا مایەوە. چونکە دوای ئەم مێژووە ئیتر کەمالی تێکەڵ دنیای راپەرینی روناکبیریو بزووتنەوەی سەربەستیخوازانەی کورد بووە. بە تایبەتی لە بزووتنەوەکانی شێخ مەحمودی نەمردا. لەم رووەوە، شاعیر، لە بیرەوەری خۆیدا، هیچی بۆ تۆمار نەکردوین. هەرچەندە بۆ زیندوکردنەوەو هاندانی ئەم گیانەی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول، لە ژمارەیەکی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ'دا، ئەڵێ:

... چەند ساڵێك پێش مەرگی، چوینە لای، باسی چیم دی ئەحمەد خواجە-و رۆژانی شێخی نەمرکرا، داوامان لیٚکرد ئەویش یادگاری خۆی بنووسێتەوە. زۆرتر خۆی لە مەسەلەکە لائەدا. لای وابوو نابیٚ رەخنە لە شێخ بگیریٚو نابیٚ هەموو راستیەکیش بەلای گەشییو کەم و کووڕیەوە نەلێت. دوایی بڕیاربوو یەکیٚ لە ئامۆزاکانم بچێت لای دابنیشێت و چی وت، بینووسێتەوە. چەند جاریٚ چووبوو، هیچی لیٚدەسگیر نەببوو.

بەلاّم لەگەرمەی ئەو ساڵانەداو، لەسەرەتای ١٩٢٢ەوە، لەگەڵ زۆربەی روناکبیرانی ئەوسەردەمەی شاری سلێمانیدا مشتومڕو گفتوگۆیان لەسەر ئەوەبوو، کاتی ئەوە هاتووە: کۆمەڵێك، رێکخراوێك، پارتێك، بەمەبەستی گوڕدان بەباری روناکبیریو بزووتنەوەی سەربەستیخوازانەی کورد بدەن. لەم بوارەدا تەقەللایان گەیوەتە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی روناکبیری؛ کە ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە، لەرێگەی رۆژنامەیەکەوە، بەجەماوەری کوردستان بگەیەنن. ئەم کۆمەڵەیەیان ناونا: جەمعیەتی کوردستان و ئەو رۆژنامەیەش، کەئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگریٚ، ناونرا: رۆژنامەی بانگی کوردستان.

خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری مستەفا پاشا یامولکیو دەستەی نووسەرانیشی: شێخ نوری شێخ سالح و رەفیق حیلمیو کەمالی بوون. کەمالی

لەم رۆژنامەیەدا گەلێ وردە وتارو شیعری بلاوکردۆتەوە، کە زۆربەیان بریتی بوون لە هاندان و وریاکردنەوەی گەلی کوردو پشتگیریکردنی حکومەتی شێخ مەحمود. بەواتا: کەمالی هەموو گیان و قەڵەم و بیروهۆشی، تەرخانی مەسەلەیەکی پیرۆز کردووە.

ئەوەی شایانی باسە، ئەم رۆژنامەیە، دوای پێکهێنانی حوکمداری شێخ مەحمودی نەمر، بوو بەزمانی حاڵی حوکمدارییەکەو بەتێکچوونی حوکمدارییەکەو داگیرکردنی سلێمانی،لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، ئەمانیش وازیان لە رۆژنامەکە هێناوە.

هەرلەم ماوەیەدا، لەسەر خواست و فرمانی شێخ، وەك لە دیوانی باخی میردا نووسراوە، لای حاکمە سیاسیەکانی ئینگلیز، بووە بە نووسەر، کە ئەو سەردەمە، بەرودوا، لە سلێمانی بوون، وەك: سۆن، گرین هاوس، ئەدمۆندز. دوای ئەم ماوەیە، لەساڵی ١٩٢٤ تا ١٩٢٦ کراوە بە فەرمانبەری دارایی لە هەڵەبجە. بەڵام کە شێخ و لەشکرەکەی چونەتە ئێران، کەمالیش دەستی لە ئیشەکەی هەڵگرتووەو خۆی گەیاندۆتە لایان. ماوەی ساڵێ لای ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا لەسەر راسپاردەی شێخ، دووجار چۆتە تاران و کرماشان بۆ دیدەنیکردنی رەزاشاو هەندێ باڵیۆزی هەندەران لە ئێران و گەیاندنی نامە بەناوبانگەکەی شێخ-ی نەمر، بۆ کۆماری شۆرەوەی.

لەساڵی ١٩٢٨دا، گەراوەتەوە هەڵەبجەو تاساڵی ١٩٥٠ لەوێ نیشتەجێ بووە. ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی کەمال-ی کورە گەورەی بە مووچەخۆری میری لە کەرکوك، دامەزراوە، چۆتە ئەوێو تاساڵی ١٩٦٣ لەوێ ماوەتەوە. لەوەبەدواوە، بۆ ئێجگاریی گەڕاوەتەوە سلێمانی.

پاش بەسەربردنی تەمەنێکی ٨٨ ساڵیی، لەشەوی ١٩٧٤/١١/٢٩دا، کۆچی دوایی ئەکات و لەگردی شێخ محیدین لە سلێمانی، ئەنێژرێ.

هێشتا لە ژیانیشیدا بووە، کە یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی، کۆرێکی رێزلێنانی، لە هۆڵی یانەی فەرمانبەران، بۆ کەمالیو رەمزی مەلا مارف و ئیسماعیل حەقی شاوەیس، سازکرد. دوای مەرگیش، هەر: یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی - کۆرێکی فراوانی ماتەمی بۆگێرا.

کەمالی ی شاعیر:

ئەگەر قوتابخانە شیعرییە کلاسیکیەکەی سەردەمی کۆتـایی میرنشینی بابـان، چەند کەڵە شاعیرێکی تێـدا هەڵکـەوتبێ، بـێ سـێودوو، کـەمالی یەکێکـە لـەو شاعیرانە.

کـەمالی جگـە لـەوەی وەك شـاعیرێکی دوا چـۆری ئـەم قوتابخانـە شـیعرییە: حەمدی، ناری، بێخود، تاکۆتایی ژیانی هەر پەیڕەوی ئەو جۆرە شـیعرەی کـردووە، سەرباری ئەمەش، شـیعری کـوردی لەسـەر دەسـتی کـەمالی‌دا، جـۆرە ڕەوونیـی‌و کردنەوەیـەکی بێ‌گـرێو گۆڵـی بەسـەردا هـاتووە. چونکـە هـەر شـاعیرە هاوسەردەمەکانی کەمالی گرانترو سەختتر دێنە بەر هەسـت و بیسـتن. واتـە: هـەر خوێندەوارێکی شیعری کلاسیکی، شیعری کـەمالی پێ‌تاسـانترە، وەك لـە شـیعری یەکێکی وەکو: بێخود -ی هاوسەردەمی کەمالی.

لێرەدا: وەفایی، مافێکی ڕەوای خۆیەتی، ئەگەر پێی بووترێ: یەکـەم کەسـێك، پێش کەمالی- یش ئەم ڕچەیەی شکاندبێ: وەفایی بووە. وەفایی، لـەم مەیدانـەدا، زۆر وەستایانە، زا ڵ وسوارەو بە دڵنیاییەوە ئەتوانرێ بە شـیعری وەفـایی بووتـرێ: سَهْل مُمْتَنِعْ. هەرچەندە ئەم جیاکردنەوانە، لەنێوان ئەم شاعیرانەدا، هەر تەنیا ئـەم لایەنە ناگرێتەوە، بەڵکو هەریەکە لەم شاعیرانە، جۆرە کەسایەتی تایبـەتی‌و بـۆن و بەرامەی خۆیان هەیە. بۆیە هەر بەو جۆرەش، لە چەندان لایەنی ترەوە سـەربەخۆن. بۆنمونە: ئەو یەکێتی بابەت و گیانە نیمچە ڕۆمانتکیەی لای حەمدی ئەبینرێ، لای کەمالی نیە. یان ئەو هەموو خواستەمەنیەی لای بێخود هەیە، لای کەمالی-نیـە.
هەر بەو جۆرەش، ئەو ڕوونیی‌و ڕەوانیەی لای کەمالی - هەیە، لای ئەوان نیە.

کەواتـە سـەرباری ئـەوەش کـە کـەمالی شـاعیرێکی قوتابخانـەی کلاسـیکی سەردەمی بابانە، لە پاڵیشیا شاعیرێکی دەنگ و ڕەنـگ جیـاوازو بـۆن و بەرامـە سەربەخۆیە. لای کەمالی، کەمتر یەکێتی بابەت بـەدی ئـەکرێ، لەهـەموو کێشـە کورت و درێژەکانی ئەمجۆرە شیعرەدا، شیعری هەیەو لە هـەموویاندا سـەرکەوتووە. لەکۆتایی ژیانیشیا، جگە لەو کێشانە، بە کێشـی خۆمـاڵیش شـیعری زۆر هەیـە. زۆرکـەم لاسـایی شـاعیری تـری کردۆتـەوە. تاقیکردنـەوەی شـاعیرێتی کـەمالی تاقیکردنەوەی کەمالی خۆیەتی؛ چونکە لە ژیانیا، شیعر، هەموو شتێ بووە. بۆیـە بە هەموو دڵنیاییەوە کەمالی شیعری کەمالیانەی نووسـیوە. بـەلای خۆیـەوە لـەو

روانگەیەوە کە خۆی ناسیوەو لەخۆی گەیشتووە کە ئەتوانێ شیعری سەرکەوتوو بنووسێ، لەدوا دواییەکانی ژیانیا، کە پیرێتی پەکی خوێندنەوەی خستبوو شیعری زۆر لاوازی نووسیوە. شیعرێك لە شیعرە پلە نزمەکانی شیعری میللی. لەم رووەوە ئەوەی وێنەیەکی شیعری ساڵی ١٩٣٠ی کەمالی بخوێنێتەوەو بازێك بۆ شیعری دوای ساڵانی ١٩٦٠ بەدواوە بدا، بڕوا ناکات ئەو دوو شیعرە، هی شاعیرێك بن. کەواتە کەمالی شیعری لاوازیشی هەیە. جگە لە شیعری لاواز، ئەوەی بە وردی شیعرەکانی کەمالی بخوێنێتەوە، تێئەگات کە ئەم شاعیرە، فەرهەنگی وشەو خواستەمەنیەکی سنوورداری هەیە. لەم سنوورەدا زۆرجار وێنە شیعرییەکانی خۆی، لە شیعریتریدا دووبارە کردۆتەوە.

کەمالی لە رێگەی شیعرەکانیەوە، ئەوە بە خەلکی ئەلێ کە لە شیعری کوردیدا، شوێن رچەو شوێن پێی ولاتی شیعری مەحویو سالم و ناریو حەمدی - گرتووە:

لەریزی شاعیرانا، بۆیە من ئەمڕۆ سەرئەفرازم
لەشاگردانی بەزمی حەزرەتی (مەحوی) شەکەررازم
لەپاش مەحوی ، هەمیشە پەیرەوی (سالم) ئەکەم، لاکین
بەدڵ زۆر عاشقی هەڵبەستی (ناری) نیکتە پەردازم

هەربۆ دەستنیشانکردنی جێگەی خۆی، ئەڵێ:

پەیڕەوی (حەمدی) ئەکەم، دائیم (کەمالی)، بۆیەوا
ویردی خاص و عامە، ئەشعاری تەرەب ئەفزایی من

بەلام من پڕکێشیی ئەکەم و ئەڵێم: ئەگەر کەمالی، لای خۆی ئەمەی سەلماندبێ، کەچی شیعرەکانی بەو ڕادەیەی کەمالی ئەیەوێ، ئەوە ناگەیەنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، من ئەوەندەی جێپەنجەو رەنگدانەوەی شیعری نالی، لە شیعری کەمالیدا ئەبینم، ئەوەندە زەبرو کارتێکردنی سالم و مەحویو حەمدیو ناری لەسەر نییە. بۆ بەڵگە با ئەم چەند وێنەیەی کەمالی بنووسین، کەئەگەر کوت ومت، شیعری نالی نەبن، ئەوا شیعری نالی-ن و کەمالییانە دارێژراونەتەوە:

١- لەدڵما چی ئەکەیت، پڕ ئاگری عیشقە دەخیلت بم
وەر سەرچاوەکەی چاوم، کە جێگەی باسەفاهێکە
٢- بێرە سەرچاوم سەفاگاهێکی خۆشە گیانەکەم

چی ئــــــەکەیت، هەروای لەناو کلپەو بلێسەی سینەما؟

با ئەم وێنانە بەرامبەر بەم وێنەیەی نالی رابگرین:

تۆ، کەحۆریت، وەرە نێو جــــــەننەتی دیدەم، چ دەکەی
لــــەم دڵەی پڕ شــــەرەرو سینـــــەیی ســـــــۆزانمدا

هەروەها ئەم وێنانەی:

١- نــــــابخەمە سەرکاغەز، ئەسلاً، تاکو ماوم چاوەکەم
نـــــاوی تـــــــۆ دەوران نەکا با قەت لەدەم نامەحرەما

٢- گەر لە باڵای نــــــامەدا ناوت نــەنووسم، زویر مەبە
خۆت ئـــــەزانی دووزمــــــانە، خــامە زۆر نامەحرەمە

٣- قەڵـــــــەم بێگانەیە ناوت نەهێنم زویر مەبە توخودا
رەقیب ئــــــاسا، کە چونـــکە هەر خەریکی دووزبانی بوو

بەرامبەر بەم وێنەیەی (نالی)ن:

کەی دەکـــــات شـــــەرح و بەیاناتی رمووزی دەردی دڵ
روورەشی هــــــــــەروەك دەوات و دووزمانی وەك قەڵەم

هەروەها ئەم وێنانەی:

١- بــــــــۆ من کــە گەدای کۆیی نیگارم بە حەقیقەت
ســــــایە سەری زولفی لـەســـــەرم، بــــــــاڵی هومایە

٢- ئەکەم تەخسیری مولکی هیند ئەگەر ئەو دولبەرە رۆژێ
بخاتە سەر سەرم وەك سێبەری بــــــــاڵی هوما، پەرچەم

بەرامبەر بەم وێنەیەی (نالی)ن:

نـــێلی کە غـــولامی مـــەدەدی زولف و بـــــــــرۆتە
شـــــاهێکە لەبن ســــــــایەیی باڵی دوو هومادا

هەروەها ئەم وێنەیەی:

وتم: خۆ تیــــــــلە چاوت، پێکەنی فەرمووی: برۆ شێتە
تەرازووی نـــــازی مەحبووبان ئەبێ هەر ئەمسەرو سەربێ

بەرامبەر بەم وێنەیەی (نالی)یە:

پێم دەڵێن: مەحبووبە خێل و قیچە مەیــــــــلی شەڕدەکا

خێل و قیچە یاتەرازووی نازی نەختێ سەردەکا؟

وەك وتم لەم بەڵگە هێنانەوەیە، تەنیا مەبەست لەوەبوو، کە زەبرو رەنگدانەوەو جێپەنجەی نالی زۆرتر لەسەرە، وەك لەوەی کەمالی خۆی باس ئەکات، نەك خوانەخواستە کەم کردنەوەی دەسەلاتی شاعیرێتیو زەبرو رەنگدانەوەو جێپەنجەی: سالم و مەحویو حەمدیو ناری، لەسەر شیعرو ئەدەبی کوردی، چونکە هەریەکە لەوانە، لووتکەیەکی جیاوازو سەربلندی خۆیەتیو دنیای ئەدەب و شارستانێتی کوردیان دەوڵەمەند کردووە. بەلاّم ئەم کارتێکردنەی نالی، وەك وتم، هەرچەند بێ، ئەنجامەکەی لای کەمالی، بەوە شکاوەتەوە، کە کەمالی لە ئیشەکەدا، خۆی ئاسایی رەفتاری کردووەو بۆن و بەرامەی سەلیقەی شیعری کردووە بە هەوێنی ئەو شیعرانە.

بێجگە لە ئەو جێپەنجەیەی نال-ی، بەسەر شیعری کەمال-ییەوە؛ کە نالی، وەك دیاردەیەکی زۆر زەق و ئاشکرا، لای هەموو شاعیرانی دوای خۆی، ئەم رەنگدانەوەیەی هەیە؛ تاك و تەرای بەیتەکانی کەمال-ی، هەندێ جێپەنجەی بێخودو نارییو مەحوی یشی پێوەیە. بۆ ئەمەیان ئەڵێم: ئەو دیاردەییەی کارتێکردنە سەریەکتریە، نەك هەر لای کەمالی هەیە، بەڵکو لە نێوان هەموو شاعیرانی سەر بەیەك قوتابخانەی شیعریی هەیە، لە هەموو دنیادا، بەلاّم مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندی بە چەندێتی ئەو کارتێکردن و رەنگدانەوەیە هەیە. جگە لەمانەش ئەگەر سەرژمێرێکی گشتی لایەنی شیعری کەمالی بکەین، زۆربەیان شیعری دڵداریو جوانین؛ شیعری هەستی گریاوی کەمالی - ن بەرامبەر بەو کڵپەو سەودا هەمیشەییەی بۆ عەشق و روخساری جوان هەیبوە. شیعری دۆش دامان و چۆکدادانە لەبەردەم هەموو جوانییەکی مرۆڤ و سروشتدا، شیعری ژیانێکی قەلەندەرایەتیو سەرهەڵگرتنە لەدنیای پارەپەرستیو ریاییو چەوساندنەوەی مرۆڤ.

کەمالی، هەرگیز لەپشتی شیعرەوە، چاوەڕوانی خەلاّتی بەرامبەرو دەستگیرۆیی کەسی نەکردووە. هەر هەندە شیعرانەش کە لە بۆنەو لەسەر خواستی خەڵك وتوونی، لەپشتی وتنەکەوە، قازانجێکی مادیو تایبەتی تیا نەبووە. تەنیا قەناعەتێکی کەمالی بوون، بەرامبەر بەو بۆنەو شتە جوانانەی لەو کەسەدا بوون.

شیعری بۆ بەختەوەری مرۆڤی کورد وتووە. مرۆڤی کوردی هانداوە نیشتمانی

خۆی خۆش بوێت و پشت نەکاتە بەرژەوەندی گـەل. بۆیـە کـەمالی پێش هـەموو شتێك شاعیرێکە، لە بەرەی گەلە. لای کەمالی هەموو شتێك لە پشتـی گەلـەوە، رسوایی‌و خۆدۆڕانـدن و سەرشـۆڕییە.بـەڵام ئەگـەر ئـەم لایەنـەی کـەمالی، وەکـو دیاردەییەك، بەزەقیی لە شیعرەکانیا، لـەچاو یـەکێکی وەکـو حـەمدیدا، کـەمتر ببینرێ، ئەوا سەرتاپای هەڵوێستی کەمالی، ئەوە ئەگەیەنێ کـە هـەموو تەمـەنی خۆی لـە پێنـاوی بەختـەوەریی نەتەوەکـەیدا بەسـەر بـردووە. لەهـەر شـوێنێ ترووسکەیەکی بۆ چارەنووسی کورد بەدی کردبێ، شوێنی کـەوتووەو بـۆی مـاندوو بـووە. دیـارترین تـرووسـکەیەك کـە کـەمالی زۆر بـۆی پـەرۆش بـووە، تروسـکەبزووتنەوەکانی شـێخ مـەحمود بـووە. چونکـە دڵنیـا بـووە لـەوەی ئـەو بزووتنەوەیە، سەرەڕای هەموو ئەو وردە شتانەی کـە دوژمنـانی بزووتنەوەکـە، لـە پاڵیا نوقورچی پێ لە شێخ ئەگرن و هەمیشـە پاشـقول و پیلانیـان ئاراسـتەی ئـەو تروسکەیە کردووە؛ کەمالیی بە پشوویەکی درێژو ورەیەکی بەرزو چاوێکی تیـژەوە، دڵنیا بووە لە پاکێتیو دڵسـۆزیی شـێخ و بـەجۆرێ پشـتگیری کـردووە، کـە دوای مەرگی شێخ-یش رەخنەی لێنـەگرتووە. لەتەنگانـەو خۆشـیدا پشـتی بەرنـەداوە. چونکە زانیویێتی کوژانەوەی ئەو تروسکەیە، کلۆلییو پەرێشانی گـەلی لەدواوەیـە. لەم مەیدانـەدا دکتـۆر عـیزەدین مسـتەفا رەسـول، لەهـەمان ژمـارەی گۆڤـاری رۆشـنبیری نـوێدا ئـەڵێ:(هـەرچی هەڵوێسـتی پیـاوانی وەك کـەمالیو ئەحمـەد موختارو رەفیق حیلمـی-یـە، هەڵوێسـتی پیـاوی نیشـتمان پـەروەری هەسـت بـە مەسئولیەت کەری ئەوتۆیە، کە بۆ چاکەی گەل و نیشتمان، چاویان لە هەموو ئازارو باری تایبەتی خۆیان پۆشیوەو لەگوڵ ناسکتریان بە شێخ نەوتووە..).

ئەمەی کەمالی لەم رووەوە کردوویەتی، جێـی شـانازی ئـەدەبی کوردییـە، کـە سەرتاپای ژیانیییە خـۆیو ئەدەبەکـەی، لـەپێناوی خزمـەتگوزارییو بـەرژەوەندی گەلدا بووە.

سەرنج:

ئـەم نووسـینە ، لـەدووتویێی نووسـینێکی درێژتـردا بووەکـە لـە شـێوەی نامیلکەیەکدا ئامادەیچاپم کردبوو، بە ناونیشانی (دواسەفەری نـالی بـۆ دەرەوەی کوردستان)و تیایدا هەوڵی ساغکردنەوەی ئەو دوا سەفەرەی (نالی)م دابـوو، کـەبۆ دواجارو ئێجگاریی کوردستانی جێهێشت و ئیـتر جـارێکیتر کوردسـتانی باشـوری نەدییەوەو لە ئاوارەییدا، سەری نایەوە.

ئەم نامیلکەیە، برایانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)، کە یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لە شـاخ چـاپ و بلاّوەمـان دەکـردەوە؛ چاویـان پـێ کەوتبوو بە تایبەتی برایانی شاعیر: کاك رەفیق سابیرو کاك هەڤال کوێستانی.

ئەم بەشەش لەو نامیلکەیە، لـە ژمـارە(٤)ی گۆڤـاری نووسـەری کوردسـتان- بەهاری ساڵی ۱۹۸۲ چاپ و بلاّوبۆتەوە. بەلاّم سەرومڕی نامیلکـەی نـاوبراو، لـە هێرشی کیمیاویباران و بۆردومانی هێزەکانی صدام بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکـانی دۆڵی جافەتیو بناری چیـای ئاسـۆس-دا، لەگـەڵ دەیـان نووسـین و شـیعری تـری بلاّونەکراوەمدا، لەناوچوون.

شیعرێک لەنێوان نالیو کوردیدا

-محەمەد حەمە باقی-

رەفیقان من ئــــەوا رۆییم لەلاتان
لە مەزلوومان بلاّ چۆلّ بێ ولاّتتان

حەوت(٧) بەیتی ئەم شیعرە؛ تا چاپکردنی دیوانی (نالی) لەلایەن مامۆستایان: مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کـەریم-ەوە، لای زۆربەی شیعردۆستانی شیعری کلاسیکی، بە شیعری ((مستەفابەگی کـوردی)) دەزانرا..دکتۆر مارف خەزنەدار-یش لەدیوانی (نـالیو فەرهـەنگی نـالی)یەکـەیدا خۆی لەم شیعرە بوواردووەو کەم و زۆر بۆرە ئاماژەیەکیشـی بـۆ نـەکردووە. دیـارە جەنابیشیان پێیوایە شیعرەکە، شـیعری مسـتەفا بـەگی کـوردی-یـە. مامۆسـتا سەعید ناکام-یش هەر ئەم شیعرە، بە شیعری نـالی دەزانـێ..بـەلاّم مامۆسـتایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی، لەبەر رۆشنایی ئەو کۆمەلّە تێکست و دەستنووسانەی لایانەو لەپالّ روونکردنەوەیەکیان نووسیوە، کە ئەمە پوختەکەیەتی:

ئەم پارچە شیعرە، لەزۆربەی دەستنووسەکانی بەردەستماندا دراوەتە پالّ نـالی.. جیاوازیی ئەم (٧) بەیتەو (١٣) بەیتەکەی ناو دیوانی (کوردی)؛ هەندێ ئـالۆگۆڕی زنجیرەو ژمارەی بەیتەکانە..بێجگە لەوەش کە بەیتی یەکەمی هەردووپارچەکـە لـە دیوانی کوردیدا، ((عەزیزان))و لای ئێمە ((رەفیقان))ە..بەیتی یەکەم و سـێیەم و چوارەم و پێنجەم و حەوتەمی ئەم (٧) بەیتە، لەو شیعرە (١٣) بەیتییــەدا هەیـە، کەبەناوی کوردی-یەوە؟ لەدیوانی کوردیدا چاپکراوە..)(دیوان -ل٣١٧).

پێشەکی دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت؛ کـە ئێمـەی کـورد، لەبەرئـەوەی ئەرشـیفی ئەدەبیی نووسراومان لەو چەند دەستنووسە کۆن و تێکستە کەمە تێپەڕ ناکات؛ کە بە رێنووسی عەرەبیو خەتی فارسی، لە هەندێ کـون و قوژبـن و بـاوولّ دا بۆمـان ماوەتەوەو تا ئێستاش ئەم ئەرشیفە هەژارو پەرپووتەمان چۆن هاتبێتە بەردەسـت، هەروا بەبێ توێژینەوەو بژارکـردن، یەکسـەر وەرمـان گرتـووەو تێکسـتەکەی چـۆن بووبێت، لای ئێمەش هەروا بێسێودوو، رۆیشتووە.

بەڕای‌من، ئەمە کارێکی پێچەوانەی ڕێبازی زانست و ساغکردنەوەی زانستییانەیە..بۆ وێنە: تا ئێستا ئەو دیوانگەلە شیعرانەی لە لایەن مامۆستا (گیو موکریانی)یەوە چاپکراون، زۆربەی شیعری شاعیرەکان، تێکەڵ و پێکەڵ کراون..شیعری ئەم دراوەتە پاڵ ئەو؛ ئەو دراوەتە پاڵ ئەم..هەربەم جۆرەش هەندێ نووسیاری لەمەوبەرمان، وەك ئەم مامۆستایەیان کردووەو دەستنووس و تێکستە جێماوەکانی ئەوانیش، شتێکە لەم بابەتەو پێویستە لەسەر هەر دەستنووسێك، چەندان جار چاوی‌بژارو جیاکردنەوەیان پێدا بگێڕدرێتەوە..بۆ ئەوەی شیعری شاعیرێك، بەزۆرەملێو بەبێ بەڵگەو سەلماندن؛ بەسەر شاعیرێکی‌تردا نەسەپێت..یان جیاکردنەوەی شیعری جوان، جوان و هەڵبژاردەی شاعیرێکی ترو لکاندنی بە شاعیرێکی ترەوە (لەبەر هەر مەبەستێك بێت)، روو نەدات..

بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پێویستە ئەوە بزانین کە هەموو شاعیرێك، لەسنوورێکی دیاریکراودا، کۆمەڵێك واژەو وێنەو شێوەی دارشتن و سنعەتسازیی خۆی هەیەو..ئەو فەرهەنگەی شاعیرێك بەکاری دەهێنێ، لەزۆر رووەوە زۆرجیاوازترە لە فەرهەنگی واژەی شاعیرێکی تر.. ئەو تەکنینك و کەسایەتی‌و تایبەتمەندییەی شاعیرێك هەیەتی؛ گەلێ جیاوازترە لە جێپەنجەو سنعەتسازیی‌و تایبەتمەندیی شاعیرێکی‌تر..کە ئەنجام وا هەست پێدەکرێ شاعیرەکە دنیایەکی تایبەتی‌و بۆن و بەرامەیەکی سەربەخۆی دەبێ..یان بە واتەیەکی‌تر، وەك مامۆستا (مەسعود محەمەد) دەڵێ: ((ناسینەوەی شیعری شاعیر؛ بۆ زەوقی شیعردۆست، تارادەیەك وەك ناسینەوەی دەنگی گۆرانیبێژە)). ئەمە لەکاتێکدا کە شاعیرەکە دەنگی تایبەتی‌و شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت؛ بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەکو (نالی)، کە ئێمە لەرووی ئەم شیعرەوە مەبەستمانە.

سەبارەت بەم شیعرەش؛ پێش ئەوەی ئەم چەند بەیتەش بەناوی نالی-یەوە چاپ بکرێت، دەمێکە پێم وایە سەرتاپای ئەم شیعرە هی نالی-یە؛ چونکە ئەوەی نالی‌دۆست بێت، دەزانێت سنعەتسازیی‌و جێپەنجەی هونەری شیعری (نالی)، بەزەقی بەم شیعرەوە دیارە. واتە: بۆن و بەرامەو کەش و هەوای (نالی) هاوار دەکات.. تەکنیکی شیعر، لای (نالی)، وەك تەکنیکی زۆر شتی سروشتیی‌وایە، چونکە ژانی لەدایکبوونی شیعر لای (نالی)، ئەوەندە سروشتیی‌و بێ درێژە؛ کە هاتوونەتە دنیاوەو چاویان هەڵهێناوە، هیچ سیماو نیشانەیەکی لەباربردن و زۆر

لەخۆکردنیان پێوە نـابینرێت؛ بـە جۆرێـك وەك (کیتـس) دەڵێـت: وەك چرۆکردنـی گـەڵای درەخـت وان؛ چـۆن لـەوەرزی چرۆکردنـدا، بـەکاوەخۆ چـرۆ دەکـەن، سەردەردەهێنن..شیعریش لای (نالی)، ئاوا لە وەرزی خۆیـاندا، دوای دەم کێشـان؛ دوای پیشان، دوای بژارو ئارایشتێکی هەناسـەدرێژو سـەلیقەیەکی بـەرز، لـەدایك بوون..

زۆرجار کە لە شیعرێکی (نالی) ورد دەبمەوە، وا هەست دەکەم شیعرەکە هەر لـە بنەڕەتدا خۆڕسکەو دەستی مرۆڤی نەگەیشتوتێ.. وەك چۆن درەختێك، بەبێ ئەوەی کەس نەخشەی چۆنێتی لق و پۆپ دەرکردنی کێشابێت؛ یان چۆن شێوەی هەڵکەوتن و دروستبوونی چیای (پیرەمەگروون)و (هەندرێن)، هەر لـە سروشـتدا وان و ئەگـەر دەستکاری بکرێن، یان ئاڵوگۆر بە جێگاکانیان بکرێت، یەکسـەر پێیانـەوە دیـارە؛ شـیعری نـالی-یشـم وا دێتـە بـەرچاو، کـە ئەگـەر دەسـتکاری هـەندێ واژەو جێگاگۆڕکێیان پێبکرێت، بنچینەو سروشتی بەیتەکە، وەك ئەو شـوێنانەی لێدێـت؛ کە بوومەلەرزە کاولیان دەکات.. یان وەك (ئەدۆنیس) واتەنی: وەك ئـەو پایانـەیان لێدێت کە ئەگەر خشتێکیان لێ دەربهێنرێت، سـەرتاپای پایەکـە دەڕووخێـت..بـە پێچەوانـەی شـیعری تـرەوە کـە گـەلێك جـار ئـاڵ و گۆرکردنـی واژەیـەك، یـان لێدەرهێنـانی واژەیـەکیان، هیـچ لـە تـەکنیك و مۆسـیقاو واتـای شـیعرەکە ناگۆڕێت..ئەوەی شارەزای شیعری نالیبێت، دەزانێت شیعری (نالی) گەنجینەیەکـە؛ هەر بەیتێکی، هەر واژەیەکی چەندان وردەکاریو مەودای ماناو مەجازییو وێنـەی ئاخنراوی تێدایە..رێدەکەوێت لە تاکە بـەیتێکی (نـالی)دا، چـەندان وێنـەی جیـاو تێکەڵی تێدا بێت..بە جۆرێك دەبێتـە جـێی رامـان و حەپەسـان، کـە چـۆن ئـەم شاعیرە، ئەم هەموو وردەکـارییو سنعەتسـازییو وێنـە زۆرەی لەتـەنیا بـەیتێکدا کۆکردۆتـەوە..ئـەوەندەی شـیعری (نـالی)، لای خوێنـەر، جێـی وردبوونـەوەو لەنگەرگرتنە؛ شیعری هیچ شاعیرێکی ترمان وانییە..بۆیـە بـەناو دنیـای شیعری (نالی)دا تێپەڕ دەبم، دەڵێی بەسـواری ئۆتۆمبیلێکـی خـێرا، بـەناو شـارێکی زۆر جوان دا تێپەڕ دەبم.. ئالـەو شـارە جوانـەی (نـالی)دا، هـەموو شـتەکان جیـاوازو تایبەتن..هیچ شتێکی ئەم شـارە، لـەهیچ شـتێکی شـارێکی تـر نـاچێت..دەشـێ شـارەکانیتر چاویـان لـەم کردبێـت و جێپەنجـەو نیشـانەی ئـەمیان پێـوە دیـار بێت..بەڵام شارەکەی ئەم: (نالی)، رەنگڕێژو دەستکردو پەرداخەی خۆیەتی..کەواتە

چۆن ئەوەی رووباری (سیروان)و چیای (پیرەمەگروون)ی دیبێت، ئیتر شێوەیانی لێ ون نابێت و لەنزیك و دوورەوە دەیانناسێتەوە؛ ئاوا شیعری (نالی)یش ئەم سروشتە خۆڕسکەی هەیە؛ هەر لە دوورەوە دەناسرێتەوە.

با ئێستا لەگەڵ تەواوی شیعرەکەدا بژین، بۆ ئەوەی بزانین دەتوانین هەندێ جیاوازیو بەراوردکاریی، لای (نالی)و (کوردی) دەستنیشان بکەین!:

رەفیقان من ئەوا رۆییم لەلاتان
لەمەزلوومان بلاّ چۆلّ بێ ولاّتتان
بلاّ سا شار بەشارو دێ بەدێ بین
لەدەست یاران بکەین تەیی ولاّتان
مەلّێن کەلّکی نەبوو، رۆیی جەهەننەم
سەرم قەلّغانە بۆ تیری قەزاتان
کە من رۆییم، جەهەننەم پڕ مەکەن لێم
لەمن خالّی مەکەن کۆشك و سەراتان
کە ئێوەن پادشای لوتف و عەدالەت
بەخودا حەیفە برەنجێنن گەداتان
ئەگەرچی (خاك و خۆلّ)ە رەهگوزارم
بەسەرما خۆ گوزەر ناکا سەباتان
جەفاتان دام وکوژتمتان بەزاری
نزوولی رەحمەتە جەورو جەفاتان
وەرە بنوارە چاوی پڕ لە خوێنم
بە تەفصیلات ببینن ماجەراتان
ئیلاهی من ببم رۆژی دووسەدجار
بەقوربانی گەداو پادشاتان
نەسیمی کۆیتۆ، خاتر دەکا جەم
بە بۆی گورەی پەشێوی پانیاتان
منم سەرکردەتان بۆ لەشکری خەم
دەترسم من بڕۆم، بشکێ سوپاتان
شکاری وەحشییان بەس دەستەمۆکەن

نـــەوەك بـــەربێ شـــكاری خانەزاتان
ئەگەر سەر بوو، ئەگەر دڵ بـوو، ئەگەر رۆح
هـــەموو رۆیین؛ چییـــــە ئیتر تەماتان؟
سەفەرمان چونكە رێی هــــات و نەهاتە
دوعامــــان بۆ بكەن، ئـێوەو خوداتـــان
ئەوەندە ئەرجوو دەكـــا (نالی)؛ كە جارجار
بكەن یـــــادی موحیبی بێ ریـــاتان
بـــا ئەم چەند بەیتە بەســـەر بكەینەوە:
رەفیقـــان من ئەوا رۆییم لـــــەلاتان
لە مــــــــەزلوومان بلاّ چۆڵ بێ ولاّتتان
بلاّ ســـا شاریەشـــارو دێبــــەدێ بین
لەدەســـت یـــاران بكەین ئەبێ ولاّتان

من سەرتاپای ئەو هەردوو دیوانــەی (مستەفا بـەگی كـوردی)م پشـكنی؛ كـە مامۆستایان: (كوردیو مەریوانی)و (گیو موكریانی) چاپیان كردووە؛ واژەی (بـلاّ)ن كە بەمانای: (لێی گەڕێ، قەیناكە، باوابێ)یە، تیایاندا نەبوو. ئەگەرچیش (نـالی)و (كوردی) لەرووی فەرهەنگی واژەوە لە یەكتر نزیكن؛ كەچی ئەم واژەیەو ئـەم چـەند وشەیەی دوایی؛ كە لەهەندێ بەیتی تری ئەم شـیعرەدا باسـیان دەكـەین، هـەر بـە تەنیا (نالی) لە چەند جێگەی تری دیوانەكەیدا بـەكاری هێنـاون، وەك ئـەم چـەند نموونانەی لەم بەیتانەدا هەن:

١- چونكە نەتكرد قوڕ بەسەریا، تاوەكو تەسكین ببێ
مەیدەرە بەر پێلەقە، توخوا (بلاّ) بگری بەتاو (دیوان – ل ٣٦٦)

٢- (بلاّ) بۆ كوندەبوو بێ، مفتی مشك و ماری كەندوو بێ
خەطیرەی گەنجی وێرانە، زەخیرەی كونجی كاشانە (دیوان – ل٤٨٣)

٣- گەهێ ئاهو رەوش شاهی، گەهێ گەوهەر مەنیش ماهی
(بلاّ) با سینە سەحرابێ، (بلاّ) با دیدە دەریابێ (دیوان – ل٦٠٢)

٤- ئەگەر تەكیە، ئەگەر شێخە، هەموو داوی عەلایق بوون
(بلاّ) نالی بچێ مەستی خەرابات و موجەڕەد بێ (دیوان – ل٦٣٢)

یان وشەی (بنواڕە)، كە لەم بەیتەدا هەیە:

وەرە (بنوارِە) چاوی پڕ لەخوێنم
بە تەفصیلات ببینن ماجەراتان

کە ئەم واژەی (بنوارِە)یەی، لەم چەند بەیتەدا بەمجۆرە دووبارە کردۆتەوە:

١ـ وا ظه ن مەبە روخسارەیی تۆ، غائیبە قوربان
(بنوارِە) چلۆن نەقشە، لەنێو دیدەیی تەڕما (دیوان - ل١٢١)

٢ـ (بنوارِە) بوونی ئەووەڵت و چوونی ئاخرت
هاتی چ رووت و قووت، هەلاتی چ لووس و پووس؟ (دیوان - ل٢٣٩)

٣ ـ گەر ئاب و تابی جەننەتی بۆ دۆخیت دەوێ
(بنوارِە) نێوچەوانی بەشووش و برۆی عەبووس (دیوان - ل٢٤٠)

٤ - وەرە (بنوارِە) دوو دەستی حەناییم
حەنایی چی؟ هەموو هەر خوێنە قوربان (دیوان - ل٣١٥)

٥ ـ ئەی شەمسی مایەپەروەرو ئیکسیری خاك
(بنوارِە) حالّی هالیکی ئەم خاکە ئەحقەرە (دیوان - ل٤٣١)

٦ - (بنوارە) وشکەسۆفیو رەقسی بەهەلهەلە
دیسان لەبەحری وشکی هەوا، کەوتە پیّمەلە (دیوان - ل٤٦٧)

٧ ـ (بنوارە): سروشکی من، کە لێلاوە، غوباری کوه و هاموونە
وەرە سەرچاوەکەم (بنوارە)، وەك ئاوێنە، چەند روونە (دیوان - ل٥٣٠)

٨ ـ (بنوارە) نەوبەهارو فتوحاتی گوڵشەنی
گوڵ زاری کردەوە، لەدەمی، خونچە پێکەنی (دیوان - ل٦٢٢)

٩ ـ (بنوارە) خوشیی رەقسی لەگەڵ خەرقەیی ئەزرەق
مومکین نییە بەم پاکییە، لەم ئەرزە، سەمابێ

هەروەها واژەی (طورِە)؛ کە لەم بەیتەدا هەیە:

نەسیمی کۆی تۆ، خاتر دەکا جەم
بە بۆی طورەی پـــەشێوی پانیاتان

(نالی) لەم چەند جێگایەی تردا، ئەم واژەیە بەمجۆرە بەکار دەهێنێ:

١ ـ تاتایی سەری (طورەیی) پڕ پێچشی بادا
هەر تایەکی بارێکی گوڵ و ئافە بەبادا (دیوان - ل٨٣)

٢ ـ (طورِەت) وەکو تۆماری شکستەو سەری کوڵمت

بۆ نووری سەوادم بووەتە شەمعی موتالاٚ (دیوان - ل١١٦)

٣ ـ شایستەی شان، لایقی، مل ، (طورەیی) تۆیە

نەك (طورەیی) شاهەنشەهیو تەوقی وەزارەت (دیوان - ل١٤٥)

٤ ـ بۆ مەشقی عەشقی زولّفی نیگارو نیگارشی

نالی لەخامەدا بووەتە شاهی (طورەنووس) (دیوان - ل٢٤٠)

٥ ـ وەك (طورەیی) پێچیدەیی تۆ؛ ساغ و شکستەم

وەك نەرگسی نادیدەیی تۆ، خۆش و نەخۆشم (دیوان - ل٢٨١)

٦ ـ سەوادی ئەو، ئیشتیهای سەهوی جوان

بەیازی (طورەیی) ئەم، ئینتیباهی سوجدەیی پیر (دیوان - ل٢٠٦)

٧ ـ لەشەوقی رووی شەمع و زولّفی دوودو (طورەیی) مەحجەر

سوپەندو عوودو پەروانە، بخوورو غالیبە سووتن (دیوان - ل٣٢٩)

٨ ـ بە (طورە) وەك پەڕی تاوس، بە گەردەن ئاهوون؛ یەعنی

لەسەر ئاهوویی گەردەن، هەردوو حەلقەی داوە زولّفەینی(دیوان - ل٦٧٧)

٩- رەیاحین پەرچەم و لالە کولاٚه و یاسەمین (طورە)

بە نەخشە خالٚ و، نەرگس چاوو گولٚ زارو سەمەن ساقە (دیوان - ل٤٥٥)

١٠- لەدنیا جەننەتی باقی تەلاری شاهییە، ساقی

حەبیبە (طورەیی) تەوقی ملی (شیرین)و (عەزرا)یە (دیوان - ل٥٦٩)

دیسان واژەی (دەستەمۆ)، کە لەم بەیتەدا هەیە:

شکاری وەحشییان بەس (دەستەمۆ)کەن

نەوەك بەربێ شکاری خانەزاتان

لەم بەیتەشدا دووبارەی کردۆتەوە:

لێم حەرامە دانەو ئاوی حەماماتی حەرەم

من کەبازی دیدە بازم، نەك شەوارەی (دەستەمۆ)م (دیوان - ل٣٠١)

یان کە لە بەیتی دواییدا دەلّێ:

ئەوەندە ئەرجوو دەکا (نالی)، کە جارجار

بکەن یادی موحیبی بێ ریاتان

واژەی (ریا)، کە (نالی) سەرکەش و سەربلّندە، زۆر رقی لێی بووە؛ لەگەلّێك جێگەی تری دیوانەکەیدا بە قێزو بێزەوە بەکاری دەهێنێ. ئەمە نیشانە گەورەکەی

(نالی)یە، کە هەمیشە سەربەرزو نەفس بەرز بووەو هەرگیز چاوشۆڕی کەس نەبووە، کە (ریایی) لەبەردەمدا بکات؛ بۆیە لەچەند شیعرێکی تریدا واژەی (ریا) بەم شێوانە بەکار دەهێنێ:

١ـ خاتری زاهیدی خاڵی، خاڵی
نییە ئەڵبەتە لە بێنێکی (ریا) (دیوان – ل١٢١)

٢ ـ ریشەکەی پان و درێژە، بۆ (ریا) خزمەت دەکا
زاهیرە هەرکەس بە گوول و عەرضی ریشیدا (ریا) (دیوان – ل١٢٨)

٣ ـ خۆشترە عوزری گونەهکاران لەسەد زیکری (ریا)
ئەم بە نەرمیی عەفوە عەفوە، ئەو بە توندی عەف عەفە (دیوان – ل٤٥٢)

٤ ـ سۆفی (ریا)یە خەڵوەتی، بێنی بەهاری کرد
هاتە دەرێ لە سایەی چایەر، حەسایەوە (دیوان – ل٥٥٤)

٥ ـ نالی کە ویقاری نییە، بێباکە لە خەڵقی
سۆفی کە سلوکێکی هەیە، عوجب و (ریا)یە (دیوان – ل٥٦٥)

٦ ـ بە (ریا) باری تەکالیفی رسوومی بۆ خەڵق
چ دەکێشێ؟ ئەمە حومقێکە، عەلاوەی کەرییە (دیوان – ل٥٨٦)

بەڵام واژەی (ریا) ، هەر لەم تاکە بەیتەی (کوردی)دا هەیە:

مەکەن مەنعم لە ئاهوو ناڵە، (کوردی)
سەبووری خۆی (ریا)کارانە، ئەمشەو

یان (نالی)، کە دەڵێ:

منم سەرکردەتان بۆ لەشکری خەم
دەترسم من برۆم، بشکێ سوپاتان

ئەم واژە لێکدراوانەی وەك: (لەشکری خەم)، کە بەدوو واژە، ئەم وێنە سەیرە دروست دەکات؛ شتێکە هەر ئیشی (نالی)یە..ئەم ئیشانەی (نالی)، من وام دێتە بەرچاو، کە دوو تەلی کارەبا: ساردو گەرم، لێکدەدات و ئەنجام کلپەیەك، برووسکەیەك، ئاگرێك، رووناکیەك..بەدەستەوە دەدات. بەڵام لای (نالی)، ئەم لێکدانی دوو واژەیە، ئەم وێنە شیعرییانە دروست دەکات.

با بۆ وێنەی تری لەم بابەتەی (نالی)، چەند شیعرێکی تری بگرین؛ کە هەمان سنعەتسازییان تێدایە:

١ ـ تیرەکەی ئەو رۆژە، مەحبووبەم لوتفی کرد بەمن
گەر نەبەخشێ مەرهەمی وەسڵی، برینم کارییە (دیوان - ل٥٨٣)

دەشێ لەهەموو دەرمانخانەیەکدا جۆرەها مەرهەم چنگ بکەوێت..بەلاَم لە هیچ دەرمانخانەیەکدا (مەرهەمی وەسل) نییە..کەچی لە حەقیقەتیشدا (مەرهەمی وەسڵ) هەیە..(مەرهەمی وەسڵ)، لای عاشق، ئەو دیدەنیو سەردانە پیرۆزەیە، کە دڵدار، سەر لە دڵدارە پێکراوەکەی خۆی دەدات..دیارە دڵدارە پێکراوەکە، ئەو دیدەنیو سەردان و (وەسڵ)ە، بۆی دەبێ بە دەرمان و مەرهەمێکی کاریگەر، کە زامەکانی سارێژ دەکات.

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بێتۆ (دیوان - ل٣٨٢)

لێرەشدا (شەربەتی دیدار)، جۆرێکە لە وێنەیەکی پێشووتر.. دیداری دڵدار ئەوەندە شیرینە، هەموو شەربەتێکی تر لە ئاستیدا تاڵە؛ بۆیە ئەگەر وەك شتی (ماددی)، شەربەتی - دیدار، لای دڵدار نەبێت، ئەوا شەربەتی دیدار، ئەو روخسارە خاوێنەی دڵدارە؛ کە شەربەت و هەنگوین و شەکرێکی رۆحیی، دەرژێنێتە گیانەوە.. ئەو گیانەی، ژیان پڕی کردووە لە تالاَو..لەکاتی دیدەنیدا پڕ دەبێ لە شیرینی..

یان

دەورانییە، وەك هێلەکی سەودا، سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەثەلە، هەرچی دەبێژم (دیوان - ل٢٧٦)

ئێمە هەموومان بەو شتە دەڵێین (هێلەك)، کە (کەمە)یەکی جوغزداری هەیەو ژێرەکەی بەتۆری کون ورد، یان ژێی وردو چنراو، دروستکراوە. کەچی لێرەدا (هێلەك)، سەری (نالی) خۆیەتی! بەلاَم کەللە سەرێکی ئاسایی نا؛ کەللە سەرێکی پڕ جۆش و خرۆش و ئاهەنگی سووتانی عەشقێکی گەورە.. ئەو هێلەکەی سەری (نالی)، هێلەکێکی سەودایە..ئینجا ورد ببنەوە؛ هێلەك خۆی لەکاتی بەکارهێنان و کارپێکردندا، دەجوولێو دەخولێتەوە..سەرباری ئەوەش ئەو هێلەکە، عاشق بێت! ئەوە ئەو هێلەکە سەودایە دەردەچێ، کە سەلیقەی (نالی) وای لێدەکات هەرچی ببێژێ؛ لە پەندو وتەی بە قەوارە بچووك و بەمانا گەورەی لێ پێك دێت.

یان:

لەحەسرەت سەرووی قەدت، چاوی نالی
دوو جۆگە، بەڵکو دوو رووبـــارە بیّ‌تۆ (دیوان - ل٣٨٤)

ئەم واژەی (سەروو)ە، لەگەڵ واژەی (قەد)دا، لێکدەدرێن؛ (سەرووی قەد)یـان لیّ پێکدێت،کە تێکرا وێنەی بالاّیەکی بەرزو رێکی دلّدارەکەی (نالی)مان دێنێتە پێش چاو.

ئەگەر بـۆ وێنـەی تـری رەم بابەتـەی (نـالی) بگـەرێین؛ کـە ئـەم جووتـە واژە لێکدراوانەی وەك(لەشکری خـەم، مەرهـەمی وەسـڵ، شـەربەتی دیـدار، هێڵـەکی سەودا، سەرووی قەد)یان لیّ پێکهاتووە؛ وێنەی تر لە دیوانی (نالی)دا زۆرە.

بەلاّم وابزانم ئەو چەند وێنەیە، تینوێتی ئەم مەبەستەمان دەشکێنیّ..

هەروەها ئەم بەیتەی:

ئەوەندە ئەرجوو دەکا (نالی)، کە جارجار
بکەن یـــادی موحیبی بیّ ریـــاتان

چەند نزیکە هەر لەم بەیتەی (نالی) خۆی:

رەنگی زەردو سووری خەوف و خەجلەتی، ئاوی حەیای
وا تکاو ئەرجوو دەکەن عەفووی بکات وەك عەبدی خۆی (دیوان - ل٦٩٢)

ئەم بەیتانە وا .. دیسان هەر بەیتێکی تری ئەم شیعرە، کە دەلیّ:

ئەگەرچی (خاك و خۆڵ)ە، رەهگوزارم
بەســـــرما خۆ گوزەر ناکا سەباتان

یەکســەرو دەم و دەســت ئــەوەمان بـیر دێتـــەوە، کــە (نــالی) وەك هــەموو واژەسازییەکی، واتە: خۆی ئاسایی، ئەگەر لەواژەی (خاك وخۆڵ)، چەند مانايـــەکی مەبەست بووبێت، ئەوا (یــەکێك) لــەو مانایانــە، ئــەو گونـدی (خـاك و خـۆڵ)ەی مەبەستە؛ کە خۆی تیایدا هاتۆتە دنیاوە؛ کــە ئەمــە هیــچ گومـانێك ناهێڵێتــەوە لەودی کە لەم بەیتەدا دەلیّ: جیّ نزرگـەو هەوارگـەو هـاتووچۆم، هـەر بـۆ (خـاك وخۆڵ)ە..ئەو (خاك و خۆڵ)ەی کە هەمیشە لە بیرەوەری (نالی)دا زیندوو بووەو لــە نزیك و دوورەوە، بــە حەسـرەتی دیدەنییــەوە بــووە.. ئــەوەتا لــە (شـام)ەوە؛ لــەو قەسیدەیەدا، کە بۆ (سالم)ی شاعیرو هاورێی نووسیوە، هەر (خاك و خۆڵ) دەژی:

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاك و خۆڵ)
هەتا نەکەی بەخاکی (سولەیمانی) یا عوبوور (دیوان - ل١٨١)

یان لەم شیعرەی تریدا؛ کە دیارە هەر لە دەرەوەی کوردستان نووسیوێتی:

تری عینه الابدان م (خاك وخۆڵ)ە

تری منذل الاوراق من توزو گردە (دیوان - ل٤٠٣)

جگە لەمانەش، کاکڵەی شیعرەکە، بە کتێبێکی بابەتیی یەکگرتووی تێدایە؛ کە ئەم دیاردەییە لە زۆربەی شیعرەکانی (نالی)دا بەرچاومان دەکەوێو کەمتر لە شیعری (کوردی)دا دەبینرێ.

سەرباری هەموو ئەمانەش، ئەوەندەی ئێمە(نالی) دەناسین؛ زۆرتر وەك شاعیرێکی ئاوارەو دەربەدەرو سەرهەڵگرتوو دەیناسین؛ کە ئەم شیعرە، ئەو سیما گەورە پڕ سەفەرو کۆچە ڕۆحییو هەمیشەییەی تێدایە.

کەواتە ئەم بەڵگانە بەسن بۆ ئەوەی بڵێین: ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا هەر شیعری (نالی)یە..جیا لەمانەش لەناو ئەو چەند دەستنووس و تێکستانەی هەر لای مامۆستایان (مەلا عبدولکەریمی مودەریس و کورەکانی)دا هەن: لە پاکترین دەستنووسیاندا؛ کەهی مامۆستا (مەلا محەمەدی عبدولکەریمی چرۆستانی)یە، (٧) حەوت بەیتی ئەم شیعرە، بە شیعری (نالی) دانراوە..لە کاتێکدا لە هەردوو شیعرەکەدا، بەیتی یەکەم، بێجگە لە واژەی (عەزیزان)و (ڕەفیقان)، وەك یەکەو بەیتی دواییش لەهەردوو جێگاکەدا وەك یەکە.. ئەو تێهەڵکێش و خواستنەی کە ئەم مامۆستایانە دەڵێن گوایە (مستەفا بەگی کوردی)، بۆ شیعرێکی خۆی، ئەو چەند بەیتەی (نالی) خواستبێت؛ من وەك سەرنجم لە دیوانی هەرسێ شاعیرەکەی میرنشینی بابان: (نالی، سالم، کوردی)داوە؛ بەشێکی لەم خواستنەم بەرچاو نەکەوتووە..ئەمجۆرە خواستنە لەنێوان شیعرەکانی (بێسارانیو مەولەویو ئەحمە بەگی کۆماسی)دا هەبووە. بەڵام لای ئەمان نییە. دەڵێم لای ئەمان نییە؛ ئەگینا دوای ئەمان شتی وا هەیە..*

---

*: گۆڤاری نووسەری کوردستان - ژمارە (٤) بەهاری ١٩٨٢

سەرنج: مەبەست لە دیوانی ((نالی))؛ ئەو دیوانەیە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و کورەکانی: کاك فاتیح و کاك محەمەد ئامادەو چاپیان کردووە. چاپخانەی کۆری زانیاری کورد - بەغدا - ساڵی ١٩٧٦.

ڕەخنەی ئێمەو خۆزگەی من

بەو هۆیەوە کە ڕەخنە، لەچاو بەشەکانی تری ئەدەبداو بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دوورو دراوسێماندا، تەمەنی زۆر درێژ نییە، بۆیە هێشتا بە تەواوی شوێن پێی خۆی لە ئەدەبەکەماندا نەکردۆتەوەو کاتێکیش کە ڕەخنە لای ئێمە لە چرۆکردندا بوو، شەپۆل و تەوژمی ئایدیۆلۆژیا، دەسلاتی بەسەر ئەدەبدا پەیداکردو ڕەخنەش وەك دەستە خوشکەکانی تری بەشەکانی ئەدەب، سێبەری بڕیاری ئایدیۆلۆژیای کەوتە سەر. کە هەر ئەم سێبەرە قورسە، خۆی لە خۆیدا، لای ئەدیب و هونەرمەندی ڕەسەن و داهێنەر، سێبەرێکی قورسو تاریکی هەبوو. چونکە لەم تەمەنە ئێجگار کورتەی ڕەخنەدا لای ئێمە، ئەگەر سەرنجێکی ورد لەو چەند لاپەڕەیە بدەین، کە لەم چل پەنجا ساڵەی دواییدا، بەناوی ڕەخنەوە نووسراوە؛ جگە لە چەند لاپەڕەیەکی گەش و ئابڕوومەند، ئیتر هەمووی بریتییە لە نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ساردوسڕی ئایدیۆلۆژیا ئامێزی بەرهەمەکە، وەك: کۆنەپەرست، پێشکەوتنخواز، شۆڤینیست، ناسیۆنالیست، ریالیزمی سۆسیالیست، ریالیزمی‌و..ناوو ناتۆرەو تانەو تەشەر لە بەرهەمەکەو لە نووسەرەکەش. کە ئاکامیش، ئەوەندە باس و خواسی لاوەکی ئاخنراوەتە ڕەخنەکەوەو ئەوەندە شتی سەیرو سەمەرەو دوور لە خودی دەقەکەوە باسکراوە، خوێندەواری بەسزمان، سەرەداوی نیازو مەبەستەکەی لا گوم بووەو نازانێ باس لە چ ئەکرێ!. لە کاتێکا پەیامی ڕەخنە، شتێکی ترەو لەمانە پیروزترەو ڕەخنەگر لەناو ئەدەبی گەلانی پێشکەوتوودا پێی ئەوترێ: داهێنەرێکی ترو لەسەری پێویستە لایەنە شاراوەو نەدیوەکانی بەرهەمەکە ببینێ‌و شوێن سنعەتسازی‌و وشەئارایی‌و داڕشتنی پەخشانی دەقەکەو ناسینەوەی بۆن و بەرامەی دەقەکەو لێکدانەوەی ڕەمزەکان و مەودا دیتنەوە، بۆ مانای چەندین لایەنەی وشەکان و لەسەروو ئەمانیشەوە شوێن پێ‌هەڵگرتنی پەروەردەی فەرهەنگیی‌و فیکریی‌و هونەریی هەمەلایەنەی نووسەرەکەو دیدو فەلسەفەی بۆ ژیان و مردن و ڕووداوەکانی دەوروپشتی‌و؛ دیتنی تێکڕای ئەمانەش، بە پێوانەی کات و شوێنی دەقەکە، سەیر بکات. کە ئەگەر پێشەکیش ڕەخنەگر خاوەنی زانیاریەکی دەوڵەمەند نەبێ لە مەیدانە جۆربەجۆرەکانی فەرهەنگدا، ئەوە هەر لە بنچینەوە لە تێگەیشتنی زاراوەی ڕەخنە

نەگەیشتووە. چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی، بریتی‌یە لە سەرتاپای زانینە جیاجیاکانی ئەو نووسەرە، کە لە دەقەکەدا رەنگ ئەداتەوە؛ نەك تەنیا یەکێك لە بوارەکانی فەرهەنگ و زانیاری.

بۆیە لەم تێگەیشتنە ئاوەژووەی رەخنەدا، ئەوەندەی پێناسەی ئایدیۆلۆژیانەمان لەسەر پێوانەی ئەدیبان و شاعیرانی گەورەی وەك: توفیق وەهبی‌و پیرەمێرد و گۆران بیستووە، ئەوەندە پێناسەی راستەقینەی ئەدەبی تەواومان لەسەریان نەبیستووە.!

لەبەرئەوە بۆ راستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە چەواشەیە، لەمانای زاراوەی رەخنە، پێویستمان بەو رەخنەیە هەیە، کە شوێن پێی بەرهەمە ئەدەبیەکە بکەوێ‌و لەناوجەرگەی دیتن و گەڕان و پشکنینی بەرهەمەکەوە، قسە لەسەر دەقەکە بکات نەك لەدیوی دەرەوەی دەقەکە. کە ئەمە تا ئێستا وای کردووە، ئەو نووسینانەی بەناوی رەخنەوە لەسەر بەرهەمێك بنووسرێ، پێشەکی ئەوەی خۆی بە رەخنەگر زانیوە، بریاری ئامادەکراوی لەسەر دەقەکەو لەسەر نووسەرکەش گەلاڵە کردووە، بەمەش هەرچی دەرگاکانی تێگەیشتنی ئەدەبیی هەیە، لەسەر خۆی‌و لەسەر خوێنەواران پێوەداوە. بە بێ‌ئەوەی لەوە بگات کە لە سەرێکەوە: خۆڵی کردۆتە چاوی خوێنەران و، لەسەرێکی تریشەوە لەوە ناگات، کە تەمەنی بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەری رەسەن، لە تەمەنی ئەو نووسینە کاڵ وکرچانە درێژترەو ژیان و نەمریی لەگەڵ خۆیدا هەڵئەگرێ‌و رۆژێك ئەبێ رەخنەگری بە توانا‌و بە سەلیقەو بێ‌لایەن، لە دیدی ئەدەبیەوە بینرخێنێ. هەروەك چۆن تا ئێستا نالی و مەولەوی و مەحوی و چەندانی تریشمان، چاوەڕێی رەخنەگری لێهاتوو ئەکەن؛ کە ئەگەر هێشتا پەیدا نەبوون، مانای وانیە ئەو شاعیرە نەمرانە شایانی ئەوە نین، دەیان و دەیان کتێبی رەخنەیی بە پێزیان لەسەر بنووسرێ، بەڵکو ئەمە باشترین بەڵگەیە، بۆ ئەوەی بڵێین: ئەو رەخنانەش کە تا ئێستا لەسەر هەندێ بەرهەم و شاعیری گەورەمان نووراون جگە لە هەندێکیان، کەشایانی رێزن، زۆربەیان سادەو ساکارو راگوزاریانەن و پڕن لە گیانی نووسینی رۆژنامەئامێزو نائاگایی ئەو رەخنانە، لە سنعەتسازیی بەلاغەت و کلاسیزم و گیانی قوول و رۆچووی ئەو بەرهەمە رەسەنانە.

ئەم دیاردییە ئاوەژووی رەخنە، لای ئێمە کە رەخنەگر پێش بەرهەمی ئەدەبیی

کەوتوە؛ واتە لە پێش ئەوەوە بەرهەمەکە بەچاوی گەشتوەرو پشکنەری سەوداو عەڤدال و عاشقانە ببینێ، بڕیاری گەلاڵەکراوی ئامادە کردووە؛ ئەو هاوکێشەیەمان لادروست ئەکات کە بڵێین لەم بارەدا رەخنەگر پێ بزانێ یان نەزانێ، لەباری ئایدیۆلۆژیاوە کەسێکی تەرەفدارە! کە مەسەلەی تەرەفداریش لە رەخنەدا، لە بەرامبەر هەڵسەنگاندن و نرخاندندا لە بناغەوە رەت ئەکرێتەوە. چونکە کە رەخنەگر تەرەفدار بوو، ئەو کاتە نرخاندنە ئامادەکراوەکەیشی، لەوەبەدەر نابێ کە دەقەکە، بە چاك باس بکا، یان بە خراپ. واتە هەڵسەنگاندنەکەیشی وەك قسەی ئەو شاهیدە وایە کە لەبەردەم دادگادا، لە چاکە، یان لە زیانی یەکێك لە بەشدارانی رووداوێك بدوێ. کە پوختەی ئەم تەرەفدارییە، مانای پێشەکی هەڵوێست وەرگرتنە لە دەقەکە. ئەم هەڵوێست وەرگرتنەش، رەخنەگرو دەقەکەش، لەبەردەم چەند خاڵێکی نالەباردا دائەنێ.

١ـ ئەگەر رەخنەگرەکە بزانێ هەڵوێستی نووسەرەکە، لەباری ئایدیۆلۆژیاوە هاوهەڵوێستی خۆیەتی، ئەوا دەقەکە لاوازبێ، یان بەهێز؛ بێسێودوو، بەچاوی ستایش و پیاهەڵدان لێی ئەدوێو شاخ و باڵی لێ پەیدا ئەکاو لە هیچی نەبوو، تێکڕای رەمزو هێماو ناوەرۆك و پاڵەوانەکانی دەقەکە، واباس ئەکا کە هەموویان پەیامی ئەدەبیی‌و هونەرییان بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە. کە رەنگە زۆربەی ئەو شتانەی رەخنەگرەکەش بیروبۆچوون و لێکدانەوەیان لەسەر ئەنووسێ، خودی نووسەرەکە؛ ئەوانەی هەر مەبەست نەبووبێ!. نموونەی زەقی ئەم کارە دکتۆرا نامەکەی حسێن علی شانۆف و چەندانی تریش لە هاوبیران و هاوهەڵوێستانی گۆران-ی شاعیر، کە شاعیرێتی گۆران بەوە گەورە ئەکەن، لێکدانەوەی هەڵە، لەسەر شیعرەکانی ئەکەن و شیعرە سیاسییە لاوازەکانی، بە خوێنەران و شیعردۆستان ئەناسێنن!! لە کاتێکا گۆران، پێش چوونە ناو قوناغی شیعرە سیاسیەکانیەوە، شاعیرترو هونەرمەندتر بووە. بەواتە: گۆران لە شیعرە سیاسیەکانیا تێکۆشەرترو شۆرشگێرترە، نەك شاعیرتر! یان نموونەی تری ئەمجۆرە رەخنانە: ئەو هەڵوێستە بوو، کە دکتۆر کامیل بەسیر، لە کۆتایی سالانی پینجاو سەرەتای شەستەکانەوە لەسەر هاوهەڵوێستی خۆیو کامەران موکری شاعیر، گرتبوویە بەرو کامەران موکری لەبەردەم دەستپێشکەریو داهێنانە گەورەکەی گۆراندا قوت ئەکردەوەو بە هەموو توانایەوە ئەیویست ئەوە بسەلمێنێ کە کامەران،

له گۆران گەورەترە!. لەکاتێکا ئەگەر شیلەی شیعری کامەران بگوشرێ، تێکرا تـام و بۆن و رەنگی قۆناغی رۆمانسیانەی گۆران -ی لیّ دێت!.

ئەمجۆرە رەخنانەش، وەك نووسەری گەورەی عـەرەب عیسـی النـاعوری ئـەڵێ: ئەمانە، رەخنەگری تەورزین بە دەستن و بەزۆری زۆرداریو تۆپزی، ئەوەی ئەوان لـە بەرهەمەکەیان ئەوێ، وای لەسەر ئەنووسن، نەك دەقەکە خۆی.

٢ـ ئەگەر رەخنەگرەکە چەند هێمایەکی لە دەقەکە بینـی، کـە لەگـەڵ خۆیـدا هاوپێچاڵی یەکترن، ئەوا دیسان دەقەکە بەختەوەر ئەبیٚو هەرچی شـتی چـاك بـێ، ئەیخاتە پاڵی.

٣ـ لەو روانگەیەوە کە وەك لە سەرەوە وتمان، مادام رەخنـەگر لـەژێر سـێبەری ئایدیۆلۆژیادا بـیر ئەکاتـەوەو بڕیـار ئـەدا؛ ئـەوا هـەموو بۆچوونەکانیشـی لەسـەر دەقەکە، یەك لایەنەو تەنگ و تەسك ئەبن و مەودای لێکدانەوەی بە بەریەوە نییە، فراوانتر بکـرێ، لـە کاتێکـا چ ئـەدەبی کلاسـیزم و چ ئـەدەبی سـەر بـە رێبازگـە جیاوازەکانی تریش هەریەکەیان هەڵئەگرن، چەندان جۆر لێکدانەوەیان لەسەر بکرێ؛ واتە وەك نمونە: لە ئەدەبی کلاسیزمدا، بەلاغەت، مـەجازی وێنـەی شـیعرییو لـە ئەدەبی ئێستاشدا مەودای هەمە لایەنەی وشەو واتاو ..هتد. رازی نـابن بـە یـەك چاو، بەیەك مەبەست، بەیەك مەودا، سەیر بکرێن. بۆیە ئەمجۆرە رەخنانـە، خۆیـان لە خۆیاندا کۆت و پێوەندی ئەدەبیین و بەناوی رەخنـەوە ئەبنـە مۆتەکـەو درنـج و دێو، باڵی تیژی بیرکردنەوەو ئاسۆی بەرینی خـەیاڵ، ئەخەنـە تەلبـەندی دڕکـاویو داهێنانی تازەو تازەگەریی، بە دنیـای بـاوو سـەپاوی سـەردەم، بەلایانـەوە نـامۆو سەیرو سەمەرە ئەبیٚو لەمجۆرە بوارانـەداو لـەژێر سـێبەری ئـەم شـێوە رەخنانـەدا، داهێنانی گەورەی ئەدەبیی، تووشی دەردەسەرییو تـەنگو چەڵەمـەو داو بۆنانـەوەی زۆر ئەبیٚو زۆریـش بـە درەنـگ و بـەماندوبوونی زۆری داهێنەرەکـە، جێـی لـەناو جەماوەرو ئەدەبدۆستاندا بۆ ئەکرێتەوە. چونکە ئەم رەخنانـە بـە تۆپـزی ئەیانـەوێ دەقەکە بخەنە ناو بازنەیەکی دیـاریکراوەوە، کـە لـە مێشـك و بۆچوونـی خۆیـاندا رەنگیان بۆ رشتووە. بەبیٚ ئەوەی لەوە بگەن کە ئەدەبی سڵ و چاوقـایم و رەسـەن، دوژمنی سنوورو نەخشە بۆ دانانەو بە پێچەوانەی هەموو شتەکانی ژیانەوە، ئەگـەر زەریابیٚ، رقی لە رۆخەو ئەگەر تابلۆ بیٚ، رقی لە چوارچێوەکـەی خۆیـەتیو ئەگـەر باڵندە بیٚ، حەز ئەکا ئاسمانی فڕینی لیٚتەنگ نەکەنەوەو ئەگەریش مرۆڤ بیٚ، حـەز

ئەکا بە هەموو مانا ئازادی، ئازاد بژی.. کەلەراستیدا بەلای منەوە، بەرهەمی ئەدەبی رەسەن و نەمر، وەك مرۆڤی زیندوو، یان وەك گیان لەبەری زیندوو وایە، کە ئەگەرچیش لەسەردەمێکی مێژوویی و جێگەیەکی دیاریکراوی جوگرافیاییدا لە دایك بووبێ، بەلاّم ئەبێ بەو چاوە سەیر بکرێ کە ئەم زیندەوەرە، لەکاتی لەدایك بوونیەوە، تا ئەوکاتەی ئەو رەخنەگرە، قسەی لەسەر ئەکا، هەر لە ژیاندایەو ماکی ژیان و نەمریی، لە دووتوێی هونەرەکەیدا هەلگرتووە. ئەگەریش ئەم گیانە زیندووەی تیا نەبووایە، ئەوەی هەلنەئەگرت قسەی تازەی لەسەر بکرێ. بۆیە هەر بەم پێودانە، ئەبوایە لەم چەند ساڵەی دوای ژیانی حافظ دا، ئیتر شتی تازەی لەسەر نەنووسرێ و بە دیدی تازەتریش نەخوێندرێتەوە.

لەبەر ئەوە قسەکردن لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی، وەك قسەکردن نیە لەسەر دیاردەی و رووداوە سروشتیەکان؛ چونکە وەك وتمان بەرهەمی ئەدەبی نەمر، هێشتا هەر لە ژیاندایە، بەلاّم رووداوی سروشتیی، لەدوای روودانیان، ئیتر کۆتاییان هاتووە. بۆ وێنە کە ئەلێین بومەلەرزە، یان لافاوە گەورەکەی فلاّنە ساڵ و فلاّنە جێگە، هەمیشە قسەکەمان لەوێدا کۆتایی دێت، کە ئەلێین ئاماری زیان و کوژراوی ئەم رووداوە، هەر ئەوەندەیە کەلەو رۆژگارەدا سەرژمێرکراوە. واتە ئیتر تەمەنی بوومەلەرزەکە کۆتایی هاتووەو ئەو زیان و زەبرەی کە لە کاتی روودانیدا، بەدەورووبەرو هەستی خەلکی ئەو رۆژگارەی گەیاندووە، هەر ئەوەندە ئەبێ و ئیتر لەمەودواتر زەبرو زیانی بۆ مرۆڤ و رۆژگاری دوای خۆی نابێ؛ بەلاّم فرمێسکە شیعرییەکانی نالی و سالم، کەبۆ روخانی میرنشینی بابان ـیان رشتووە؛ بەلاّم فرمێسکە شیعرییەکانی مەولەوی و گۆران، کە بۆ (عەنبەرخاتوون و ئەورەحمانی کوری مەحمودی یاروەیس و هیواو گولاّلە)و..هتد رێژراون، هەتا ئێستاش هەر ئەرژێن و لەگەل هەموو خوێندنەوەیەکی تازەتری ئەو فرمێسکە شیعرییانەیاندا، سەرلەنوێ کسپەو سۆزی تازە ئەخەنەوە هەست و هۆشی خوێنەری هەموو رۆژگارێکەوە. بۆیە کە رەخنەگر باس لەمجۆرە فرمێسکە شیعرییانە ئەکا، ئەبێ ئەوەی لەیاد بێ، کەهەر ئەو رۆژو ساتانەی ئەو فرمێسکە شیعرییانە رژاون، کەس و کارو دۆست و یارانی تریش، فرمێسکیان بۆ ئەو کۆستانە رشتووە، کە ئەم شاعیرانە، کۆستەکانیان کردووە بە شیعر؛ بەلاّم فرمێسکی ئەو کەس و کارو دۆست ویارانە، هەر دوای چەند سات و رۆژێکی دوای روودانی کارەساتەکە، وشك

بونەتەوەو ئەوەی نەمریی‌و لەبیرنەچوونەوەی بەو کۆست و رووداوانە بەخشیوە، بەتەنیا هونەری بەرزی شیعرە، کە بۆتە گیانێکی نەمرو چۆتە جەستەی ئەو یادانەوە.

کەواتە کە رەخنەگر، لە بەرهەمێکی ئەدەبیی ئەدوێ، ئەبێ ئاگای لەوەبێ کە لەگەڵ گیانی زیندووی بەرهەمێك ئەدوێ، نەك بۆنەو وردەکارییەکانی مێژووی بەرهەمەکە. چونکە ئەگەر رۆژی سەدان و هەزاران عەنبەرخاتون و هیوا و گولاڵە بمرن، بیر ئەچنەوەو ناچنە مێژووی هونەرەوە. بەڵام ئەگەر عەنبەرخاتوون-ێك ببێتە رەمزێکی زیندووی شیعری فرمێسکاوی، ئەوە دەسەڵاتی ئەفسوناوی شیعرە، کە دەستاودەست و سنگاوسنگ، لەگەڵ مێژووی ئەدەبدا ئەیگێڕی‌و هەمیشەو هەمیشە، دلۆپ دلۆپ، فرمێسکە درشتەکانی ئەو قولپی گریانانەمان دێنێتەوە پێش چاو، کەنەك لە چاوی شاعیرەکەوە، بەڵکو لەهەستی شاعیرەکەوە تکاون. لەبەر ئەوە دواندنی بەرهەمێك لای رەخنەگرێکەوە، ئەبێ دواندنی هاوهەستیی بێ، لەگەڵ هەستی هەمیشە لەکوڵ و ژانگرتووی خاوەن بەرهەمەکەدا. یان هەر هیچ نەبێ، ئەبێ نزیکبوونەوەبێ لە پەنجەرەو دەلاقەی گنگڵ و رەنج و شەونخوونی‌و هەست و نەستی نووسەرەکە.

روونتر بڵێم: رەخنە بەهەموو مانای وشەی ئەویندارییەوە، ئەوینداریی کردنە لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکەدا. چونکە دوای خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی، دوای چێژوەرگرتن لەسەرومڕی دەقەکە، دوای ئەوەی دەقەکە، ئاسۆی بەرینتر لە خەیاڵ و بیرۆبۆچوونی رەخنەگرەکەدا دروست ئەکاو وا لە رەخنەگر ئەکا، کە بەڕامان و سەرسوڕمان و خوڕبەو خرۆشەوە، بڕوانێتە دەقەکەو دوای ئەوەی لەهەموو هەست و هۆش و گۆشیەوە، دەقەکەی لا شیرین و خۆشەویست ئەبێ، ئەوسا حەز ئەکا زیاتر لەگەڵ دەقەکەدا بژی، زیاتر بدوێ، زیاتر لە نهێنی‌و جوانییە شاراوەکانی تێبگات؛ ئەوسا گیانی پڕ ئەبێ لە خۆشەویستی ئەو تێگەیشتنە، ئەوسا هەست ئەکاو حەز ئەکا ئەو خۆشەویستیەی بۆ خەڵکی دەورویشتی بگێڕێتەوە: کە لێرەدا ئەم گێڕانەوەیە، بەمانای ئەدەبیی، ئەبێتە: رەخنەی راستەقینەی ئەدەبیی.

خۆ ئەگەر ئەم رامان و سەرسوڕمان و خۆشەویستیە هاوکێشەو تاوتەرییە، لەنێوان رەخنەگرو دەقە ئەدەبییەکەدا نەبوو، ئەوا هەرچی لەسەر دەقەکە بنووسرێ، هەڵبەستراو ئەبێ. وەك ئەوە وا ئەبێ کورێك، لە نەدیو نەناس، شیعر بۆ کچێك

بلێ، کە هیچ بیرەوەریو یادگارو شێوەیەکی لە ناخیا جێ نەهێشتبێ.

بەلاّم ئەم خۆشەویستیەی نێوان رەخنەگرو دەقەکەش، نەبێتە خۆشەویستیەکی کوێرانەی سۆزئامێز، کەهەر بە تەنیا لایەنی جوانیی لە دەقەکەدا ببینێو خۆی بدا بەدەم تاڤگەی خوری دەقەکەوە. بەلکو ئەبێ لەم خۆشەویستیەدا، لەگەلّ دلّ و هەستیا، مێشکیشی بخرێتە کارو بەچاوی هەست و بیری زانستیانەوە، لەهەموو لایەنەکانی دەقەکە بڕوانێ؛ وەك ئەو زانای ئاسەوارناسانەی بە عەزرەت و تاسەو پەرۆشەوە بە شوێن پاشماوەی کۆنینەدا عەڤدالّن و کە پێیان ئەوترێ فیسارە جێگە، پاشماوەی دێرینەی تیایە؛ یەکسەر ناچن بە پاچ و بێلّ بەر ببنە جێگەکە، بەلکو بە کەرەسەو ئامێری وا لەگەلّ جێگەکە ئەکەونە کار، کە ئاسەوارەکە زیانی پێ نەگات؛ زیاتریش لەخودی ئاسەوارەکە نزیکتر ئەبنەوە، کەرەسەو ئامێری نەرمترو نیانتر بەکار دێنن، نەك ئاسەوارەکە بڕوشێ، یان شوێنێکی زیانی پێبگا. ئیتر کە ئەگەنە ئاسەوارەکە دەستیان لێی گیر ئەبێ، ئەوسا ئەو لێکۆلّینەوانەش کەدواتر لەسەری ئەنووسن، بریتی ئەبێ لەباسی سەرتاپای چونێتی ئاسەوارەکە. واتە سەرەرای عەزرەت و تاسەشیان بۆ گەیشتن بەو ئاسەوارە، بەلاّم لیکۆلّینەوەی زانستیانەیان، لەسەریان پێویست ئەکا هەرچی شکاویو زیان و کەم و کووریش لە ئاسەوارەکەدایە، بەوردی باسی بکەن. کە ئەم باسکردنەشیان لەشکۆو پیرۆزی ئەو بە یەکتر گەیشتنەی ئاسەوارناسەکەو ئاسەوارە بەرجەستەکەش کەم ناکاتەوە؛ ئەگەر ئەوەندەی ترشیرینتر و گەورەتری نەکا. کە رەنگە گیانی نووسین و ووردبوونەوەی جار لە دوای جار، نهێنی تری لا ئاشکرا بکا. وەك ئەو دوو دلّدارەی بۆ یەکەمین جار، کە ئەچنە ژووان؛ ئەوەندە بە تاسەو ترس و سام و بیمی ئەو دیدارەوە، لە یەکتر نزیك ئەبنەوە، رەنگە نەتوانن تێر سەیری یەکتریش بکەن و ئەوەی لە دلّیاندایە، بۆ یەکتری هەلّرێژن؛ بەلاّم کە ئەم ژووانە، چەندان جاریتر، دووبارە ئەبێتەوە، نهێنیە شاراوەکانی یەکتیریان زیاتر بۆ دەرئەکەویو هیچیش لەشکۆی ئەوینەکەیان کەم ناکاتەوە. بە تایبەتیش ئەگەر ئەوینەکەیان مەزن و قوولّ بێ، ئەوا ئەوەندەی تر پڕ ئەندێشەترو سیحراویتر ئەبێ.

رەخنەگریی عەزرەتیو عەڤدالیش، بەوێنەی ئەو ئاسەوارناس و جووتە دلّدارەیە، کە بەو تاسەیەوە، وەك ژووانی دلّداری، بە دنیای دەقەکەدا رۆبچێ، لەهەر رۆچوونێکیشدا نهێنییەکی لا ئاشکرا بێت و هەر جارێکیش لەو

ڕۆچوونانەدا، ماناو تام و چێژی تایبەتی تری هەبیو بەیەك چاویش، بۆ شیعرو چیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامەو تابلۆیەكی هونەریی، وەك یەك نەڕوانی؛ چونكە هەریەكە لەمانە، تێگەیشتێكی تایبەتی پێویستە، بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان و هەریەكەشیان ئاستێكی جیاوازی لە بڕیارو نرخاندن پێویستە. بەواتا: ئەو ڕەخنەیەی كە شیعری پێ ئەنرخێنرێ، ئەبێ بزانرێ لە شیعردا گیانی لۆژیك (منطق)، كەمتر بایەخی پێئەدرێ، وەك لە چیرۆكدا پێی ئەدرێ. یان ئەم گیانە، تادێت بۆ شانۆنامە، زیاتر پێویست ئەكا لە لۆژیك نزیكتر بینەوە.

ئەمانە لە لایەك، لەلایەكی تریشەوە، ئەبێ ڕەخنەگر هەمیشە ئەوەی لەیاد بێ كە قسەكانی ئەو، واتە: نرخاندن و هەڵسەنگاندنەكەی، ئەكەوێتە مێژووی دوای هاتنە دنیای بەرهەمێكی هونەریی‌و ئەدەبییەوە. واتە لەدوای ئەوەوەیە، كە ژیان و نەمریی، كراوە بە بەر دەقێكی ئەدەبی‌و هونەریداو ئەو بەرهەمەش بە گوێرەی خواست و ئارەزووی ئەو، دروست نەبوون. بۆیە كەلەگەڵ دەقەكە ئەدوێ، ئەوە لەیاد نەكا كە چۆنێتی هاتنە دنیاو ژیانی تایبەتی ئەو دەقە، پەیوەندی بە زەوق و حەزو هەست و هۆشی ئەوەوە نیەو كەم و زۆر نابێ بەدیدو ڕوانگەی خۆی، مەرج و خۆزگەو سنوور، بۆ دەقەكە دابنێ‌و بڵێ نەئەبوو نووسەر وابیر بكاتەوە، یان خۆزگە داڕشتن و كێش و مۆسیقای ئەم بەرهەمە، بەمجۆرە بوایە. چونكە وەك وتمان ڕەخنەگر لەم كاتەدا قسە لەسەر زیندەوەرێك ئەكا، كە خۆزگەكانی ڕەخنەگر، وەك ئەوە وائەبێ بە كچێك بڵێی خۆزگە ڕەنگی چاوت هەنگوینی، یان سەوز بوایەو باڵاشت ئەوەندە سانتیمەتر بەرز بوایە. هەروەك چۆن نابێ ئاسەوارناسەكە بڵێ: نەئەبوو هەرەمەكانی میسر، لە جێگەیەكی وەك سەرووی ئەفریقیا بوونایە، چونكە ناوچەیەكی دواكەوتووە!.

خۆ ئەگەر بە گوێرەی دیدو هەڵوێست و حەزی ڕەخنەگر، ئەیەوێ لە بەرهەمێك بدوێ، باهەر ئەو ڕەخنەگرە خۆی، بەرهەمێكی ئەدەبیی، یان هونەریی، بە زەوقی خۆی بخولقێنی‌و هەر خۆیشی قسەی لەسەر بكاو ڕەخنەی لێ بگرێ!. چونكە كە وترا: ڕەخنەگر، ئیتر ڕادەی هۆشیاریی‌و تێگەیشتنی لەو ئاستەدایە كە لەباری ڕەوانناسییەوە، ئەوە بزانێ هیچ تابلۆیەكی هونەریی، هیچ شیعرێك، هیچ چیرۆكێك، هیچ دەنگێك، بەكورتی هیچ بەرهەمێكی هونەری‌و ئەدەبی، .كوت ومت وەك یەك نین و كە وەكو یەكیش نەبوون، لێیان ناخوازرێ ئەبێ وەك یەك بن!. یان

رونتر بلێم: ئەبێ وەك خواستی رەخنەگرەکە بن، تا لەگەڵ ئارەزووەکانیا بگونجێ!.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەگەر رەخنەگر، بەدوای ئەو بەرهەمەدا بگەرێ، کە هاوهەستی ئەون، ئەوا لەم بارەدا وەك لە سەرەتاشەوە وتمان، ئەم دیدو هەستە تایبەتییەی، ئەیخاتە مەیدانی تەرەفداریەوە، کە ئەمەش جگە لەوەی هەر لە بنەرەتەوە لەگیانی راستەقینەی رەخنەی دوور ئەخاتەوە؛ لەهەمان کاتیشدا ئاسۆی حەزو هەنگاو هەڵهێنانی زیاتری لەیەك رێبازگەدا قەتیس ئەکا، کە ئیتر رێبازگەکانی تری ئەدەبیو هونەریی بەلاوە بێبایەخ بن. بەمەش وەك ئەو ئاسەوارناس و مێژووزانەی لێ دێت کە ئاگاداریو شارەزایی تەنیا لەسەر یەك رووداوی مێژوویییەو هەر ئەوەیشی پێ گرنگە.

لەمەشدا مەبەست رەتکردنەوەی هیچ رێبازگەیەکی ئەدەبی نییە، بەڵکو مەبەست رەتکردنەوەی ئەو بیروبۆچوونە رەخنەییانەیە، کەلەیەك دیدەوە، لەیەك کلاورۆژنەوە سەیری هەموو داهێنانە جوانە مرۆڤایەتیەکان بکرێ؛ بەبێ ئەوەی لەوە بگەن کە خەونە رەنگاورەنگەکانی مرۆڤایەتی لەوە بالاترن، مەرج و خواست، بۆ ئەوە دابنرێ مرۆڤ چۆن خەون ببینێ، بالندە چۆن بفرێو بخوێنێ، گوڵ چۆن بگەشێتەوە، گەردەلوول، چۆن هەڵبکا، بەختەوەر، چۆن پێبکەنێ، خەمگین چۆن بگری،دڵدار چۆن چۆنی بیر لە دلدارەکەی بکاتەوە.. بەڵکو ئەیانەوێ مەودای فرین بۆ بالندە دیاری بکەن!!.

بە پێچەوانەی ئەمەوە، هەندێ رەخنەگر بۆ ئەوەی خۆیان لەم رێبازگە تەنگبینە رزگار بکەن و گوێ لەحەزو خواستی خەڵکیتریش بگرن، ئەچن بە پیر قۆستنەوەی زەوق و حەزی جەماوەرەوە! گوایە جەماوەر دەسەڵاتی سەر پشککردن و هەڵبژاردنی راستەقینەی هەموو شتەکانە! کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریارێکی کوشندەیە بۆ رەخنەگر. چونکە زۆرجار هەستی جەماوەر، هەستێکی کاتییە، یان هەستێکی ساکارە، پاکە؛ وەك ئەو پەپوولەیە وایە، کە گوڵی نایلۆنیشی وەك گوڵی سروشتیی دێتە بەرچاوو بەسەریەوە ئەنیشێتەوە؛ یان رەنگە هەر ئەم هەستە پاکەی جەماوەر، تەوژمێکی ئایدیۆلۆژیا، لەپشت پەردەوە، بە مەبەستی ناوبانگ پەیداکردنی ئەدیب، یان هونەرمەندێ، بیخرۆشێنێ. وەك چۆن سیی، چل ساڵ لەمەوبەر، لە شوورەوەی، بۆ یەفتەشینکۆ کرا، کە بەزۆر ئەیانوویست لای جەماوەر بیکەنە لووتکەیەکی شیعریی؛ هەر وەك لە فەلەستین-یش ئەم کارە بۆ تۆفیق زیاد

و فدوی طوفانکرا. ئێستاش لای خۆمان، ئەگەر لەنێوان نالی و مەولەوی و قانع و حاجی قادردا، جەماوەر بکەین بە سەرپشك، بێ سێودوو، قانع و حاجی قادر-یان لەنالی و مەولەوی پێ پەسندترە!.

لەبەرئەوە ئەمجۆرە رەخنەگرانە، کە ئەبینن هەندێ جار جەماوەر چەپڵەی زۆر گەرم و پەسندییو ئافەرین بۆ ئەدیبێك،یان هونەرمەندێك ئەسەلمێنن، ئیتر ئەمیش شوێن شەپۆلی هەستی خرۆشاوی جەماوەر ئەکەوێو بەهەمان خرۆشاویی جەماوەرەوە، بەتاسەوە بەرهەمی ئەو ئەدیب و هونەرمەندە، پەسەند ئەکاو بە پەلە ئەکەوێتە پیاهەڵدانی بەرهەمەکەیان و ئەفسانە دروستکردن لە ستایشیانا!. لەکاتێکا ئەو بارەیە کە وەك لە سەرەوە وتمان: خۆڵ کردنە چاوی خۆیو جەماوەرەوەیە. چونکە هەر پاش ماوەیەکی کەم، کە شەپۆلی خرۆشاوی جەماوەر، لە دەوری ئەو ئەدیب و هونەرمەندە (لەبەر هەر هۆیەك بێت) ئارام ئەبێتەوە، ئەمیش ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە شوێن تراویلکە کەوتووە. بە تایبەتیش کە لەوە گەیشت ئەو ئەدیب و هونەرمەندە، سەر بە ئایدیۆلۆژیایەك بوون؛ ئەوسا ئەزانێ زۆربەی ئەو نووسەرانەی پشت بە رۆژنامەو گۆڤارو بلندگۆی ئەم و ئەوو چەپڵەی سۆزئامێزی جەماوەر ئەبەستن، ئەوانەن کە بەلای زۆرەوە متمانەیان بە خۆیان نییە. یان بێبەهرەن و رەگ و ریشەیان نییە، تا بەخاك و مێژووی ئەدەبی گەلەکەیاندا رۆبچن. لەم بارەدا، نەك هەر رەخنەگرەکە، بەڵکو ئەدیب و هونەرمەندەکەش، بۆیان دەرئەکەوێ کە هەندێ لەو بەرهەمانەی بە گوێرەی دڵی ئەم و ئەو نووسیویانە، رووی مەجلیس و کۆڕی ئایندەی ئەدەب و هونەری نییە. ئەوسا رەخنەگرەش لەگەڵیاندا بۆی دەرئەکەوێ کە بەتەنیا دەسەڵاتی داهێنەرانەی خودی هونەرمەندەکە، ژیان و نەمریی، بە هونەرمەندەکە ئەبەخشێ؛ نەك دەسەڵاتێکی دەرەوەی هەست و نەستی خودی نووسەرەکە، یان پیاهەڵدان و پفکردنی دەستەو لایەنێکیتر؛ چونکە گۆران ئەگەر خۆی تواناو بەهرەی شاعیرێتی نەبوایە، هەرگیز هیچ لایەنێك نەیئەکرد بەو شاعیرەی کە ئێستا ئێمە ئەیناسین.

لەم بوارەدا رەخنەگری هۆشیار، پەلەی سەلماندنی هەستی جەماوەر ناکاو بە پێچەوانەی ئەمەوە، بە شوێن ئەو داهێنەرە گەورانەدا وێڵ ئەبێ، کە بە بێدەنگیی، لەگەڵ داهێنانی گەورەدا گینگڵ ئەدەن. نموونەی بەرجەستەی ئەم دیاردەیە، نالی بوو، کەلە رۆژگاری داهێنانە مەزنەکانیدا، جەماوەری زێدەکەی خۆی، کە

شارەزوور بوو، نەیانناسی. کەچی بە پێچەوانەوە کامەران موکریی شاعیر، لەرۆژگاری خۆیدا جەماوەر نەك هەر تەنیا وەك شاعیر، بەڵکو خەونی رابەریشی تێدا ئەبینی. لەکاتێکا ئەم دوو نمونەیە لای رەخنەگری زیرەك، ئەبێ لەوبەر هەڵسەنگاندنی جەماوەرەوە بریاری خۆی لەسەر بدات، کە ئەبێ بریاری بنبڕو پێشەنگانەبێو نوقلانەو پێشبینی دۆزینەوەی بەهرەی شاراوە، بخاتە بەردەم خوێنەران و جەماوەر. هەر ئەمەشە کە ئەوتریّ: ئەرکی رەخنەگر ئەوەیە، پردێکی زیرەك و روناك بێت و روناکی بێت لەنێوان خوێنەران و ئەو کیشوەرە تازەو سەوزانەدا کەچاوی وردبوونەوەو پشکنینی بەردەوامی لەبەرهەمی زیندوودا ئەیانبینی.

بەهۆی ئەم پردەشەوە؛ واتە لە نیشاندانی ئەو بەهرانەشدا کە باس لە جوانیی بەرهەمێکی ئەدەبییو هونەریی ئەکریّ، ئەبێ شێوەی گەیاندنی بە خوێنەران، دیسان شێوەیەکی تری جیاوازتر بیّو نەکەوێتە ئەوەی بەسەر ئەم پردەدا، خەریکی گوێزانەوەی ناوەرۆکی بەرهەمە رەخنەلێگیراوەکە بێ، بۆ بەردەم خوێنەران. چونکە بەلای نوسەرەوە؛ واتە رەخنەلێگیراوەکەوە، لەوە ناخۆشتر نییە کە رەخنەگران، یان کەسانیتر، بە قسە؛ یا بە چەند وشەیەکی کورت و درشت، باسی ناوەرۆك و ئەو دیمەن و پەخشانە جوانانەی بکەن؛ کە لە دەقی بەرهەمەکەیدان. لەبەرئەوەی هەموو وردەکارییو سەلیقەو دەست رەنگینی نووسەر، لەو دارشتنەدان کە رەخنەگر، یان گێڕەرەوە بە شێوەیەکی ترو بە پچڕ پچڕ، باسی لێوە ئەکەن. تەنانەت چیرۆکنووس و رۆماننووسە بەناوبانگەکانی جیهانیش، گلەیی لەوە ئەکەن، کە بەرهەمەکانیان ئەکریّ بە فیلمی سینەما. چونکە ئەگەرچی بەم کاری سینەماکردنەی بەرهەمەکانیان، ناوبانگیان بلاّوتر ئەبێتەوە، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا کاری سینەماییی، ئەو بەسەرهات و رووداوانە زۆرتر لەبەرچاو ئەگریّ، کەلە جموجۆڵی نێوان بەرهەمەکەدا هەن، نەك ئەو پەخشانە ئەدەبییە جوانەی، کە رۆماننووسەکەن یان چیرۆکنووسەکە، دەقەکەیان پیّدارشتووە. واتە هەرچی وشەسازییو وشەئاراییو هونەری دارشتن و دەست رەنگینی نووسەر هەیە، لەو دارشتنەدا هەمووی ئەبێ بەژێرباری کاری ترەوە. یان ئەگەریش نەبێ بەژێر کاریترەوە، ئەوا هەموویان بروسکە ئاسا، باس ئەکرێنەوەو لە شوێنە سروشتییو جوانەکانی خۆیاندا، هەڵ ئەگیرێن و لە جێگەیتردا مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکریّو بە واتەیەکی تر، بەرهەمە

رەخنەلێگیراوەکە (دەقەکە)، وەك ئـەو مرۆڤـە پـڕ هەسـت و خوسـت و زینـدووەی لێئەکرێ، کە ئەبرێتە ژووری عمَلیات و لەوێ بێهۆش ئەکرێو کاری نەشـتەرکارییو پزیشك کاری لەگەڵدا ئەکرێ. بەکورتی زۆرجار رەخنـە ناچـار ئـەبێ ئـەو بەردانـە بجولێنێ، کە کورد ئەڵێ: هەر لە جێی خۆیاندا سەنگینن!.

سەقز
مانگی ١٩٩٣/١١

مەولەوی!
یان گەڕانەوە بۆ سەرچاوە؟

کامە پەریو ئەوینی نهێنیو ئەفسانەیی بوو، هەر لەسەرەتای تەمەنی مەولەوییەوە؛ دەستیان لە دڵە ئاسکەکەی وەشاندو هەموو عومری مەولەوی -یان نوقمی ئەوینێکی سەرومڕو بێبڕانەوەی سرووشت و زێدەکەی کرد، کە هەر بە گڕو کڵپەی هەمان ئەوینیشەوە، باوەش بە شیعردا بکات و خۆی بە میراتگری قەباڵەی ئەدەبێکی تەمەن درێژی دیالیکتی ی بزانێو لە ماوەیەکی کورتی تاقیکردنەوەی شیعریدا، لەیەك کاتدا: لەلایەکەوە توانی رووبەری جوگرافیای جەماوەری ئەم شێوەزمانە فراوانترو شیرینتر بکات و لە لایەکی تریشەوە لەناو ئەم جوگرافیایەدا نەخشەیەکی تایبەتمەندو جیاواز بۆ خۆی دیاری بکات؛ کە شیعری کوردی لەسەر دەستی ئەمدا، بالاتر هەڵچێو هەموو کۆڵەکەکانی ئیستاتیکای شیعر، تازەگەرییان بەسەردا بێت و جوانییو نەمریی هەتا هەتایی بدات بە شیعر!؟!؟.

ئەگەر ئەم پرسیارە چڕانە، تا ئێستا لەلایەن رەخنەگران و توێژەرەوان و شیعرناسانی کوردەوە، بە تەواوی وەڵام نەدرابێتەوەو پلەو پایەو شوێنی مەولەوی لە ئەدەبی کوردییو لەبواری نرخناسیدا دەستنشان نەکرابێ، مانای وانییە مەولەوی پەیامەکەی خۆی بە ناتەواوی داوەتە دەست نەوەی دوای خۆی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، نەوەی دوای مەولەوییو بە تایبەتیش لەم حەفتا ساڵەی دواییدا،کە کاروباری بەسەرکردنەوەی شاعیرانی کلاسیکمان و ناساندنیان کەوتوونەتە بەر رووناکییو لەهەمان کاتیشدا، کە گوژم و هەنگاوی خێرای رەخنەی بابەتیو زانستیانەی ئەدەبیی، لای گەلانی دوورو دراوسێکانمان، لەبەرەو پێش چووندان؛ ئەوەی دەربارەی مەولەوی بۆ نەوەی نوێ ناساندرابێ، چەند تەقەللایەکی ناوبەناو بوون[1] کە لەعۆدەی ئەم کورتەنووسینەی مندا نییە، ئەو نووسینانە بەسەر بکەمەوەو هەڵیان سنگێنم. بۆیە ئەگەرێمەوە بۆ مەیەست و ئەڵێم: قەوارەی ئەو ناساندنەی لەم حەفتا ساڵەی دواییدا بۆ مەولەوی کراوە، هێشتا بە ئەندازەو قەوارەی ئەو ناساندنە نییە، کە مەلەوی لەسەردەمی ژیانی خۆیدا، بەخۆیەوە دیوەو بۆی کراوە. چونکە مەولەوی هێشتا خۆی لە ژیاندا بووە، کە لە لایەکەوە: وەك شاعیرێکی هەرەگەورەو دیار، لەلایەن تێکڕای شاعیرانی دیالیکتی **گۆران**-

ەوە، بەسەرکراوەتەوەو لێی ئالاَون و وەك رابەرێکی شیعریی‌و ناوەندێکی ئـەدەبیی، خۆشیان ویستووەو نامەی شیعرییان لەگـەڵدا ئـالۆگۆڕکردووە؛ لەلایـەکی تریشـەوە وەك مرۆڤ لەهەموو شاعیرانمان زیـاتر پـەیوەندی کۆمەلاَیـەتی بـەهێزبووەو نامـە گەلێکی زۆری لیَ جیَماوە، کە بۆ دۆستگەلێکی سەربە توێـژو چینـە جیاجیاکـانی کۆمــەڵ نووســیویێتی‌و ئەیســەلمێنن کــە چ لای جــەماوەری هــەژاری ناوچــە دواکەوتووەکەی‌و چ لای پیرو پیرزادەکـانی‌و چ لای زانایـان و چ لای مـیرانی بابـان وبەتایبەتیش لای میرانی ئـەردەلاَن و تەنانـەت لای سـەرانی قاجـار-یشـەوە، بـە کەسێکی زاناو رەوشت بەرزو خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز، سـەیری کـراوەو جێگـەو رێزی تایبەتی هەبووەو پلەو پایەی مەزنیان بۆ داناوەو لەم مەیدانەشدا گـەلیَ جـار تکای لی‌کراوە وەك ریش سپی‌و ناوبژیکار، بۆ بڕانەوەی گەلیَ کێشەی کۆمەلاَیەتی‌و ئایینی، بێتــە مەیدانـەوەو قسـەی خـۆی بکـات و لای هـەردوو مـیرانی بابـان و ئەردەلاَنیشەوە پێشنیاری بۆکراوە، بچێتە پایتەخت و شارە گەورەکانیانەوەو لەسـەر فەرمانی غولاَم شاخان ـی مـیری ئـەردەلاَنیش، لـە ئاهـەنگێکی پـڕ تـەدارەکدا، بەرەسمی لەقەبی مەولەوی پێدراوە[٢]. دیسان هەر ئەم شازادیە، لەگەڵ ئەوەشدا کـە لە باوەش دایکێکدا گەورە بووە، سـەدان فرسـەخ لـەزێدو زمـانی مەولـەوی یـەوە دوورە،[٣] کەچی ئەوەندە عاشق و هۆگرو سەراسیمەی شیعری مەولەوی بووە، نـەك هەر بە دیالیکتی **گۆران** ـی، بەڵکو سەیر لەوەدایــە، بـە شـێوە زمـانی ناوچـەی تاوەگۆزی شیعری لەگەڵ مەولەوی‌دا ئالۆگۆڕ کردووە![٤].

ئەم جێگەو رێزە ئەدەبیی‌و کۆمەلاَیەتییەی مەولەوی، دیاردەیەکی ئـەوەندە پـڕ سـەروەرییە بـۆ ئەدەبەکـەمان، کـە پێشـینەی نـەبووەو شـاعیرێکی ترمـان نییـە ئەوەندەی **گۆران** ئەم شکۆو مەزنایەتییەی بە خۆیەوە دیبـیَ. سـەرەڕای ئەمـەش، ئـەوەی جێـی دڵخۆشـییە، ئـەم دیاردەیـە ئـەوەندەی تاڵەمووێـەك، شـــاعیرێتی‌و کەسایەتی **مەولەوی**یان نەبردووە بەرەو لەخۆبایی بوون و چاوبڕینە پلەو پلیکانـەی خۆ بەرزکردنەوە لەسەر حسابی ناوبانگ و شاعیرێتی خۆی؛ یان نەوی‌کردنی سـەری بڵندی شیعر، لەبەردەم دەربارێکدا؛ بەڵکو لەکۆکردنــەوەو هاوئاهـەنگی‌کردنی ئـەم دوو جۆرە پەیوەندییەدا، رۆژدوای رۆژ خۆشەویستی خۆی‌و شـیعری، زیـاترو زیـاتر، لەبازنەیەکی بـەربلاَوتردا، قووڵـترو داکوتـاوتر بـردووە؛ بـەجۆرێك لای شـاعیران و شیعردۆستانی، بۆتە رەمزێکی درەوشاوەی ئەدەبیی، کـە شـیعر سـەرباری پەیامـە

ئەدەبییەکەیشی، لە عاست بەرزکردنەوەی چێژی چەشتنی رۆحیی‌و هونەریی، لە پاڵیشیدا لە خەم و خەونی خەڵك نزیك ببێتەوەو دەستە دەستە شیفتەی شیعر بن.

لە پەیجوورو تاوتوێکردنی ئەم دوو جۆرە پەیوەندییەی مەولەویدا، هەندێ ناکامان دەستگیر ئەبن، کە جێی سەرنج و لێدووانی تازەن و بۆ ئەوە ئەشێن بن بە کەرەسەو هەوێنی زیاتر ناساندنی مەولەوی‌و شیعری کوردی لەو سەردەمەدا.

بۆ دەرگا خستنە سەرپشت لەسەر ئەم رازە، سەرەتا ئەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم دیالیکتەی مەولەوی شیعری پێنووسیوە، سەدان ساڵ بەر لە مەولەوی-ش ئەدەبی پێنووسراوە؛ چونکە کۆنترین مێژینەی ئەدەبی شیعریی، زمانی کوردی، کە لەبەر دەستدایە، پاش داهاتنی ئایینی ئیسلام و راستەوخۆش لەسەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە دەست پێ‌ئەکا، تا سەدەی سیانزەهەمی کۆچی، واتە: نزیك کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمی زایینی، کە ئەم دیالیکتە زمانی ئەدەبیی‌و ئایینی ناوچەی ناوەندی‌و باشووری کوردستان بووە.

بۆیە تەمەنی ئەدەبیی ئەم دیالیکتە، لەتەمەنی ئەدەبیی تێکڕای دیالیکتەکانی‌تری زمانی کوردی درێژترەو ئەگەریش خۆرهەڵاتناسانی وەکو: ئەلیکسندەر ژابا، مارتن، هارتمان، ب. لیرخ، رۆژبلیسکۆ، فیلچیفسکی‌و رۆدینکۆ..هتد؛ ئەوە بسەلمێنن کە ئەدەبی کوردی، لەسەرەتای دەست پێکردنییەوە، بە دیالیکتی باکوور دەستی پێکردبێ‌و بە تایبەتیش لە عەلی حەریری (سەدەی یانزەهەمی زایینی)یەوە. ئەوا لەم دیالیکتەدا لە سەدەی دەیەمی زایین و، رەنگە پێشتریش، کتێبی ماریفەت و پیرشالیاری زەرتوشتی پێنووسراوە [٥]، کەلە بارەی ئایینی زەرتوشت-ەوەیە. دواى ئەمیش کتێبی سەرئەنجام [٦]ی پێنووسراوە، کەلەناو خەڵکدا بە سروودی یارسان ناسراوەو کتێبی ئایینی ئەهلی هەق[٧]ە. لەپاڵ ئەمانەشدا وەك لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی (چاپی ئینگلیزیەکەیدا) هاتووە: باباتاهیری هەمەدانی-ش شیعری بە دیالیکتی **گۆرانی**، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەری ئەهلی هەق،لەناو **گۆران**ە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە[٨].

ئیتر ئەم ئەدەبە بەدەم رەگ داکوتانی زیاترەوە، هەر لە بەخشین و درەوشانەوەدا بووە، کە شاعیرانی دیارو ناوداری بەر لە مەولەوی‌و سەردەمی مەولەوی-ش، هەر بەم دیالیکتە شیعریان نووسیوە، وەك: مەلا پەرێشان (سەدەی چواردەیەمی ز)،

بێسارانی (١٦٤١ - ١٠٧٢ ز)، خانای قوبادی (١٧٠٠ - ١٧٥٩ ز)، مەلا خدری رواری (١٧٢٥ - ١٧٩٠ز)، صەیدی هەورامی (١٧٨٤ - ١٨٣٥ز)، میرزا شەفیعی جامەریزی (١٧٨٥ - ١٨٤٨ز)، ئەحمەد بەگی کۆماسی (١٧٩٣ - ١٨٧٦ز)، میرزا قادری پاوەیی (١٨٣٥ - ١٩٠٧ز)و..هتد. ئەمانەو جگە لەو (٢٧) شاعیرەی کە ئی. بی. سۆن، لەو وتارەیدا سەبارەت بە شیعری **گۆران**ی لەسەری نووسیون و نمونەی لە (٧) شاعیریان هێناوەتەوە؛ کە کاتی خۆی دکتۆر سەعید سنەیی ئەم دەستنووسانەی پێشکەش کردوون و ئێستا لە مۆزەی بەریتانی پارێزراون و هەمووشیان پێش ساڵی ١٧٨٨ز ژیاون[٩].

بەم ئاوردانەوە خێرایە، لە مێژینەی ئەدەبی دیالیکتی **گۆران**، بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەم شێوە زمانە لە دێرینەیەکی هەزار ساڵ زیاترەوە، جگە لەزمانی ئەدەبیی، زمانی ئایینیش بووە. لە تەمەنی ئەم هەزارساڵ بەخشینەشدا، بێ‌پشوو بە تەوژم و تین و درەوشاوەیی هاتووەو زۆر کەم وابووە لەو تەمەنەیدا لە بەخشین کەوتووبێ. بە پێچەوانەی ئەدەبی دیالیکتی باکوورمان، کە ئەگەر لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی شاعیرانی وەك: فەقێی تەیران (سەدەی چواردەیەمی زایین؟)و مەلای جزیری (سەدەی پانزەیەمی زایین)و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٦ز)دا لە لووتکەدا بووبێ، ئەوا دوای ئەحمەدی خانی، ئیتر وزەی بەردەوامیی‌و درەوشاوەیی، وەك تین و تاوی پێشینەی نەما.

بەڵام ئەدەبی دیالیکتی **گۆران**، بێ‌پسانەوە لە بەخشیندا بووە ئەو چەند شاعیرە **گۆران**ەی ناومان هێنان، نمونە گەلێکی کەمن، لە سەرومڕی ژمارەی زۆرتری ئەو شاعیرانەی کە لە تەمەنی ئەم هەزار ساڵەی دیالیکتەدا دەرکەوتوون. لەبەرئەوە ئەگەر بەرهەمی هەموو شاعیرە بەرزەکانی ئەم شێوە زمانە، بە شێوەیەکی زانستییانە بهێنرێنە ژێر توێژینەوەو لێکۆڵینەوە، ئەوا بۆمان ساغ ئەبێتەوە، کە ئەدەبی ئەم دیالیکتە، لە ئەدەبی دیالیکتەکانی ترمان بەتەمەنترو دەوڵەمەندترو بەربلاوترەو بە تایبەتیش ئەو ژمارە زۆرە داستان و چیرۆکە دڵدارییانەی کەبەم دیالیکتە نووسراون و لەبەردەستدان، لەچاو داستان و چیرۆکە ئەدەبیی دیالیکتەکانی ترماندا، ئێجگار زۆرن و کەم وێنەن.

ئەم بەراوردەشمان ئەگەر هەر بەرامبەر دیالیکتی کرمانجی باکوور بووبێ، هی ئەوەبووە کە دیالیکتەکانی ترمان، یان بەرهەمی ئەدەبییان زۆر کەم پێ‌نووسراوە،

راوەگرێنگ

یان زۆر درەنگانێ کەوتنە بەخشین و درەوشانەوە؛ وەك ئـــەدەبی دیـاليكتی باشـوور (شێوەی سلێمانی)، کە بەرهەمی شیعریی شاعیرانی سێکوچکەی بابان: نالیو سالم و کوردیو هاوڕێکانیان؛ واتـە لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیـەمی زاییـنـەوە، کەوتـە بەخشین و خۆنواندن.

جگەلەمەش، سیماکانی ئەدەبی دیالیکتی **گۆران**، لەچاو سیماکانی بەرهـەمی ئـەدەبی دیالیکتـەکانی ترمـاندا، زۆرتـر شـەقڵ و هـەوێنی خۆماڵییانـەو بـۆن و بەرامەی کوردەوارییان پێوە دیارە، کەلە بەکارهێنانی کێشی خۆماڵیی (کێشـی دە بڕگەیی)، لەتێکڕای بەرهەمەکانی ئەم دیالیکتـەدا دیـاردەی بەڵگەنەویسـتە، کـە بلێـین ئـەدەبی ئـەم دیالیکتـە، تـا چ رادەیـەك هـەڵقولاوو گۆشـکراوی رەسـەن و کوردستانییە..بۆیە ئەڵێین ئەم دیالیکتە رەگ و ریشەی لـە مێژینەیـەکی ئێجگـار کۆندا داکوتاوەو هەر ئەمیش بووە بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی لە تەمەنی زیاتر لە شەش [١٠] سەدەی میرنشینی ئەردەلان دا، کردوویەتی بـەزمانی رەسمـیو ئـەدەبیی ئەم میرنشینەو (هەر دەسەڵاتی سیاسی ئەم میرنشـینەن، ئـەدەبی بـە دیـالیکتی **گۆران**ی پێشخست و گەیاندییە لوتکەی داهێنان و گەشەسەندن [١١]، بەرادەیـەك کە زەبرو دەسەڵاتی داهێنەرانەی ئـەدەبی ئـەم دیالیکتـە، هەمیشـە لـە سـنووری میرنشـینی ئەردەلانیشـی تێپـەڕاندووەو وەك **گۆران**-ی شـاعیر ئـەڵێ: (لـەکاتی شکۆیا، جار بووە، سێکوچکەی ناوەندی کەرکوك، هەمەدان و کرماشان هەمووی بگرێتەوە[١٢]. بۆیە ئەبینین لەنێوان ئەو (٣٨) نامەیەی مەولـەوی، کەتائێسـتا بـە چاپ گەیشتوون و ئەو شاعیرانەش کە شیعری لەگەڵ گۆڕیونەتەوە، هـەندێکیان بـۆ دۆستگەلێکن، لەدەرەوەی سـنووری ئـەم میرنشـینەن، بـەڵام لەهـەمان کاتیشـدا، نامەکانیش و شیعرەکانیش، بۆ ئـەو دۆسـتانەن، کـە ئـەدەبی دیـالیکتی **گۆران** شەرمەشـقیانەو[١٣]، ئەوەندەیشـی کـە ئێمـە مەبەسـتمانە، نامـە شـیعرییەکانی مەولەوی-ن، کە لەگەڵ ئەم شـاعیرانەدا هەیـەتی: ئەحمەدبـەگی کۆماسـی، مـەلا نیزام، شێخ عبدولرەحمانی داخی، شێخ حەسەنی سازانی (بولبـول)، مـەلا فـەتاحی جەباری، شێخ مۆمنی سازانی، مەلا عـەبدولرەحمانی نـەجار، مـەلا یونـس، شـێخ عەزیزی جانەوەرەیی، مەلا چراخ و زیبا خانم.

کەواتە مەولەوی هەڵگرو درێژەپێدەری پەیامێکی رەسەنی دەستاودەسـتکردووی نەوە، دوای نەوەیە؛ کە ئەم دیالیکتە توێشوویەتی. ئەم دیالیکتەش ئەوەندەی ئـەو

شەقلگرتنە پێشکەوتووەی کە بەو عومرە بەدەستی هێناوەو ئەوەندەش کە لەگەڵ خەڵك و زێدەکەیاندا ژیاوە؛ بۆتە پێناسەو مێژوویەکی خەڵکەکە. مەولەوی-ش لەم مەیدانەدا کەهات، بە عەشقێکی قاڵی یەزدانیو ئەفسانەییەوە، زۆر بە ئەمانەت و ئەمەکدارییەوە، بە دەسەڵاتێکی شاعیرانەی کەم وێنەوە، شوورەو سنوورێکی خەیاڵیی بەدەوری ئەم دیالیکتەدا دروست کردووە، کە ئەگەر بکرێو بتوانین، ناوی ئەنێین: کۆماری شیعری مەولەوی!، وەك چۆن ئیفلاتۆن گۆڤاری خەون و ئاواتی خۆی پێکهێناون مەولەوی- یش لەم کۆمارەدا، بەسەر کێوی شیعری لەبن نەهاتووی خۆیەوە، وەك ئاسکێکی سڵۆك و بەپارێز! بەچاوی هەمیشە زیت و بێدارو بێ ئۆقرەوە..

بەدڵە راوکەو بیرەبیرەیەکی بێ ئەندازەوە.

بەهەناوێکی هەڵوەداو بێ ئارام و شپرزەوە..

کە گیان ئەکەن بە تەنووری سوورەوەبووی گرکانی ژانی شیعرپژانی بەردەوام..

هەر سات و رۆژو شەوەی بەسەر رەوەزێکی نەدیوی ئەم کێوەوە..

هەر دەمەی بەلای خەم و خەندەیەکی تازەی ناو ئەم کۆمارەوە..

شارەزاو بەئاگا، لەبچووکترین رووداوەکانی ناو ئەم کۆمارە،

هەر لە شنینەوەی چڵە وەنەوشەیەکی کاوانەوە، تا لەرینەوەی چڵە گیایەك، راچەنیوەو داچڵەکیوە..

..شوێن فڕینی باڵندەیەکی کۆچەریی کەوتووەو تا گەڕاوەتەوە، پەژارەو چاوەڕوان بووە..

..گوێی لە خوڕەو قەڵبەزەی ئاوی دوورترین و تەنگترین دەربەندو گەروو بووە.ز

..شوێن مەرگ و ناشتنی پاییزانەی تاقە گەڵایەکی دەوەنێکیش کەوتووە..

..لەسەرماو سۆڵەی زستانە ساردەکاندا، توێی دەروونی خۆی، نەك هەر بۆ مرۆڤی نیشتمانەکەی، بەڵکو بۆ نەسیم-ی نیشتمان کردووە بەلانەو ژووری گەرم:

نەسیم، پەنجەی پات ئەر سەردیی کێشان

بدارەش نەتۆی دڵ دەروون ریشان

ئاشنایەتیو ئەوینی لەگەڵ سرووشتی نیشتمانەکەیدا، هەموو تەمەن و هەست و شیعری داگیرکردووەو لەیەکدا تووانەتەوە..بەجۆرێك وەك چۆن ئەڵێن حەزرەتی سلێمان، زمانی باڵندەو گیانلەبەرانی زانیوە، مەولەوی- یش ئاوا، زمانی

بوونەوەرانی سرووشتنەکەی زانیوەو یەکە یەکە، لە گەڵیاندا ژیاوە.. سەری ناوە بەسەریانەوەو رازی دڵی خۆی بۆ هەڵرشتوون..پیاسەی هەردان و سەربەرزان و لای دۆستانی لەگەڵدا کردوون..تیری لە دیدەنیو تیرِوانینی بەردەوامیان نەخواردووەو لەهەموو دیدەنیو بەسەرکردنەوەیەکیشدا، جار دوایجار، جوانترو رازاوەتر، هاتوونەتە بەرچاوی.. وەخت و ناوەخت بەسەری کردوونەتەوە..لەبەرەبەیاندا، کە کازیوەی نیشتمانی دیوە؛ وەك دڵدارەکەی لەناو نوێنی خەودا ببینێ، ئاوا هاتۆتە بەرچاویو بەتاسەوە، سەری لە سنگ و بەرۆکە رووتەکەی کازیوە نزیك ئەکاتەوەو بۆنی ئەکات:

بۆی یەخەی سەحەر، پەی دەماخ دڵ
مانۆ وەنەسیم، جێب جەمین گوڵ

..لەگەڵ کۆچی گەرمیان و کوێستانی خێلاتی جاف دا، سەرەرێیانی لێگرتوون و یەك یەك سەرژماری کردوون، کامیان کەمە..ریشەی جەرگ و پەردەی دڵی خۆی بۆ کردوون بە نووشتەی چاوەزارو بە قۆڵ و مەچەکی کچە جوانەکانی جافەوەی بەستووە..لە بچووکترین و دوورترین خەم و کۆستی ئازیزانیا، کسپەو زام گەیوەتە دڵی ئەم و فرمێسکی شیعریی، لە خەمبارو کۆست کەوتووەکان، زۆرترو بەسوێتر، هەڵرشتووە..کە روومەتە سپیو سافەکانی شێخ عەزیزی جانەوەرەیی - هاورێی - ئاوڵە - دەرئەکەن، وشەکانی ئەم، رووەمەتی خۆیان ئەرِنن..! لەگەڵ مەحموودی یاروەیس -ی کورِ کوژراودا، گریان و شیوەننامەی شیعری چەندان جار گریاوی ئەم، بێبرانەوەتر بووە.. لەپرسەی ناکامیی شێخ صەمەدی خانەگادا، زاوا رۆیەی ئەم، بە کوڵتر بووە..لە کۆتەڵی جافەکانیشدا، شیعری ئەم، بۆ کوژرانی قادر بەگی کەیخەسرەو بەگ، بە جۆشتر بووە..

... ئەگەریش خۆی نەیتوانیبێ سەردانی دۆستێکی بکات، یەکێك لە بوونەوەرەکانی سروشتەکەی راسپاردووە، کە کارەکەی بۆ بکات... لەمەشدا زۆرترین راسپاردەکانی بەبادا ناردووە، کەلەم بوارەدا مەولەوی، تاقە شاعیرێکە، بە ئەندازەیەکی کەم وێنە، جۆرەکانی بای زێدەکەی بناسێو شیعری زۆریان بۆ بڵێ(١٤).

...یان کە دۆستێکی بەسەر ئەکاتەوە، یەکسەر لە پاڵیشیا ناوی ئەم جێگایە، یان رەمزێکی ئەو جێگایە ناو ئەبا، کە ژینگەی دۆستەکەیەتی؛ وەك ئەوەی

بەهەلی بزانیٚو بە تیریٚك دوونیشان بپێكەو، بپێكیٚو بلیٚ: بیری هەردووكتان؛ بیری هەمووتان ئەكەم و هەردووكتان لای من، تەواوكەری یەكترن و یەك شتن...
لەمەشیاندا دیسان وەك مەبەستی بیٚ، زۆربەی ئەو جیٚگایانە ناو ئەبات، كەلەناو كۆمارەكەیدان!...واتە ئەو شوێنانەن كە دیالیكتی **گۆران** ئەیانگریٚتەوە، وەك: (بانە، ئاربەبا، سەرقەلا، كیٚوی ئاتەشگەی پاوە، خانەگاو پاوە، قوللەی قەزاڵە، كیٚوی شاهۆ، شاكەل، چەمی زەڵم، رووباری سیروان، ئەردەلان، كیٚوی ئاویدەر-ی لای شاری سنە، مەربوان، زریٚبار، كوێستانی سارالْ، هەزارەكانیان، قوللەی وەیس[۱۵]..هتد).

ئەمە ئەوەمان لا دووبات ئەكانەوە، كە مەولەوی هەر ئەم كۆمارەی خۆی پیٚكۆمارو نیشتمانەو هیچ جیٚگەیەكی تری پیٚ نیشتمان نییە. بۆیە كە ئەحمەد بەگی كۆماسی، بۆ ناوچەی رەشت وگیٚلان دوور ئەخریٚتەوە، بەشین و شەپۆڕەوە، هانا بۆ سروشت ئەباو گلەیی لەدۆستەكانی خۆیو ئەحمەد بەگ (بونەوەرەكانی سروشت) ئەكات، كە ئیتر خۆیان نەڕازیٚننەوەو ماتەم بن، چونكە كەسیٚكی ناو كۆمارەكە، جیٚیان ئەهیٚلیٚ:

ملان، سەربەرزان، كۆساران، هەردان
بیٚشەرنان، جەدداخ وەفاتان مەردان
چیشەن ئارایش، سەرتا وەدامان!؟
مەر خالۆم، وەعدەم سەیرتان ئامان؟
بەشینە؛ چین چین چنور نەكاوان
توخوا ماتەم بە؛ هاژەی وەفراوان!

ئەمە لەكاتیٚكدا، كە ناوچەی رەشت و گیٚلان، ئەو شوێنە ناخۆشە نییە، دلی تیا تەنگ بیٚ.

بەلام بە پیٚچەوانەوە، كە دۆستیٚكی دووركەوتەی، پیٚئەنیٚتەوە سنووری كۆمارەكەی، دلْ و دەروونی ئاوەدان و رۆشن ئەبیٚتەوەو شاگەشكە ئەبیٚو رۆحی ئەكەویٚتە شاییی... وەك چۆن بۆ هاتنەوەی شیٚخی بەهادین لەسەفەری حەج، ئەلیٚ:

شمایینەی كاسلْ، نازیزەكەی فەرد،
فیدای ئامات بۆ سەفاییت ئاوەرد
خەیلیٚن گەرد بات، نەدیدەم دووربی

یـــــانەی چەم وێران، تەمام خاپووربی
خـــــاس بی تەشریفت هەم ئاوەرەوە،
گەرد پـــــات وەتەن ئـــــاوا کـەردەوە

ئەم لکان و نووسانە پڕ ئەوینەی، پێناسەیەکی تایبەتمەندو دەگمەنیان داوە بە مەولەوی، کە لەناو سەرجەمی شاعیرانماندا، شیعری هیچیـــان، ئـەوەندەی شـیعری مەولەوی، بۆنی نیشتمانیان لێ نایەت... شیعری مەولەوی نوقمی خەم و خـەندەی نیشتمانە.. بۆنی نیشتمانە.. وەك چۆن بەدیتنی گوڵی نێرگز، بۆنی بەهار ئەکـەین، بەشیعری مەولەوی-ش، بۆنی خاکی مەولەوی ئەکـەین.. ئـەم بۆنەیشـی ئـەوەندە شـاعیرانەو هونەرمەندانـە، ئاوێتـەو ئـاخنراوی شـیعرەکانی کـردووە، رووخســارو ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێکەوە جۆشداوە.. لـە روخسـاری هیـچ شـیعرێکیا ئایدیـا هاوارو ژاوەژاوی دروشم پیـا هـەڵدان ناکـات.. بۆیـە لـە شـیعری سـەرومڕی ئـەو شاعیرانەشماندا، کە لـە ریـزی پێشـەوەی دڵدارانـی نیشـتمانن، شـیعری کەسـیان، ئەوەندەی شیعری مەولـەوی، عەشـقی نیشـتمانیان لەهـەناویاندا هەڵنـەگرتووە.. ئەگەریش هەڵیان گرتبـێ؛ لەروخسـاری شـیعرەکانیاندایە.. نـەك لەسـەر لەبـەری ناوەڕۆکدا.. چونکە کەسیان ئەوەندەی مەولەوی، شـارەزای خـەم و خەونینیشـتمان نین.. کەسیان ئەوەندەی مەولەوی، لەنزیکەوە سەریان نـەناوە بـەدڵی خاکـەوە، تـا لێدانەکانی دڵی بژمێرن..

بۆ وێنە، شاعیرێکی پێشینەو سەودای نیشتمانی وەك ئەحمـەدی خـانی (١٦٥٠ - ١٧٠٦ز)، سەرباری ئەوەش کە هەمـوو خـەون و ئـاواتی، سـەرفرازیی گەلەکـەی بووەو لەم بوارەدا شـاعیرانی ترمـان لەمـەوە فـێری دڵـداری خـاك بـوون؛ کـەچی لەتێکرای داستانی مەم و زیـن-ەکـەیدا، کـە داسـتانێکی خۆماڵییانەشـە، بـەڵام لەباس و خواسی پـەیوەندی کۆمەڵایـەتیو داب و نـەرێتی خۆماڵییانـەدا، ئەگـەر لەگـەڵ شـیعری شـاعیرانی دراوسـێکانماندا تێکـەڵ بکـرێ، ناناسـرێتەوە..! یـان شـاعیرێکی وەك حـاجی قـادری کۆیـی (١٨٢٤ - ١٨٩٧ز)، کـە قوتابییـەکی قوتابخانەکەی خانیـیەو بـە: بولبـولی نیشـتمان ناسـراوەو سـەرەرای ئـەوەش کـە **گۆران**-ی شاعیر پێی ئەڵێ: (ئەو نیشتمان پەرستە، دڵسـۆزە، کەهـەر هـاوارێکی شیعری، بەشی شۆڕشێك ئاگرو جۆشی لەگەروو ئەهێنایـەدەرێ[16])، کـەچی ئەگـەر وەك بەراورد چەپکە گوڵی شـیعری، لەگـەڵ شـیعری مەولـەوی، بـەدوو دەسـتەوە

بگیرێ، بێ‌هیچ دوو دڵییەك، هەست ئەكەین شیعری مەولەوی، زیاتر بۆنی نیشتمانیان لێ‌دێت!.

یان شاعیرێکی وەك نالی(١٨٠٠ - ١٨٥٦ز)، كە ئاوارەو سەرهەڵگرتووی هەتا هەتایی‌و راستەقینەی پێناوی داروبەردی سلێمانی‌و قەرەداخ و خاك و خۆڵ و حەبیبەیەو لەم شەرحی دەردی غوربەتەیاندا، گەیوەتە تینی‌و دڵی وەختە ببێ بەئاوو بەچاودا بکا عبوور، دیسانەوە لەم دڵ بوونە بەئاوەشدا، شیعری ئەوەندەی شیعری مەولەوی، هەنسکی تەڕو بەسۆزو خۆماڵییانەی تێدا نییە.

یان شاعیرێکی وەك سالم (١٨٠٠ - ١٨٦٦ز)، كە ئەتوانرێ ناوی بنرێ: شاعیری سوارچاکیی بابان و لەهەموو نەبەردەکانی نێوان بابانی‌و عوسمانییدا، ئەگەریش راستەوخۆ، خۆی بەشداری نەکردبێ، شیعری شیوەننامەی بۆ قارەمانێتی بابان نووسیوە بەداگیرکردنی میرنشینی بابان، گریانێك گریاوە، وەك **گۆران** ئەڵێ: كە هەرگیز جۆش و کوڵی دانەمرکێتەوە[١٧]. کەچی ئەمیش، فرمێسکەکانی، ئەوەندەی فرمێسکە درشتەکانی مەولەوی، لەئاوی زەڵم و سیروان ناچن!. لەم بارەیەوە دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول رایەکی نزیك بەم بۆچوونەمان هەیە، ئەڵێ: (هەرچی وەسفی سروشتە، لای خانی‌و نالی‌و شاعیرانی کلاسیکیمان، دیمەنێکی گشتی سروشتمان دێتە بەرچاو، بێئەوەی جیای بکەینەوە، كە ئەمە، سروشتی کامە ولاتە!، بەلاّم هەرچی نەخشەی سروشتە لە شیعری مەولەوی‌دا، تەواو کوردستانییە[١٨]).

بۆیە ئەگەر عەڤدالی دیتنی رووی راستەقینەی خۆما بین ؛ ئەگەر شەیدای دیتنی سەراپای نیشتمان بین؛ ئەبێ سەیری ئاوێنەی شیعری مەولەوی بکەین؛ وەك چۆن ئەگەر بۆ روخسای شەمسی تەورێزی بگەڕێین، ئەبێ دووتوێی شیعری مەولانای رۆمی بۆ بگەڕێین!.

شیعری مەولەوی، لەگەڵ ئەوەشدا كە زۆر عارفانەو سۆفیانەیە، بەلاّم بە پێچەوانەی هەموو شاعیرانی سەرتاسەری ئەم رێبازگەیەوە، كە ئەگەر جوانیی‌و خۆشەویستی خوا (کردگار)، لە شیعرەکانیان دەربهێنین، هیچیان تیا نامێنێتەوە؛ کەچی لە شیعری مەولەوی‌دا، ئەگەر ئەم کارەش بکەین و هەر شتێکی تریش دەرهاوێژین، هێشتا نیشتمان، بەهەموو کەژو کوێستان و گەرمیان و رووبارو قەڵبەزو گوڵ و سروەو درەخت و مرۆڤیەوە، لەهەموو شیعرێکی مەولەوی‌دا،

لەهەموو بەیتێکی مەولـەوی‌دا، بـەڵکو لەهـەموو پیتێکـی مەولـەوی‌دا، بانگمـان ئەکەن و هانمان ئەدەن، خۆشمان بوێن؛ چونکە لای مەولەوی، هـەموو جوانییـەکانی کردگار، لە کوردستاندایە! لە سرووشـتنی رەنگینـی خـاکی مەولەوی‌دایـە.. هیچ شـتێك، هیـچ جوانییـەك، لـەدەرەوەی خـاکی مەولـەوی‌دا نـەبووەو نییـە.. ئـەو جوانیانـەش بـەجۆرێك لـە نیشـتماندا ئـەبینیێ، کـە تایبەتـمـەندیی خۆماڵییانـەی پێوەبیێ.. یان بەواتەی **گۆران**-ی شاعیر (مەولەوی ئەو شاعیرە بەرزو نەمرەیە، کە هەموو بەیتێکی دیوانەکەی، کچە کوردێکی شۆخ و نازدارە، بە بەرگ و پۆیلانـەی خۆماڵی تەواوەوە[19]).

لەم دیدەنیە کورتەی کۆمارەکەی مەولـەوی‌دا، بەشـوێن سـەرەداوی ئـەو رازەدا ئەچینەوە، کەپێشتر دەرگامان لەسەر کردەوەو، وتمان: ئەو دۆست و شاعیرانەو ئـەو چیاو گوندو شارانەی ناویان لەنامەو شیعری مەولـەوی‌دا بـوو، هـەموویان ئەوانـە بوون کە کۆمارەکەی مەولـەوی ئەیگرتنـەوە!. ئەمـەش پرسـیارێکمان لا دروسـت ئەکات، کە ئەگەر پێشـتریش کرابـیێ[20]، لاوەکیـی بـوون و خۆیـان بـۆ سـۆراخ و وەڵامدانەوە، ماندوو نەکردووە. منیش رەنگـە وەڵامـی بنبـڕم نـەبیێ. بۆیـە هـەر ئەوەندە توخنی ئەکەوم، کە دەرەقەتی دێم و ئەڵێم: لەو نامەگەلەی مەولەوی، کـە بۆ دۆستان و بەتایبەتیش بۆ شاعیرانی نووسیون، نەك هەر نامە بۆ نـالی، یـان بـۆ مەحوی، کە ئەمی دواییان لەچاو ئەوانی‌تردا، بەگیانی مەولەوی-ش نزیکەو لەگەڵ مەولەوی‌دا، سەر بەیەك رێبازگەی ئاینیشن؛ بەڵکو تاقە نامەیکیان تێدا نییە، بـۆ شاعیرێکیان نووسرابیێ، کە بە کێشی عرووز، شیعری نووسیبیێ!. ئەمـە لـەکاتێکدا لەپاڵ کۆمارەکەی مەولەوی‌دا، واتە: لەمیرنشینی بابان دا، کـە دراوسـێی نزیـك و تێکەڵاوی هەمەلایەنەی لەگەڵ میرنشینی ئەردەلاندا هەبووەو بەهۆی گواسـتنەوەی پایتەختەکەشیانەوە، لە قەڵاچوالان-ەوە، بۆ سلێمانی‌و دەسەڵات پەیداکردنی زیاترو بەهێزبوونیان و بۆ چاولێکەرییش لـە میرنشـینی ئـەردەلان، کـە شـێوە زمـانێکی شەقڵ گرتوویان هەبووە؛ پێویسـتی بوونـی شـێوەزمانێکی تازەیـان لـە قوتابخانـە شـیعرییەکەی نـالی‌و هاورێکـانیدا دیوەتـەوەو سـەروەری ژیـانی مەولـەوی-ش، هاوکاتی سەرهەڵدان و گەرمەی بـاس و خواسـی ئـەو قوتابخانـە شـیعرییەی نـالی بووە.. کەچی بۆ وێنە: مەولەوی، کە چەند جار نامە لە هەورامانەوە، بۆ بەغدا بـۆ (محمود پاشای(٢١) جاف) ئەنووسیێ، یان کە مەولەوی خۆی لە بەغدا بووەو لەوێوە

نامە بۆ ئەحمەد پریسی(٢٢) بۆ بناری هەورامان ئەنووسیێ؛ بەسەر سلێمانی تازە پایتەختی بابان و شاری نالیو هاورێکانیدا، باز ئەداو، لەناوهێنانی ئەو جێگایانەشدا، کە لەدوو توێی شیعرەکانیدا بەسەرمان کردنەوە؛ ناوی تاقە چیاو گوندو شارۆچکەو شارێکیش ناهێنیێ، کە لە جوگرافیای میرنشینی باباندان!.

ئەمە ئەوەمان لا ئەسەلمێنیێ، کە مەولەوی کەم و زۆر پەیوەندە ئەدەبی لەگەڵ شاعیرانی ئەم قوتابخانە تازەیەدا نەبووەو نەیویستووە بیبییێو.. بەنامەکان و بەناوهێنانی شوێنە جوگرافی یەکانیشدا دەرئەکەوێ، کەلەسەرچەمی زەڵم -ی خۆرئاوای میرنشینی ئەردەلانەوە، تا قوللەی وەیس -ی سنووری خۆرهەڵاتی میرنشینی ئەردەلان ئەبینیێ!

وەلامی ئەم پرسیارە سەختەو؛ بەو هۆیەشەوە کەتا ئێستا بەڵگەیەکمان لەم بوارەدا لەبەردەستدا نییەو ئاگاداری ئەو باس و خواسانەش نین، کە لە دانیشتنە ئەدەبییەکانی ناو مزگەوت و دیوەخانەکانی ئەو رۆژگارەدا، لەمەڕ شیعرو زمانەکەمانەوە کرابن؛ بۆیە ناچار هەر پەنا ئەبەینەوە بەر دەقی شیعریی، شاعیرانی دیالیکتی **گۆران** و ئەڵێین: ئەم قوتابخانەیە، هەموویان پابەندی پەیڕەوکردنی ئەو سیمایانە بوون، کەلە مێژەوە لە شیعری ئەم دیالیکتەدا هەبووە بە گشتیو بە تایبەتیش کێشی خۆماڵییانەو رەسەنی (١٠ بڕگەیی)، کە زۆرترین ئەدەبی میلليو فۆلکلۆریمانی پیێنووسراوە.. لە سەرووشیانەوە مەولەوی، کەلە هەموویان زیاتر پابەندی ئەم کێشە بووەو پێشی وابووە کە شیعری کوردی، ئەبێ بەو کێشە خۆماڵییە بنووسرێ، چونکە خۆی کە دوو کتێبی باوەرنامەی بەزمانی بیانە، واتە: **الفضیلة والفوائد** -ەکەی [٢٣] بەزمانی عەرەبیو فارسی نووسوە؛ کە کێشێکی عروزەو بریتیە لە شەش جار: مُستَفعِلَنْ. کەچی کە عقیدەی (٢٤) مەرضیة کوردییەکەی نووسیوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیامی ئەم کتێبەش، هەمان پەیامی **الفضیلة والفوائد** -ە، بەڵام چونکی ئەمیانی بە کوردی نووسوە؛ بە کێشی (١٠ بڕگەیی)ی خۆماڵیی دایڕشتووە.

جگە لە مانەش، چونکە شێوە زمانەکەشیان، بەری رەنج و شەونخونیی دەیان و بگرە سەدان شاعیرو روناکبیرو زانای ناسراوو گومناوی ناو ئەو تەمەنە درێژەی مێژووی کولتوری ناوچەیەکی بەرین بووە؛ بۆیە من پێم وایە کە: مەولەوی ئەو قوتابخانە شیعرییە عروزئامێزەی نالی، بەکودەتایەکی نامۆو ناوەخت زانیوە، بۆ

سەر شێوەزمانی **گۆران**ی‌و بەهیچ شێوەیەك لەكۆمارەكەی خۆیدا، تەنانەت وەك پرژی باسكردنیش، باسی نەركردوون و جێگەی نەكردوونەتەوە. چونكە وەك وتمان هەر نیشتمانی شیعری رەگ داكوتاوی دیالیكتی **گۆران**ی پیٚ نیشتمان بووە.

بۆ پشتیوانیش لەم بۆچوونەمان خۆشبەختانە، ماوەیەك بەر لە نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیە، لەماڵێكی شیعرو هونەرئامێزی شاری سنەی(٢٥) شیرینداا، دیوانێكی دەستخەتی مەولەوی-یان دییەوە، كە روونوسی دەستخەتی مەولەوی خۆیەتی‌و پێشكەشی مامۆستاكەی خۆی: حاجی مامۆستا مینبەری -ی كردووەو لە پێشكەش كردنەكەشدا ئەوە ئەسەلمێنیٚ كە دیارییەكەی، واتە: شیعرەكانی، بە شێوەزمانی **گۆران** -ن، كە بەجۆرە بە فارسی، پێشكەش ئەكا:

(در خاطر محبان جای سوزش مشتاقان وآرزومندان جنانی، چه در لباس تازی و چه در لباس كرباس گورانی تفاوتی نخواهد فرمود، وبر بی التفاتی نخواهد افزود. اری - هر یكی را اصطلاحی دادەایم - هر یكی را سیرتی بنهادەایم -((٢٦). پس فقرات گویای خاموش نایب فقیر مدهوش است - یسلم علیكم وعلی من لدیكم - عبدالرحیم المعدوم)*

پەراوێز:

١- تەقەللا دیارەكانی ئەم مەیدانە ئەمانەن:

* رۆحی مەولەوی، بەرگی یەكەم: ١٩٣٥، بەرگی دووەم: ١٩٤٠، پیرەمێرد
* دیوانی مەولەوی - كۆكردنەوە لێكۆلینەوەو لەسەر نووسینی: مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس - بەغدا ١٩٦١ز.
* **گۆران**، مەولەوی‌و شیعری موناسەبەت - گۆڤاری هەولێر ژمارە (٨، ٩، ١٠) - ١٩٥٠ز.
* **گۆران**، یادی پیرەمێرد - ل٧٣-٨٣ - بەغدا - ١٩٥١ز.
* میهرەجانی مەولەوی، كتێبی ژمارە (١)ی گۆڤاری رۆشنبیری نویٚ، بەغدا، چاپخانەی - الزمان - ١٩٨٩ز.
* مێژووی ئەدەبی كوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا ، ١٩٥٢ز.

* ئەدەبی کوردیو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی، بەغدا - ١٩٦٨ز.

* ئەنوەر قادر محەمەد - لیریکاری شاعیری گەورەی کورد: مەلەوی، ستۆکهولم - ١٩٩١ز.

* محەمەد ئەمین ئەردەلانی - دیوانی مەولەوی - وەرگێرانی بۆ سۆرانی - بەرگی یەکەم - بەغدا ١٩٩١ز.

* کۆنگرەی مەولەوی، سەقز: ٨ تا ١٣٧٢/٧/١٠ه هەتاوی، بەرامبەر ٢٩ تا ١٩٩٢/٨/٣١ز.

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی - چاپی دووەم بەغدا - ١٩٧١ . ل٢٨١.

٣- بۆ زیاتر رونکردنەوە، ئەبێ ئەوە بڵێم کە: غولام شاخان، یەکێ لەدوا میرانی میرنشینی ئەردەلانەو لەباوکەوە کوری دووەمی خەسرەوخانی کوری ئەمانۆللاخانی گەورەی میری ئەردەلانە، کە باوکی بە خەسرەوخانی ناکام بەناوبانگەو دیسان وەك شاعیریش ئەناسرێو شیعری بەزمانی فارسی زۆرەو نازناوی شیعری والی‌یە. لە دایکیشیەوە، کوری حوسن جیهان-ە، کە (٢١)هەمین کچی فەتح عەلی شای قاجارەو ئەمیش وەکو شاعیرێکی فارسی زمان ئەناسرێو نازناویشی ام القانون-ە. بەواتا: لەسەرێکەوە رەگەزی دایکی فارسەو شیعە مەزهەبەو باوکیشی خەسرەوخانی ناکام، وەك وترا، هەر بە فارسی شیعری نووسیوەو لە سەرێکی تریشەوە ماهشەرەفخانم - مەستوورەی ئەردەلانی (١٨١٣ - ١٨٤٧ز)ی شاعیرو مێژوونووسی ناوداری کورد، زڕ

---

*سەرنج:

ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبێکی سەربەخۆ، بەناوی (خوێندنەوەی‌یەکی تازەی مەولەوی)، کەلە ئایندەیەکی نزیکدا بە چاپی ئەگەیەنم.. لەهەمان کاتیشدا، هەر ئەم وتارە، لەکۆنگرەی مەولەوی-یدا خوێندرایەوە، کەلە شاری (سەقز)، لەرۆژانی ٢٩ تا ١٩٩٢/٨/٣١ز-دا سازدرا.

دایکێتی، کە ئەبێتە هەویەی دایکیو ژنی دووەمی باوکێتی، کەبەسەر دایکی هاتووەو.. ئەبوایە ئەم چەند جیاوازیو هۆیە، کار لە هەستی غولام شاخان بکەن،

تا زۆر حەز لەزمانی کوردی نەکات..کەچی شیعری مەولەوی، ئـەوەندە جێپەنجـەو زەبری لەسەر هەست و ناخی غـولام شـاخان هەیـە، کـەوەك وتـرا: نـەك هـەر بـە دیـالیکتی **گۆرانی**، بـەڵکو بەشێوەزمانی ناوچـەی تـاوەگۆزی، شـیعری لەگـەڵ مەولەویدا ئاڵوگۆڕ کردووە..!

٤- یادی مەردان - بـەرگی دووەم، مـەلا عەبدولکـەریمی مودەڕیـس - بـەغدا چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق -ل ٣٨٥ -٣٨٨ -١٩٨٣ز.

٥- دانای هەورامی - پیرشالیاری زەردەشتی، بەغدا - ١٩٦٨ز.

٦- مەشەللاێ سووری - سەرئەنجام - تاران ی١٣٤٤ هەتاوی.

٧- مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی سـەبارەت بـەم کتێبـە ئـەڵێ: شـێوەی شیعرەکان و ناوەرۆکیان ئەیسەلمێنن کە دیالیکتی هەورامی ٨٠٠ سـاڵ لەمەوبـەر، زمانی ئایین بووە. زاری زمانی کوردی لەتای بەراوردا - بەغدا/ ١٩٨١ز - ل١٧.

٨- لیریکای شاعیری گەورەی کورد - مەولەوی - ل٣٢.

٩- مینۆرسکی، **گۆران**، وەرگێرانی ناجی عەباس، گۆڤاری گـەلاوێژ، بـەغدا، ژمارە (٥، ٦، ٧، ٨، ٩،١٠)، ساڵی ١٩٤٤.

١٠- محەمەد ئەمین زەکی: تاریخ الدول والامارات الکردیه فی العهد الاسلامی، ترجمه محمد علی عونی - القاهره/ ١٩٤٥ - ص٢٧٦.

١١- ئەنوەر قادر محەمەد: لیریکای شاعیری گەورەی کورد، مەولەوی، ل٣٨.

١٢- **گۆران**: یادی پیرەمێرد - بەغدا - ١٩٥١ز - ل٧٨.

١٣- لـەم (٣٨) نامەیـە، تـەنیا نامەیـەك، کـە بـۆ کـاك ئەحمـەدی شێخ-ی نووسیوەو تا ئێستا نـازانین کـە ئـاخۆ کـاك ئەحمـەدی شـێخ-یـش، بـۆ دڵنـەوایی مەولەوی، دیالێکتی **گۆرانی** خۆشویستووە، یانا!؟

١٤- بروانە ئەم نمونانە، کەباسی جۆرەکانی بایان تێدایە، بە تایبەتی نەسیم:

نەوەخت هیجران، ویـــــداعت فاما
نەوە شەماڵ دا، پەیـــامت ئاما ل ١٣

ئـــامـــاوە وەهار، وەهـــار شـــادی
بۆی عەتر نەسیم، خونچەی ئازادی ل٣٨

ڕاوەگزینگ

زایــــفیم هـــــەریەند جـەحەد بــــــەرشی‌یەن
نەسیم ئــــــەر بـــــارۆم عەجـــــایب نییەن ل٤٩

رجـــــام هــــــــەن فـــەردانەو گەردەلوول دا
بویـــــەری نـــەژێر ســـایەی رەســــوولدا ل٩٩

گـــــاچۆن بـۆی نـــەسیم وەرووی شـــەتـــــاودا
گاچۆن گوڵ نەپـــــای چۆڕەی بـــــەفراودا ل١٤٦

ئــــەو ســـــەبوون ســـــــفتەی پر داخ بێ پەرداخ
تۆ بۆی شنۆی بـــــای ئێلاخ نـــــە دەمـــاخ ل١٤١

نــــــەســـــیم بـــــەس بـــــویـــــەر وەکۆساراندا
وەسەن شـــــانـــــای وەڵگ وەدیـــــاراندا ل١٤٣

شــــــنۆی رەشـــــەبـــای زوســـــــان هیجران
سەرچڵەی عەیـــــشم کەردەن وەبوریــــــان ل١٢٩

چۆن وەڵگ شـــــادیی من وای دوریـــی لــــــەیل
وەیشوم بەرد ئەو هەرد، نەو رشتەی سوەیل ل١٦٠

پـــــــووش ئـــــایریچم جـــــای نـــــەسیم نییەن
هورکەردەو بەردیم تـــــاوەلاش شــــییەن ل٢٧٥

چ شـــــیریـــــن زەڕگەر، تــــۆف هـــــەوای سارد
گۆشوارە نــەگۆش نەونەمـــــامـــــان کەرد ل٢٧٨

شـــەماڵ ئـــەرجوم هـــەن هەی وەفیدات بام
وەســـــەرگەرد بـاڵ شانای هەوات بام ل٣٠٣

١٥- بڕوانە ئەم نمونانە:

چەپـــــگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی نەرد
وەزاهیر بــــانـەش وەبەهــــانە کەرد ل٨

جـــە ســـەرقەڵاوە مـــەگێڵوون پـــەی تۆ
دەك دیدەم هەردوو صەدجار فدێت بو ل١٦

تـــانجەڕۆ ئەی چەم، ســـیروان ئـەو چـــەم
جۆشـاوی وەهەم، ئەی چەم تا ئەو چەم ل١٣١

ســـەربــەرکەر نــەســەر کۆی ئاتەشگاوە
بدیە وەمەسکەن خانـــەگا و پـــاوە ل٣٠٤

زار زارو خـــاس خـــاس، وەزار بنـــاڵە
جـــاگیر نەسەر ئەوج قوللەی قەزاڵە ل٣٠٤

دڵـــەی خـەم خەیـــاڵ، جوش ئـاوەردەوە
(مەعدوم) هەم هەوای زەهاو کەردەوە ل٢٤٣

دیـــدەم رێـــژاوە، روخســــارم زەردەن
جەداخ یاران، پـــــیران-م کەردەن ل٢٥٤

ئـــا دەور مـــدۆ وەشـــاهۆ کـــۆ-وە
وەســــزای دووریی دیـــدار تۆوە ل٣٠٩

فەضـــای ســـایەی عـەرش دانای جەلیلەن

یا بـــارەگای پاك سەیید خەلیل-ەن ل٣٥٧

وادەی خـــاو نـــییەن، وادەی شـــــکارەن
دەشـــــتەکەی پای هەرد شاکەل دیارەن ل٣٧٣

گـــێچ مـــەدا ســـەبون شـــارەزوور دڵ
ســـــیروان هوناو، دەرونش گوڵ گوڵ ل٤١٨

واژواش مـــــەویـــەرد، نـــەونەمـــام دەم دەم
تاف مەوەست سەراو، چەرخ زەڵم چەم ل٤١٨

خاو خاو پەی نەچیر، چـــــــەم وەنگیـــــاوە
تەك مەداین وەلای کۆی ئاتەشگـــاوە ل٤٩٠

من مـــــات و بیـــــدەنگ، بـــێ صەداو ناڵە
یـەکێ بیم چون سەنگ قوللەی قەزاڵە ل٤٩١

ئـــیسە وە ئەڵمـــاس دووری دڵ کـــــاوام
مەلاڵ بەدحـــاڵ، ئـــــەردەلان ماوام ل٤٩٢

دەی ســـــاشـــــو بویەر نەو سوب سەحەردا
چۆن دووی هەنـــاســـەم وە ئاویدەردا ل٤٩٣

هـــــانـــە بـــانـــەدا، بێـــکەس کەفتەیی
دیـــاربی ئـــازار تـــۆ شنەفتەیی ل٤٩٧

ئـــایـــر ســـەنـــدەبی، جـــەگردین لاوە
پـــووشەکەی جەستەوەش وە ئاربەباوە ل٤٩٨

گێژ زرێوار هەرسـم مـەوج و وەردەن
سارای مەریوان تەمام هەڕ کـەردەن ل٥٠٠

شـەوان هـام رازەن، روان هـاومالەن
(قلب الاسد)م، قـەوس سـارالّ ـن ل٥١٨

هـەوای سەر سـارالّ وەخسوس وەتەن بۆ
ئەرچی صەفای رۆح، راحەتیی تەن بۆ ل٥٢٦

وەهەر جـا تـەشریف تۆ ئـەرزانییەن
هەر دیدە پەی تۆ، هـەزارکانی‌یەن ل٥٢٩

هـالّ بـەدهـالّ، بـەدەن هالّی‌و هەوالّە
یانی های چون سـەنگ قوللەی قەزالّە ل٥٣٢

ئـارۆ من دەردم سـەرمـەشق قەیسەن
نەجدم سارای صاف پای قوللەی وەیس ـن (بەیازێکی لای خۆم)

١٦، ١٧_ یادی پیرەمێرد، وتاری مامۆستا **گۆران** ل٧٥، بەغدا، ١٩٥١ز
١٨- میهرەجانی مەولەوی ل١٠٣، بەغدا - ١٩٨٩ز
١٩- یـادی پـیرەمێرد- ووتـاری مامۆسـتا **گۆران** ل ٧٨ - بـەغدا ١٩٥١- چاپخانەی مەعاریف.
٢٠- میـهرەجانی مەولـەوی - وتـاری فـاتیح عبدولکـەریم - ل٤٧، هـەروەها لیریکای شاعیری گەورەی کورد، مەولەوی _ل ٧٥، ٧٦.
٢١- یادی مەردان، بەرگی دووەم.
٢٢- هەمان سەرچاوە.
٢٣- بروانه الوسیله فی شرح الفضیلة - بغداد - ١٩٧٢ز

٢٤- بروانـە: عـەقیدەی مەرضیـە، مەولـەوی، شـەرح و لێکدانـەوەی مـــەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەغدا، ١٩٨٨ز.

٢٥- مەبەست لەماڵی باوکی هونەرمەندانی ناسراو، هاورێیانم/ کاکـە هـادیو کاکە مەهدی ضیائەدینی-یە، کە بـاوکی کۆچکردوویـان شـاعیر : شـێخ محەمـەد جەمیل ضیائـەدینی - ١٩٢٥ - ١٩٨٣ز-کـوری شـێخ محەمـەد شـەریف، کـوری شاعیری گەورەو ناسراوی کورد شێخ محەمەد سەلیم ناسراو بە سالمی سنە، لـەژیانی خۆیدا، بەخەتێکی زۆر خۆش، روونوسی دیوانێکی مەولەوی تاوەگۆزی کردووە، کە مەولەوی ئەم دیوانـەی بەخـەتی خـۆی، پێشـکەش مامۆسـتاکەی خـۆی: حـاجی مامۆستای مینبەری کردووە.

مزگێنی ئەدەم بە خوێنەران و شیعردۆستانی مەولەوی، کە ئێستا ئـەم دیوانـە، لای منەو توێژینەوەیەکی وردو قوڵم لەسەر کردووەو ئامادەی چاپە. ئـەوەی جـێی مژدەیە لەم دیوانـەدا، نزیکـەی (٤٠)چـل شـیعر لـەم دیوانەدایـە، کەلـە دیوانـە چاپکراوەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دا نییە.

٢٥- هـر یکـی را اصطلاحـی دادەایـم..هتـد، بەیتـە شـیعرێکی مـــەولانای رۆمی‌یە..مەولەوی لەنیازەکەی خۆی هێناویتیەوە، تا لای مامۆستاکەی، پاکانە بۆ ئەوە بکاو بڵێ: من، کە بە شێوەی **گۆرانی** شیعر ئەنووسم، بەهرەیەکە خـوا پێـی داوم و لەمـەشدا لای خوا، جیاوازی نییە، بەهەر زمانێك بنووسم.

نالی
و
مەستوورە*

مەستوورە (١٨١٣ز - ١٨٤٧ز)، کە نازناوی ماهشەرەفخانم، کچی ئەبولحەسەن محەمەد بەگ - ەو ئەگەرچی دیوانێکی شیعریی بەزمانی فارسی‌و کتێبێکی مێژوویی، دەربارەی مێژووی ئەردەلان لەپاش بەجێماوە؛ کەچی تا ئێستاش لای زۆربەی کوردناسانی خۆرهەلات و خۆرئاواو مێژوونووسان و نووسەرانی خۆشمان، زۆرتر هەروەك شاعیر باس ئەکرێ. لە کاتێکا شانازیی مێژووی فەرهەنگی کوردی، لەوەدایە کە نزیکەی ١٧٠ ساڵ لەمەوبەر، لەسەرتاسەری خورهەلاتی ناوەراستا، تاقانە ئافرەتێکە، مێژووی نووسیبێ.

هەرچەندە لەپاڵ دیوانە شیعرە فارسییەکەیدا، برە شیعرێکی عروزئامێزی بەزمانی کوردی-ش، بەناوی مەستوورە-وە، بلاوبۆتەوە. وەك نمونەی ئەمجۆرە شیعرانەی، کەئەمە سەرەتاکەیتی:

گرفتارم، بەنازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم، بەتیری سینە سووزی نێشی موژگانت(١)

بەلاَم من دلنیام، کەئەو شیعرە کوردییە عروزئامێزانە، هی‌مەستوورە نین و دراونەتەپاڵی؛ چونکە لە لایەکەوە ئەمجۆرە شیعرانە، جگە لەوەی پیاو وتوونی، لەلایەکی تریشەوە مەستوورە خۆی، لەمێژووەکەی خۆیدا، کەلە ئاخرو ئۆخری

---

*سەرنج :

ئەگەر هەندێ فاکت و پەرەگرافی ئەم ووتارە و ووتاری پێشوو لە یەکتر بچن، پێویستی ووتارەکان وا بووە.

١ - مێژووی ئەدەلان - نوسینی : مەستوورەی کوردستانی - گۆرینی بۆ کوردی: دکتۆرحەسەن جاف و شکور مستەفا - چاپی یەکەم - بەغدا - دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ل ٧ - هەروەها : تاریخ مشاهیر کورد - جلدی یەکەم - تالیف بابە مردۆخ رۆحانی- چاپ اول ١٣٦٤ - انتشارات سروش - ص ٣٦٧-٣٧٢

ژیانیشیا نووسیۆیتی، کەم و زۆر باسی ئەوە ناکات کە شیعری کوردی نووسیبێ، لەهەمان کاتیشا، کەباس دێتە سەر مەستوورەو ئەدەبی کوردی، لەسەردەمی مەستوورەو لە ئەدەبی باوی ئەو سەردەمەی میرنشینی ئەردەلان؛ ئەبێ ئەوەمان لەیادبێ کەئەو ئەدەبەی لەو رۆژگارەدا بەزمانی کوردی لەجوگرافیای میرنشینی ئەردەلان دا سەقامگیر بووە، ئەدەبی دیالیکتی گۆران بووە، کە بە کێشی خۆماڵیی، واتە: کەبە وەزنی هیجا (بڕگەیی) بووە. لەبەرئەوەی ئەم دیالیکتەی گۆران، زۆر لە پێش دروستبوونی شاری سنەشدا، زمانی ئایین-ش بووە. چونکە ئەگەر کوردناسانی وەکو: (ئەلیکسەندەر ژابا، مارتن، هارتمان، روژەلیسکۆ، لیرخ، فیلچیڤیسکی، رۆدینکۆو...هتد)ش، ئەوە بسەلمێنن کە ئەدەبی کوردی، لەسەرەتای دەست پێکردنیەوە، بە دیالیکتی باکوور دەستی پێکردبێ‌و بەتایبەتیش لە عەلی حەریری (سەدەی یانزەیەمی زایین)، ئەوا لەم دیالیکتەدا، (لەسەدەی دەیەمی زایین)و رەنگە پێشتریش، کتێبی ماریفەت و پیرشالیاری زەرتوشتی[٢] پێ‌نووسراوە، کەلەبارەی ئایینی زەرتوشت-ەوەیەو دوای ئەمیش کتێبی سەرئەنجام-ی پێ‌نووسراوە، کەلەناو خەلکا، بە سرودی یارسان ناسراوەو کتێبی ئایینی ئەهلی هەق-ە[٣]. لەپاڵ ئەمانیشدا، وەك لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی چاپی ئینگلیزییەکەیدا - هاتووە، باباتاهیری هەمەدانی-ش، شیعری بە دیالیکتی گۆران، بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەری ئەهلی هەق، لەناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە.[٤] جگە لەو (٢٧) شاعیرەی کە ئی. بی. سۆن، لەو وتارەیدا سەبارەت بە شیعری گۆران، لەسەری نووسیون و نمونەی لە (٢٧) شاعیریان هێناوەتەوە، کە کاتی خۆی د. سەعید سنەیی، ئەم دەستنووسانەی پێشکەش کردون و ئێستا لە مۆزەی بەریتانی پارێزراون و هەمووشیان پێش ساڵی ١٧٨٨ زایین ژیاون.[٥]

٢- دانای هەورامی - پیرشالیاری زەردەشتی - بەغدا - ١٩٦٨ ز

٣- سەرئەنجام - ماشەڵلای سوری - چاپ اوّل - تاران ١٣٤٤

٤- لیریکای شاعیری گەورەی کورد - مەولەوی - ئەنوەر قادر محەمەد - ستۆکهۆلم ١٩٩١ ل ٣٢

٥- مینۆرسکی - گۆران وەگێرانی ناجی عەباس - گۆڤاری گەلاوێژ- ژمارە (٥ تا ١٠) بەغدا ١٩٤٤ ز

ئیتر ئەم ئەدەبە، لەتەمەنی ئەم هەزارساڵ بەخشینەیدا، بێپشوو، بە تەوژم و تین و درەوشاوەیی هاتووەو بەدەم رەگ داکوتانی زیاترەوە هەر لە بەخشیندا بووە، کە کۆمەڵێك شاعیرانی گەورەو ناوداری ئەدەبی کوردی، هەر بەم دیالیکتە شیعریان نووسیوە، وەك: مەلا پەرێشان (سەدەی چواردەیەمی زایین)، بێسارانی (١٦٤١ - ١٧٠٢ز)، صەیدی هەورامی(١٧٨٤ - ١٨٣٥ز)، میرزا شافیعی جامەرێزی (١٧٨٥ - ١٨٤٨ز)، ئەحمەد بەگی کۆماسی(١٧٩٣ - ١٨٧٦ز)، مەولەوی تاوەگۆزی(١٨٠٤ - ١٨٨٢ز)، میرزا قادری پاوەیی(١٨٣٥ - ١٩٠٧ز)و..هتد، کە ئەم بەردەوامییە، پێچەوانەی ئەدەبی دیالیکتی باکوورە، چونکە ئەگەر لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی شاعیرانی وەك: فەقێی تەیران (سەدەی چواردەیەمی زایین)و مەلای جزیری (سەدەی پانزەیەمی زایین)و ئەحمەدی خانی(١٦٥٠ - ١٧٠٦ز)دا لە لوتکەدابووبێ؛ ئەوا دوای ئەحمەدی خانی، ئیتر وزەی بەردەوامیی و درەوشاوەیی، وەك تین و تاوی پێشینەی نەما.

بەڵام ئەدەبی دیالیکتی گۆران، جگە لەو تەمەنە درێژەی و بەردەوامییەشی، ژمارەیەکی زۆریش داستان و چیرۆکی دڵداری پێنووسراوە؛ کەلەچاو داستان و ئەدەبی دیالیکتەکانی ترماندا، ئێجگار زۆرن و کەم وێنەن. بۆیە ئەڵێین ئەم دیالیکتە، رەگ و ریشەی لەمێژینەیەکی ئێجگار کۆندا داکوتاوەو هەر ئەمیش بووە، بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی لەتەمەنی زیاتر لەشەش سەدەی میرنشینی ئەردەڵان دا، کردوویەتی بەزمانی رەسمیو ئەدەبیی ئەم میرنشینەو (هەر دەسەڵاتی سیاسیی ئەم میرنشینەش، ئەدەبی بە دیالیکتی گۆرانی پێشخست و گەیاندییە لوتکەی داهێنان و گەشەسەندن)[٦]، بەرادەیەك کە زەبرو دەسەڵاتی داهێنەرانەی ئەدەبی ئەم دیالیکتە، هەمیشە لەسنووری میرنشینی ئەردەلانیشی تێپەڕاندووەو وەك گۆران -ی شاعیر ئەڵێ:(لەکاتی شکۆیا، جار بووەسێ کوچکەی ناوەندی کەرکوك، هەمەدان و کرماشان هەمووی بگرێتەوە)[٧]

لەکاتێکا شێوەزاری ئاخاوتنی دانیشتووانی ناوچەکانی کەرکوك و هەمەدان

---

٦ - محەمەد ئەمین زەکی-تأریخ الدول والأمارات الكردیة في العهد الاسلامي - ترجمة:محمد علي عوني- القاهرة- ١٩٤٥ ص ٢٧٦

٧- یادی پیرەمێرد- وتاری مامۆستا گۆران- بەغدا - ١٩٥١ ل ٧٨

وكرماشان، هەریەکیان بەجیا، لــە دیـالیکتی گـۆران جیـاوازترە. کـەچی ئـەدەبی دیـالیکتی بـاکوور، لەوپـەری درەوشـانەوەو دەسەلاتیشـیا، لەسـنووری ناوچـــەی دیالیکتی خۆی تێنەپەڕاندووە.

ئەم بەراوردەشمان ئەگەر هەر بەرامبەر دیالیکتی کرمانجی بـاکوور بوویـێ، هـی ئەوە بووە، کە دیالیکتەکانی ترمان،یان بەرهەمی ئەدەبیان زۆر کـەم پێنووسـراوە، یان زۆر درەنگانێ کەوتنە بەخشین و درەوشانەوە؛ وەك ئـەدەبی دیـالیکتی باشـوور (شێوەی سلێمانی)، کەبەرهەمی شیعریی، شاعیرانی سێکوچکەی بابان: نالیو سالم و کوردیو هاورێکانیان؛ واتـە لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیـەمی زایینـەوە، کەوتـە بەخشین و خۆنواندن..و کەوتە رەواندنەوەو تەنگ پێهەڵچنینی سێبەری جوگرافیـای ئەدەبی دیالیکتی گـۆران، کـە چـەندان سـەدە بـوو، دەنگـی دیـالیکتی کرمـانجی باشووری کپ کردبوو، کەوەك بەڵگـە مێژووییـەکان و دەقـە ئەدەبییـە دێرینـەکان بۆمان ئەسەلمێنن، ئەم دیالیکتـەی کرمـانجی خـواروو لـە کاتێکیشـا کـە ئـەدەبی نووسراوی دیالیکتی گوران، لەو تەمەنە درێژەشدا سێبەری بەسەرەوە کردبوو، بەلام ئەدەبێکی دەوڵەمەندی لە فۆلکلۆری بەیت و شیعریسەرزار، بەکێشە خۆماڵییەکان پێ نووسرابوو.

بۆیە کە نالیو هاورێکانییان بۆ یەکەمجار، ئەم دیالیکتەیان بـۆ قوتابخانـە عـروز ئامێزەکەی خۆیان رام کرد؛ ئیتر ئـــەم دیالیکتـە لـە ماوەیـەکی زۆر کورتـدا، وەك ئاگرێکی بەتین، بە ئاقاری خۆیـدا تەنییـەوەو زۆر خـێرا بـۆ گـەرمیان و کوێسـتان پەڕییەوە. کەلێرەدا پێویست ئەکا ئەوە بلێین: هۆی خێرا تەنینەوەو گەشانەوەی ئـەم دیالیکتە بەر لە هەموو شتێك و لەسەروو هەموو شتێکەوە، (وەك چۆن دەسـەلاتی سیاسی میرنشینی ئەردەلان، ئەدەبی بـە دیـالیکتی گـۆران پێشخسـت وگەیاندیـە لووتکەی داهێنان[8]؛ هەر بەو جۆرەش پشتیوانی گەورەو بەهێزی مـیران و سـەرانی میرنشینی بابان بوون، کە دراوسێی نزیك و تێکـەلاوی هەمەلایەنـەو راسـتەوخۆی ئەردەلانەکان بوون و بۆ چاولێکەریش لەمیرنشینی ئەردەلان، لەوەدا کـەوەك وتمـان: نزیکەی شەش سەدە، زمانی رەسمیو ئەدەبییان، شێوەزاری گۆران بووە؛ بۆیە مـیران و سەرانی بابان -یش، بۆ تەواوکردنی پێویستیەکانیهاوچرخانەی پایتەختە

٨- لیریکای شاعیری گەورەی کورد -مەولەوی -ل ٣٨

تازەکەیان، کەتازە لە قەلاچوالان-ەوە ، گواستبوویانەوە بۆ سلێمانیو لەبەر ئەوەش کە ئاخاوتنی جەماوەری میرنشینی بابان تێکڕا، بەشێوەزاری کرمانجی خواروو بـوو؛ بۆیە پێکهێنانی شێوە زمانێکی هاوچەرخانەش، بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ئـەدەبییو رەسمیـی، تایبـەت بـە میرنشـینی بابـان، بـووە پێداویسـتیەکی فەرهـەنگیو کۆمەلایەتیو ئەو بەرنامەیەی کە بۆ پێشخسـتنی میرنشـینەکەیان، لـەم پێنـاوەدا رەنگیـان بـۆ رشـتبوو؛ هـەر لـە بانگهێشـتنی زانایـانی ئـایینیو ئـەدیبانی بـە ناوبانگەوە، بۆ نیشتەجێبوون لە سلێمانی تازە پایتەختیاندا، تا خانـەقاو قوتابخانـە کردنەوە بۆیان، کە ئەم پشتیوانییە، هاندەرێکی بەگوڕ بـوو، بـۆ سەرخسـتنی ئـەم بەرنامەیە.

هەرچەندە لەپاڵ ئەم پشتیوانییەشدا، قوتابخانە شیعرییەکەی نالیو هاورێکـانیو بەتایبـەتیش نـالی، کـە هاتـە مەیدانـەوە، بـە دەسـەلاتێکی بەهرەمەندانـەی شاعیرانەوە، بە شارەزاییەکی بەربلاوەوە لە رەوانبێژیی عەرەبیدا. بـە وردەکارییو وشەئاراییەکی پڕ پەرداخ وئارایشـتی تـازەکراوەوە، بـەلێزانیی لـەزمانی کـوردیو دەسەلاتی بەسەر شێوازارەکانی تری رێزمانی کوردیو هونـەری موتوربـەکردنیاندا، بە ئەندازەیەك کە جێپەنجـەو کـاری نـالی لـەم دیالیکتـەی خـوارووودا، گەیشـتۆتە سنوورێك، بـەخۆی رەوا ببینـیو بـەم دیالیکتـە بلـێ: زمـانی خۆکـرد!.. ئەمانـە هـەمووی بوونـە هـۆی ئـەوەی لـە ماوەیـەکی مێژوویـی زۆر کورتـدا، ببێتـە شـێوەزمانێکی مەودابـەرین و ئیقلیمگـیرو سەرمەشـق، بـۆ تێکـرای نووسـەرانی باشوور، بەجۆرێك کە سەرەرای ئەوەی ئەم شێوەزمانە، لـەچاو شـێوەزمانی گـۆران دا، زۆریش ساوابوو؛ بەلام بە پێچەوانـەی دیـالیکتی گـۆران -ەوە، کەبـە هـەرەس هێنانی میرنیشنی ئەردەلان، زۆر بەخێرایی پووکایەوە، کـەچی ئـەدەبی دیـالیکتی باشوور، دوای هەرەس هێنانی میرنشینی بابان-یـش، کەلەگـەل هـەرەس هێنـانی ئەردەلان دا هاوکات بوو-، نەك هەر نەلەقی؛ بەلکو لـەتین و تـەوژم و هـەلچوونی خۆی نەکەوت و بـە سەرانسـەری ئـەو ناوچانەشـدا تەنییـەوە کـە پێشـتر ئـەدەبی دیالیکتی گۆران دەسەلاتی مێژینەی بەسـەریاندا هـەبوو. تەنانـەت بـەجوگرافیای گۆران نشینەکاندا بەرادەیەك تەنییەوە، کەوەك ئێستا ئەبینین، نووسەرانی ناوچـەی هەورامان-یش، هەر بە دیالیکتی باشوور ئەنووسن.

بەلام لە رۆژگاری ژیانی مەستوورەدا، هێشـتا ئـەدەبی دیـالیکتی گـۆران، لـە

گوڕوگوڕمی خۆیدا بەردەوام بووەو بەتایبەتیش کەژیانی مەستوورە، هاوسەردەمی پۆلێك لەو شاعیرە گەورانەی ئەم دیالیکتە بووە، کە پێشتر ناومان هێنان و لەناویشیاندا مەولەوی تاوەگۆزی، کەبە دەسەلاتی شاعیرانە خۆی، ئەدەبی دیالیکتی گۆران-ی گەیاندە چلەپۆپەی داهێنان و زیاتر گەشانەوەی و لەهەمان کاتیشدا کە مەولەوی و مەستوورەش هەردووکیان هاوجوگرافیای ئەو هەرێمەن، کە دەسەلاتی ئەدەبی دیالیکتی گۆران؛ نەك هەر سێبەری بەسەرەوە کردووە، بەلکو هەر لەو بنەماڵەیەشدا، کە مەستوورەی تیا ژیاوە، شاعیری وەك غولامشاخان -ی زرکوری مەستوورە، شیعری بە دیالیکتی گۆران نووسیوەو نامەی شیعریی لەگەل مەولەوی‌دا ئالوگۆر کردووە.

بۆیە بێ‌سێ‌ودوو ئەلێین ژیانی مەستوورە ئەکەوێتە سەردەمێکەوە، کەدوو قوتابخانەی ئەدەبیی تێکرا جیاواز، بەدوو شێوە دیالێکتی جیاواز، لەدوو ناوچەی هاووسنووردا، کەوتوونەتە ململانێ‌و بگرە گەرمەی سەرەتای تەنگ پێهەلچنینێکی ئاشکرا؛ کە دیاردەییەکانی ململانێ‌و تەنگ بەیەکتر هەلچنینەکە، لەسەرومری بنچینەو روخسارو ناوەرۆکی هەردوو قوتابخانە ئەدەبییەکەدا، بەزەقی‌و بە تایبەتیش لەشیعرەکانی مەولەوی‌و نالی‌دا، رەنگیان داوەتەوە؛ کەهەر یەکەیان نمونەیەکی زۆربالای هەردوو قوتابخانە جیاوازەکەن. چونکە ئەگەر بۆ بەلگەی سەلماندنی ئەم بۆچوونە، لەنامە شیعرییەکانی مەولەوی- کەلەدیوانە چاپکراوەکەیدان- و لەو ٣٨ نامەیەی ورد ببینەوە، کەلە بەرگی دووەمی یادی مەردان دا، چاپکراون، بۆمان دەرئەکەوێ کەمەولەوی بەم هۆیەوە کە میراتگری ئەدەبێکی تەمەن درێژی تان وپۆخۆمالییە، بەهیچ جۆرێك دۆستایەتی‌و نامەگۆرینەوەی لەگەل ئەو شاعیرە کوردانەدا نییە، کە شیعرەکانیان بەکێشی عرووز نووسیوەو نالی سەردەستەیانە.—

تەنانەت مەولەوی لەگەل شاعیرێکی گەورەی سۆفی‌و نەقشی مەشرەبی وەك مەحوی‌شدا، هیچ سەروبەندێکی نییە، لەکاتێکا کە هەردووکیشیان سەر بەرێبازگەی نەقشبەندی -ن و خەلیفەی بنەمالەی شێخ عوسمانی تەوێلەن. هۆیەکەش هەر ئەوەیە کە مەحوی- ش شاعیرێکی سەر بە قوتابخانە شیعرییەکەی نالی‌و هاورێکانێتی.

بەهەمان پێودانیش، کەلە سەرتاسەری شیعرەکانی نالی ورد ببینەوە، بۆمان

دەرئەکەوێ کە پلارو توانج و تەشەرێکی زۆر ئەگرێتە ئەوانەی سەر بە تصوف-ن. کەوەك ئەشزانین تێکرای شیعری شاعیرانی دیالیکتی گۆران، شیعری تەسەوف و عیرفان-ە.جگە لە چەندان نمونەیتر، لەشیعری هەردوو قوتابخانە ئەدەبییەکە بەرامبەر بەیەکتر؛ وەك ئەو هەموو هەڵوێست وەرگرتنەی مەحوی، بەرامبەر ئەوانەی کە هێرش ئەکەنە سەر تەسەوف و عیرفان، یان ئەو لاقرتیو گاڵتەپێکردنە بێپەردەیەی سالم (۱۸۰۰ - ۱۸٦٦ز)، بەدیالیکتی گۆران و لەشکری ئەردەلان-یش، کە ئاخاوتنیان گۆرانە-ە؛ وەك نمونەی ئەو قەسیدە درێژەی بەبۆنەی لە ئەستەموڵ هاتنەوەی عەبدوڵڵا پاشای کوری سلێمان پاشای بابان، بۆ بەدەستەوەگرتنەوەی میرنیشینی بابان، لە سلێمانی پایتەختدا، کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

تیرەوەش دێمە گوزەشت و عەهدی نیسان هاتەوە
بلبلی بێدڵ لەدەوری گوڵ بە فیغان هاتەوە

تا ئەگاتە:

کەروفەر با کەم بکا، والی بە فەوجی چێش کەرۆ!
پشت بەندی لەشکری وەندات و جافان هاتەوە(۹)

لەبەسەرکردنەوەی پێشینەی ئەم دوو قوتابخانە ئەدەبییە جیاوازەو ناوهێنانی مەستوورەدا، یەکسەر ئەو قەسیدەیەشمان بیر ئەکەوێتەوە، کەنالی لەسەر مەستوورە نووسیوێتی. چونکە هەر کەناوی مەستوورە، یان نالیمان دێتە یاد، دەم ودەست ئەو قەسیدەیەشمان دێتەوە یاد.

ئەم قەسیدەیەش لەسەردەمی نووسینەوە تا ئێستا، هەر جێی باس و خواس بوەو هەر زووش شاعیری گەورەی سابلاخ: وەفایی (۱۸٤۷ ز- ۱۹۱٦ز)و دواتریش عەبدوڵڵا بەگی میسباح ئەلدیوان (۱۸٦۰ - ۱۹۱۲ز)، چاویان لێکردووەو هەریەکەیان شیعرێکی بە پێودانی ئەم قەسیدەیەی نالی نووسیوە؛ کە شیعرەکەی وەفایی، قەسیدە بەناوبانگەکەی شیرین تەشی دەرێسیێەو میسباح ئەلدیوان-یش شیعرێکی درێژی پێنج خشتەکی نووسیوە؛ کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

دوێ شەو، شەوی شەنبە، کە لە شەمع و مەهو ئەختەر
ئاراستە بوو سەتحی سەراپەردەی ئەخزەر

شایانی باسە، شیعرەکەی مسباح ئەلدیوان ئەوەندە ویستویەتی شوێن پێی نالی

هەڵبگرێو لاسایی بکاتەوە؛ جگە لەوەی هەر بە خەون دەست پێئەکات، دیسان بەهەمان وەزن، ناوی مەستوورەشی ئاخنیوەتە شیعرەکەیەوە:

گەنجینەی مەستوورە بەبێ خازەن و گەنجوور
ئـــاایینەی بللوورە، بەبێ سنعەتی مزدوور

تا ئەو رادەیەی لەهەندێ جێگەیتری ئەم قەسیدەیەدا، وێنەی شیعریی و قافیەکانی هەمان شیعری مەستوورەی نالی بەکاردێنێ:

وەك تـــازە هەڵوژی کەلەناو دوولقەدابێ
وارێـــــك گوشرابێ، کەلە دوولاوە قوپابێ
هێندێکی قوپـــابێ و کەمێکی قەڵەشابێ
قەڵشانی، نـــەوابێ کەبەچاو فەرقی کرابێ

لەم یەك دوو ساڵەی دواییشدا، کاك رێبوار سیوەیلی، بەبۆچوونی خۆی، لێکۆڵینەوەیەکی لەدوو توێی نامیلکەیەکدا، سەبارەت بەهۆی نووسینی ئەم قەسیدەیەی نالی نووسیوە.

ئێمەش، بۆ ئەوەی بتوانین لە نزیکترەوە بڕوانینە ئەم قەسیدەیەی نالیو هۆی نووسینی؛ پێویستیمان بەزیاتر نزیکبوونەوە هەیە، لەمێژووی ژیانی مەستوورەو لەنزیکەوە ناسینی سەردەمەکەی.

وەك لەسەروتریشەوە وتمان سەردەمی ژیانی مەستوورە، هاوسەردەمی مەولەوی بووە، کە مەولەوی-ش هاوسەردەمی نالی بووە، کەبەهەمان شێوە مەستوورەش ئەبێتە هاوسەردەمی نالی. بەڵام مەستوورە، ٣ ساڵ لەنالی بچووکترە، چونکە نالی ساڵی (١٨٠٠ز) لەدایك بووەو مەستوورە، ساڵی (١٨٠٣ز) لەدایك بووەو هەر لەشاری سنەشدا، لەباوەشی بنەماڵەیەکی بەرێزو ناودارو دەسەڵاتداردا گۆشکراوە؛ کە محەمەد ئاغای باپیری مەستوورە لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئەمانوڵلاخان (١٧٧٥ - ١٨٢٤ز)ی گەورەدا، هەمەکارەو راوێژکاری ئەمانوڵلاخان و ناظری صندوقخانەی(١٠) میرانی ئەردەلان بووە. کە جار جارەش بەهۆی ناکۆکیو ناتەبایی ریزەکانی ناو میرنشینەکەو بنەماڵەی ئەردەلان-ەوە، لەئاکامی هەراو ئاژاوە کەوتنەوەدا، محەمەد ئاغای باپیری مەستوورە-ش، لەو هەرایانە گلاوەو زۆر جاریش بۆتە دەستەی نەیارانی ئەمانوڵلاخان و دووبارە ئاشتبوونەوەیان. کەدوای مردنی ئەمانوڵلاخان و هاتنە سەرکاری خەسرەوخان-ی

کوری (١٨٠٠ ز- ١٨٣٤ز)، ئیتر دەلاقەی ئەو ناکۆکییانە گەورەتر بوون و بنەماڵەی مەستوورە-ش وەك جاران کەوتوونەتە ناو یەکێك لە بەرەکانی ئەو پشێوییەو بەتایبەتیش بەرەی ململانێو سەنگەرگرتن لە دەسەڵاتدارێتی خەسرەوخان؛ کەلەئاکامدا و بۆ دڵنەوایی‌کردنی بنەماڵەی ئەبولحەسەن خان-ی باوکی مەستوورەو بن بڕکردنی هەڵوێستی دوژمنانەیان و ئاشتکردنەوەی ئێجگارییان، لەساڵی(١٨٢٨ ز) دا، مەستوورە لە تەمەنی(٢٥) ساڵیدا دراوە بە خەسرەوخان(١١). بەلام تەمەنی پێکەوەژیانیان لەگەڵ خەسرەوخان -ی هاوسەریا، (کە منالیشی لێی نەبوە) هەر شەش ساڵی خایاندووە، چونکە خەسرەوخان لەتەمەنی ٣٤ ساڵیدا، بەنەخۆشی جەرگ کۆچی دوایی ئەکا. کە ئیتر دوای جوانەمەرگبوونی، ناوی ئەنێن: خەسرەوخانی ناکام و؛ مەستوورەش هەر لە حەرەمسەرای بەجێماوی خەسرەوخان دا، ماوەی ١٣ ساڵی‌تر، بەبێوەژنیی ئەمێنێتەوە. تالەساڵی (١٨٤٧ز)دا، دوای ئەوەی چرای میرنشینەکەیان بەرەو کوژانەوە ئەچێو بنەماڵەی ئەردەلان دەسەلاتیان لێ زەوت ئەکرێ، ناچار لەگەڵ کۆچێکی بەکۆمەڵی زیاتر لە هەزار کەسیدا، بەرێگەی مەریوان و شارەزووردا روو لە میرنشینی بابان ئەکەن، بەلام هێشتا بەدەم رێگەوە ئەبن، کە نەخۆشی رشانەوەیان تێدابلاو ئەبێتەوەو نەخۆش ئەکەوێو پاش ئەوەی ماوەیەکی کورت لە سلێمانی ئەمێنێتەوە؛ ئەمیش وەك هاوسەرەکەی جوانەمەرگ ئەبێو لەتەمەنی ٤٤ ساڵیدا کۆچی دوایی ئەکاو لەگردی سەیوان-ی سلێمانی ئەنێژرێ(١٢).

قەسیدەکەی نالی دوو بەشە؛ کەبەشی یەکەمیان داخوازیو پرسیاری مەستوورەیەو بەشی دووەمیشیان هەڵوێست و وەلامی نالی‌یە بۆ مەستوورە.

لەیەکەمین مەسرەعی سەرەتای قەسیدەکەدا نالی وەك ئەدیب -ێك، نەك شاعیرێك، ناوی مەستوورە دێنێ، کە بەمجۆرە دەست پی‌ئەکا:

مەستوورە، کە حەسناو ئەدیبە، بە حیسابێ!

هاتەخەوم ئەمشەو، بەچ نازێك و عیتابێ

کە ئەمەش بەلگەیەکی زیندووە، دژی ئەو بۆچوونەی مەستوورە، وەك شاعیرێك ناوئەبەن. چونکە مەستوورە -ش خۆی، لە مێژووەکی خۆیدا (مێژووی ئەردەلان)، کەم و زۆر باسی ئەوە ناکا، کە شیعری بە کوردی نووسیبێ.

بەلام دوای ئەوەی نالی وەك ئەدیب -ێك ناوی مەستوورە دێنێ؛ ئیتر دوای

خوێندنەوەی یەکەمینجاری هەموو قەسیدەکە، بۆمان روون ئەبێتەوە، کە مەستوورە هێشتا کچە! لەکاتێکا وەك مەستوورە خۆی بومان ئەگێرێتەوە، لەتەمەنی ٢٥ساڵیدا، پێی هاویشتۆتە حەرەمسەرای خەسرەوخان -ەوە!.. و تەمەنی ٢٥ ساڵیش بۆ تاقیکردنەوەی ئەدەبیی و بەتایبەتیش بۆ کچە کوردێکی وەك مەستوورە -ی (پتر لە ١٧٠ ساڵ لەمەوبەر، لەشارێکی لەرادەبەدەر داب و نەریت راگرو سەرپۆش لەسەری وەك سنە-دا(١٣)..)، کە ئەگەریش سەروبەندێکی لەگەڵ کاروباری ئەدەب دا هەبووبێ، کە هێشتا کچەو لەماڵە باواندایە؛کەمتر دەنگی ئەگاتە دەرەوەی ماڵی باوکی. بۆیە هێشتا بۆ ئەوە ناشێ، کە شاعیرێکی گەورەیوەك نالی پێی بڵێ: ئەدیب!.

کەواتە ئەبێ گوڵی گەشانەوەی گوڵی ئەدەبیی مەستوورە، لەدوای ئەو قۆناغەوە بووبێ، کە بۆتە هاوسەری خەسرەوخان؛ یان بە واتایەکی تر، ئەبێ لەدوای ئەو کاتەوە بێت کە ئەبێتە میرکچێکی میرنشینی ئەردەلانیو میرانی ئەردەلانیش و بەتایبەتیش خەسرەوخان -ی هاوسەری مەستوورە یەکێك بووە لەو میرانەی کە دۆستی نزیك و راستەقینەی شاعیران و هونەرمەندان بووەو هەمیشە دیوەخانەکەی پڕ بووە لە ئەدیبان و هونەرمەندان و شەوانە، تا درەنگانێ کۆری ئەدەبییو هونەریی، لە ماڵەکەیا سازکراوە.(١٤).

لەبەر ئەوە من دڵنیام ئەم قەسیدەیەی نالی، هی قۆناغی دوای شووکردنی مەستوورەیە. کە ئەبێ هەرواش بێ. چونکە نالی لە کاتێکا کە باسی کچێنیو رابردووی مەستوورە ئەکا، ئەڵێ:

دەعوای ئومەرا، چەندە لەسەر تەختی کرابێ
چەند خوێن کە رژابێت و چ خوێنی نەرژابێ

لەم رووەوە، کاك فاتیحی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس -یش، ڕازێکی‌شاراوەی لەدوو توێی بەیتێکی بە توێکڵی ئەم قەسیدەیەی نالیدا هەست پێکردووە، کە ئەبێتە بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونەمان و بەڵگەکەش نیشانی ئەدات کە مەستوورە، لەکاتی نووسینی ئەم قەسیدەیەدا، ژنی خەسرەوخان -ە، نەك هێشتا کچ بێت. کە ئەمە بەیتەکەیە:

شەو نائیم و قائیم عەلەمی بابی رضابێ
بێدیدە هەڵستێ، بە مەقەل عەینی عەسابێ

کە بابی رەزا، باوکی رەزا قولیخان -ش ئەگەیەنیٚ، کەکورە گەورەی خەسرەوخان بووە، لە ژنە فارسەکەی: حوسن جیهان -ی کچی فەتح عەلی شای قاجار. کەواتە: کۆکردنەوەی ناوی مەستوورە، لەگەڵ رەزادا، ئەوە ئەگەیەنیٚ کە مەستوورە لەو سەردەمەدا ژنی خەسرەوخان بووە.[15] لەهەمان کاتیشا ئەبیٚ ئەوە بزانین کە:رەزا قولیخان -ی کورە گەورەی خەسرەوخان-یش، لەساڵی (١٨٢٣ز)دا لەدایك بووە. چونکە کە خەسرەوخان -ی بابی رەزا کۆچی دوایی کردووە، رەزا قولیخان، تەمەنی (١١) ساڵان بووە[16]. کەوەك لە قەسیدەکەی نالیدا دەرئەکەویٚ، هیٚشتاخەسرەوخان -یش لە ژیاندایە؛ واتە هیٚشتا خەسرەوخان، بابی رەزایە. کە بە گویٚرەی ئەم میٚژووە، ئەبیٚ کاتی نووسینی قەسیدەکەی نالی، لەنیٚوان ساڵانی (١٨٢٨ - ١٨٣٤ز) بیٚت.

هەرچەندە لەوەشدا کە نالی وەك ئەدیبیٚك ناوی مەستوورە دیٚنیٚ، بەڵام جۆرە لاقرتیو گاڵتەپیٚکردنیٚکیشی تیایە.چونکە نالی وای لە قەڵەم ئەدات کە گوایە: خەڵك وای دائەنیٚن کە مەستوورە ئەدیبە!!

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە گاڵتە بە ئەدیب بوونی مەستوورە ئەکا؛ لەهەمان کاتیشدا لە سەرتاسەری قەسیدەکەو بگرە لە هەموو بەیتیٚکیشدا ستایش و گەورەییو دەسەڵاتداریٚتیو شکۆی کەسایەتی مەستوورە باس ئەکاو، ئەوانەش کە دەستنووسی کەشکۆڵە دیٚرینەکانی دیوانی نالی -یان نووسیوەو خوالیٚخۆشبوو فاتیحی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس -یش، کەدیوانی نالی ئامادەی چاپکردووە، هەر پیٚیان وایە کە قەسیدەیەکی ستایش ئامیٚزی مەستوورەیە. چونکە (تیٚکرا لە چوارچیٚوەی پیاهەڵ وتن و شان شکۆ پیٚدانا داریٚژراوە)[17]

دەعوای ئومەرا، چەندە لەسەر تەختی کرابیٚ
چەند خویٚن کە رژابیٚت و چ خویٚنی نەرژابیٚ

کەواتە ئەبیٚ میٚژووی نووسینی قەسیدەکە، هەروەك چۆن وتمان هی دوای شووکردنی مەستوورە -یە؛ لەهەمان کاتیشا هی پیٚش ئەو سەردەمەیە کە بنەماڵەی میرنیشینی ئەردەڵان، دەسەڵاتیان لەدەستدا نەماوەو بەناچاریو بەکۆمەڵ، روویان لە میرنیشینی بابان کردووە. کە دیارە ئەم سەردەمەش زۆر کورتەو ئەوەندەی بەبەرەوە نەبووە مەستوورە ماوەیەك لە سلیٚمانی پایتەختی بابانەکاندا بژیو لەویٚ لە دیوەخانانی میران و کۆڕو دانیشتنی ئەدەبیدا، لەگەڵ

نالی‌دا سەرو پەیوەندێکیان هەبووبێ. بەڵکو وەك زانیمان مەستوورە، لەم کۆچە زۆر ناڵەبارەدا، نەخۆش و ئاوارەو لێقەوماو بووە؛ کە داب و نەریتی کوردەواریش، رێگە بەوە نادا لەمجۆرە کاتانەدا قەسیدەی وا دەربارەی ئافرەتێکی بێ‌دەرەتــان و میوانــی وەك مەستوورە بنووسرێ. چونکــە مەســتوورە وەك خــۆی لــە مێژووەکــەی خۆیــدا ئەیگێرێتەوە: هەر کە گەیشتبوونە شارەزوورو پێیان ناوەتــە ســنووری میرنیشــینی بابانەوە، عەبدوڵلا پاشای کوری سلێمان پاشای میری ئەو کاتەی بابان (رێو رەسمی پێشوازی لێکردنیانی بەجێ‌گەیاندووە)[١٨]

کە وتیشمان مێژووی نووسینی قەسیدەکە، لەنێوان ساڵانی (١٨٢٨ز -تا پێــش ١٨٣٤ز)دایە، ئەوا مەستوورە مێرژنەو لە لووتکەی دەسەڵات و نــازو نیعمەتدایــە. هەر بۆیەش سەرتاسەری قەسیدەکە، باسی خەون ێك ئــەکاو.. خــەونیش گومرکــی لەسەر نییە.

بەهــەمان شــێوە، نــالی -ش لــە قەســیدەکەیدا، کەباســی خــۆی ئــەکات وەك کەسێکی گەورەو بەتواناو بلیمەت و بەدەسەڵات، ئاماژە بۆخۆی ئەکا:

هەر مەسئەلە بیکرێ، کەبە تۆ شــەرحی کرابێ
مــومکین نیە کەس دەخلی بکا، چین و خەتابێ
ئــــەم شاریحی تەشریحە، دەبێ هەیئەتی چابێ
هــەم شاریح و هەم جاریح و موضیحە گوشابێ
رێی حورمەت وبێ‌حومەتیی هەرگیز نەکوتابێ
چەنـــد ئـــاوی رژابــێت و چ ئاوێ نەرژا بێ

لەبەرئــەوە ئــەبێ نــالی‌ش کــاتێ ئــەم قەســـیدەیەی نووســیبێ، کەلەوپـــەری لەخۆرازیبوون و دەسەڵاتی شاعیرانەو بەخۆنازیندایەو..هەر ئەو سەردەمە بێت، کە نــالی‌ش هێشــتا ئــاوارەبوون و لێقــەومان و دوورکەوتنــەوەی لــەخاکی نیشــتمان نەچەشتوەو لەنیشانەکانی بەخۆنازینەکانیشیدا دەرئەکەوێ کە نالی وەك تەمەنیش، هێشتا لەهەرەتی لاوێتی‌و لەخۆراپەرمون و گەشەو هیوای ژیانایە. بــە پێچەوانــەی ئەو چەند شیعرەیەوە، کە لــە ئــاوارەییدا نووســیونی‌و بەئاســانی بــۆن و بەرامــەی پەککەوتن وبێ دەرەتانییان پێوە دیارە. وەك نمونەی ئەم چەند شیعرەی:

وەی کــە روزەردی (مەدینە)و روسیاهی (مەککە) خۆم
دەرکراو و دەربەدەر، یارەب دەخیلی عەفووی تۆم ل٢٩٩

راوەگرێنگ

ئەی تـــازە جەوان! پـــیرم و ئوفتـــادەو کەوتـــووم
دەستیّ بدەرە دەستی شکستەم، کەبەسەرچووم ل٢٦٤
تاماوە حەیاتم قوربانی وەفاتم

یان کەلە شام -ەوە بۆ سالم -ی هـــــاوریّی ئەنووسیّ:
زارم وەکو خیـــلال و نـــــەحیفم وەکو خەیـــالّ
ئایا دەکەومە زارو بەدلّدا دەکەم خوتور؟ ل١٩٦

بۆیە بـۆ بـەراورد راگرتنـی هـەردوو سـەردەمی ژیـانی نـالیو مـەستوورە، - کەهاوسەردەمی یەکترن - و ئەو رۆژگارەش کەوەك وتمان نالی-ش ئەم قەسـیدەیەی تیا نووسیوە، سەردەمی شـکۆی کەسـایەتی مەسـتوورەیە، لەلایـەك و لەلایـەکی تریشەوە سەردەمی گەشانەوەی شاعیرێتی نالی‌یە، کەوەك ئاکام، خودی قەسـیدەکە ئەو پرسیارەمان لا بەجیّ‌ئەهیلّیّ:

بۆچی نالی ئەم قەسیدەیەی لەسەر مەستوورە نوسیووە؟!

لەوەلاّمدا ، بەو هۆیەوە کـە بـاس و خواسـەکانی نـاو دیوەخانـان و دانیشـتنە ئەدەبیەکانی ئەو رۆژگارەمان لەبەر دەستانیە؛ هەر ئەوەندەمان لەدەست دیّت,شویّن لیّکدانەوەو بۆچوونی خۆمان بکەوین و بلّیّین پیّش هەر لیّکدانەوەو بۆچوونیّك ئـەبیّ ناسینەوەی نالی، لە پەنجەرەی شیعرەکانی خۆیەوە دیاردی بکەین و لە سـەرلەبەری شیعرەکانیشـیدا، ئـەم ئەنجامگیرییـەمان دیّتـە بەرهەسـت، کـەنالی سـەرەرای شاعیریّتیو دەسەلاّتی داهیّنەرانەی دەگمـەن و کـەم ویّنـەی، لەهـەموو بوارەکـانی شیعردا؛ بەلاّم نالی مرۆڤیّکـی خویّـن گـەرم و دلّ و هەسـت ئیّجگـار زۆر ناسـکە؛ بەرادەیەك کە بچووکترین و ناسکترین ئازاردانی؛ گـەورەترین ئـازاری پیّگەیشـتووە هەلّچووەو هاتۆتە دەنگ. کە ئەم دیاردیـە لای مـەحوی -ش هەروایـە. بـەلاّم لای شاعیریّکی گەورەی وەك مەولەوی بە پیّچەوانەوەیە. واتە نالی بچووکترین نیشانەی درشت و زبـری دەوروپشـتی، هەسـتی رووشـاندوەو ئـازاری پیّ‌گـەیاندووەو بـەدەم ئازاریشەوە هەستی خۆی بە شیعر دەربڕیوە؛ بە تایبەتیش بەرامبەر ئەوانەی دلّە پڕ شیعرەکەیان رەنجاندووەو ویستوویانە لەشکۆی شاعیریو لەشـکۆی کەسـایەتی کـەم بکەنەوە:

ئەم ســـــەرسەری بازانە، کەوا هەمسەری بوومن
موشکیل بـگەنە ســـاعیدی شاهیّکی وەکو من ل٣٣١

راوەگرێنگ

شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی!
کەی لە دیققەتدا، پەتك دەعوا، لەگەڵ هەودا دەکا؟ ل۱۰۷

کەس بە ئەشعارم نـــەڵێ خۆکوردیە، خۆکردییە،
هــــەر کەسێ نادان نەبێ، خۆی تالبی مەعنا دەکا ل۱۰۷

ئـــــەو گەوهەری نوکتە، کەلە نالی دەدزن، خەڵق
ئـــاوی نییە، وەك ئـــــاگری بێشـــــەوقی دزانە ل۴۸۱

لێم حـــەرامە دانەو و ئاوی حەمـــــاماتی حەرەم
من کە بازی دیدە بازم، نەك شـــەوارەی دەستەمۆم ل۳۰۱

..ئەم نموونانە و نموونەی زۆرتری لەم بابەتەی نالی، ئەوە ئەسەلمێنن کە ئەگەر چەند وەلامێك،بۆ هۆی نووسینی ئەم قەسیدەیە هەبێ؛ ئەوا یەکێك لەو وەلامانە، ئەوەیە کە بلێین: ئەشێ نالی لە ئاکارو قسەو توانجێکی مەستوورە بێزار بووبێو بەو جۆرە نالی وەلامی دابێتەوە!..ئیتر ئەو ئاکارو قسەو توانجەی مەستوورە چۆن بووبێو لەکوێو کەی وتبێتیو لەچ دیدارو کۆڕو کۆمەڵێکا، لەگەڵ نالیدا،یەکتریان دیبێ..یانا؟!..ئەمانە هەمووی جێی پرسیاری بێ وەلامن. چونکە وەك پێشتر وتمان: دیوەخانی خەسرەوخان -ی ئەردەلان و، دواتریش (دوای مردنی خەسرەوخان)، هەمان دیوەخان هەر مەڵبەندو ژووانگەی کۆڕی ئەدیبان و هونەرمەندان بووەو دیسانیش هەر لەشاری سنە-ی پایتەختی ئەردەلان -دا، مزگەوتی بەناوبانگی دارالاحسان -یش، کەلەسەر فەرمان و لەسەردەمی ئەمان ولاخان -ی گەورەو خەزووری مەستوورەدا دروستکراوە؛ مەڵبەندێکی درەوشاوەی ئایینیو زانستی بووەو زانایان و ئەدیبان و رووناکبیران، لەهەموو لایەکی کوردستانەوە روویان تێکردووە. ئیتر ئەگەر نالیش وەك زۆر لەو ئەدیب و شاعیرانە، رێی کەوتبێتە دیوەخانی خەسرەوخان، یان مزگەوتی دارالاحسان و لەلایەن خەسرەوخان، یان مەستوورە -وە رێزی شیاوی خۆی، وەك پێویست لێنەگیرابێو دڵی رەنجێندرابێ؛ ئەمەشیان جێی لێوردبوونەوەیە. یان وەلامی ترە بۆ پرسیارە زۆرەکان، کەل بەم بوارەدا بەڵگەو نموونەی شیعری نالی -مان لەبەر دەستدا نیە؛ ئاماژە بۆ ئەوە بکەن

کەلە سنەدا ژیابێ. بە پێچەوانەی سالم -ی هاوڕێی نالی‌یەوە، کەوەك لە دوتوێی شیعرەکانیدا دەرئەکەوێ، ماوەیەك بە ئاوارەیی لەسنەدا ژیابێ‌و بەخەمێکی زۆرەوە، لەزۆر شیعریدا، باسی ئەو رۆژانە ئەکا.

دیسان وەلامی تریش بۆ بەردەم ئەم پرسیارانە ئەوەیە کەوەك بە شیعرەکانی نالی‌دا بۆمان دەرئەکەوێ، نالی لەسەران و میرانی بابان -یش نزیك بووەو دۆستایەتی لەگەڵ سلێمان پاشای کوری ئەورەحمان پاشای بابان و دواتریش لەگەڵ ئەحمەد پاشای کوری سلێمان پاشای بابان دا هەبووە. چونکە شیعری زۆر بەکوڵ و بەسۆزی بۆ کۆچی دوایی یەکەمیان و لەسەر تەخت دانیشتنی دووەمیان نووسیوە، کەئەمە سەرەتای نمونەی ئەو شیعرانەیە:

تا فەلەك دەورەی نەدا -سەد کەوکەبی ئاوانەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەك، تەلعەتی پەیدا نەبوو — ل٣٧٠

هودهودی دڵ، حەپسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاسەفی ڤانی دەکات — ل١٠٥

هەروەها شیعری بۆ سوپاکەی ئەحمەد پاشای کوری‌سلێمان پاشای بابان نووسیوە، کە بەمجۆرە دەست پێئەکا:

ئەم تاقمە مومتازە، کەوا خاسەیی شاهن
ئاشوبی دڵی مەمەلەکەت و قەلبی سوپاهن — ل٣٤٠

ئەم دۆستایەتیەش لەگەڵ ئەم میرانەدا، ئەوەمان بەبیردا دێنێ، کەزۆرجار لەکاتی هەڵوێست وەرگرتنی ئەم میرانەدا، بەرامبەر بە رووداوێك، یان بەرامبەر بە میرێکی تر؛ بەتایبەتیش بەرامبەر بە میرانی ئەردەلان، - کەهەندێ جاریش بەیەکدا هەڵپژاون -، وایان لە نالی کردبێ، بۆ پشتیوانی لەمیرانی بابان، بەنیازی سووکایەتی کردن بەرامبەر بەمیران و سەرانی ئەردەلان، ناوی ئافرەتێکی ناوداریان بهێنێ؟!. چونکە لەم بوارەدا، نەك هەر نالی، بەڵکو هاورێکانیشی لەروانگەی بەرگری‌و خۆشەویستی میران و میرنشینی بابان -ەوە کەوتوونەتە سەنگەری بەرەی بابان و هەڵوێست وەرگرتن لەتێکرای رووداوەکانی ئەو رۆژگارە؛ وەك نمونەی ئەو شیعرەی سالم، کە پێشتر نووسیمان و ئەو شیعرەی شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٥ - ١٩٠٩ز) کە سەبارەت شەرێکی نێوان عەبدوللە پاشای بابان و رەزا قولیخان -ی

کوری خەسرەوخان -ی میری ئەردەلان، نووسیویێتیو بەلاقرتییەوە باسی لەشکری ئەردەلان و بە ستایشەوە باسی سەرکەوتنی سوپای بابان ئەکا:

کە عەبدوللا پاشا لەشکری والی سنەی شڕکرد

ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش، طفیلی دەبوستان بوو

بەلاّم ئەو وەلاّمی لەبارتر، بۆ سەرجەمی ئەوپرسیارانە، لەو بوارەدایە کە لە پێشەکی ئەم چەند لاپەرەیەدا ئاماژەمان بۆ کرد؛ ئەویش بواریململانێ و تەنگ بەیەکتر هەڵچنینی هەردوو قوتابخانەی جیاوازی ئەدەبی گۆران و دیالێکتی باشوورە؛ کەلە قوتابخانە شیعرییەکی نالیو هاورێکانیدا خۆی ئەنوێنێو نالیسەردەستەی ئەو قوتابخانەیەو ئەوململانێو زۆرانبازییە دژوارەیە،کە سەردەمی ژیانی مەستوورەش، هاوکاتی سەرهەڵدان و گەرمەی باس و خواسی ئەم قوتابخانە شیعرییەی نالی بووەو هەڵبژاردنی ناوی مەستوورەش، لەلایەن نالییەوە، بۆ سووکایەتی پێکردنی میران و سەرانی ئەردەلان بووە؛ کە باوەش و پەناو سێبەری دێرینەو ڕاستەوخۆی ئەدەب و ئەدیبانی دیالێکتی گۆران بوون و.. لەمەش زیاتر، بۆ ئابڕووبردنیان بووە، کەراستەوخۆ سووکایەتی بەناوی ئافرەتێکی بەناوبانگ و بەشان وشکۆی وەك مەستوورە بکا. کەبەرای من مەستوورە، ڕەمزی سەربڵندیو ناوبانگی ئەو کاتەی میرانی ئەردەلان بووە؛ چونکە جگە لەوەی بنەماڵەی مەستوورە هەمیشە ناودارو دەسەلاّتدارو سەرکەش بوون. لەهەمان کاتیشدا مەستوورەش خۆی، خانمێکی هێژاو هەڵکەوتوو بووە. هەر بۆیەش بەسەر حوسن جیهان -ی کیچی فەتح عەلی شای قاجاردا، کە یەکەمین هاوسەری خەسرەوخان بووە؛ بۆتە دووەمین هاوسەری خەسرەوخان، کەدیارە ئەگەر مەستوورە شایانی ئەوە نەبوایە، ئەوا لەقکردنی پلەوپایەی حوسن جیهان،هەروا شتێکی ئاسان نەبووە؛ کەلەو ڕۆژگارەدا فەتح عەلی شای قاجار، تاقانە شایەك بووە، لەسەرتاسەری خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، حسابی گەورەو تایبەتی لەسەر کراوە.

جگە لەوەی لایەنی گرنگیش لەکرداری نالیدا، ئەوەیە کە زۆر بە دەگمەن و دژوار، ناوی کەسێك لە شیعرەکانیدا بهێنێ، مەگەر ئەو کەسە زۆر ناودارو گرنگ بێت. چونکە لەو قەسیدە درێژەشدا، کەلە شام -ەوە بۆ سالم- ینووسیوە؛ ئەگەر سالم خۆی، بەو قەسیدە درێژە، وەلاّمی نالی نەدابایەتەوە، نەمانئەزانی کە ئاخۆ قەسیدەکەی نالی، بۆ سالم -ە، یانا؟!.. ئەگینا نالی خۆی، لە قەسیدەکەدا، ناوی

کەسی نــەهێناوە. بۆیــە ئەگــەر مەســتوورەش، زۆر گــەورە نەبوایــە، نــالی نــاوی نەئەهێنا. چونکە وەك وتمان نالی زۆر باش مەستوورە ئەناسیێو ئەزانێ کە:

دەعوای ئومەرا، چەندە لەسەر تەختی کرابێ
چەند خوێن کە رژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ!

سەقز
زستانی / ١٩٩٤

عەتای نەهایی
لەگێژەنی تەنگانەی سەردەم دا

کە ئەڵێین: بەرهەمی ئەدەبیی‌و هونەریی؛ مەبەستمان لەوەیە کە ئەو بەرهەمە، ئەو دەقە مەودای چەندین خوێندنەوەی جۆراوجۆرو جیاواز، لەخویدا کۆ بکاتەوە.

کەچی بەداخەوە سەرتاپای دەقە هونەریی‌و ئەدەبییەکانمان، هێشتا هەر بەو تێگەیشتنانەوە لە بیرەوەریماندا ئەژین، کەلە رۆژگاری لەدایکبوونیاندا، تێگەیشتن بۆ ئەدەب و هونەر چۆن بووبێت، یان خۆمان چۆنیان تێگەیشتووین؛ ئێستاش هەر بەو دیدو هەست و چەش و لێکدانەوانە، پێشوازییان لێئەکەین و قسەیان لەسەر ئەکەین. واتە: چەشی ئەدەب و هونەرییشمان بەجۆرێك پەروەردە بوون وەك، ئەدۆنیس ئەڵێت: هەر جارەی بتەوێ دەق -ێکی ئەدەبیی بخوێنێتەوە، وا هەست ئەکەیت دائەبەزیتە ناو گۆڕێکی پێشتر ئامادەکراوو ئیتر خۆت بۆ ئەو شتانە ئامادە ئەکەیت کە خەڵکی‌تر، پێشتر وتوویانە. کە ئەمەش چەشی ئەدەبیی‌و هونەریی، لە جێگەیەکی چەقبەستوودا راگرتووەو مەودای بیرکردنەوەو چێژوەرگرتنی تازەی لەبەردەم هەست و پشکنین و دیتنەوەی جوانییە شاراوەکاندا لێگرتووین. لەکاتێکا دەق -ی هونەریی‌و ئەدەبیی، گیان و جەستەیەکی زیندوون و هەمیشە حەزیان لەوەیەو چاوەڕێی ئەوە ئەکەن بە جۆرێك سەیر بکرێن، وەك ئەوەی زەریایەك بن..وەك ئەوەی جوولانەوەیەك بن..یان دیسان وەك ئەدۆنیس ئەڵێت: کە بچیتە ناودەق-ێکەوە، وا هەست بکەیت چوویتە ناو ئاسۆیەکەوە

هەرچەندە ئەو ئاسۆیەی دەقێکی هونەریی -ئەدەبیی، لە خەیاڵ و مێشکماندا (لەزەینماندا) بەرپای ئەکات، لەهەموو روویەکەوە جیاوازترە لەو ئاسۆیەی دەقێکی تری ئەدەبی - هونەریی دروستی ئەکات. چونکە لە هەر یەکێك لەو دەقانەدا، تەقەڵلایەکی جیاواز، زەینمان ئەوروژێنێ. کە ئاکامی وورووژاندنەکە پێمان ئەڵێ: دەقەکە، لەدیدی داهێنەرەکەیەوە تەقەڵلای دۆزینەوەی راستی (حەقیقەت)ی داوە. کە ئەم راستی‌و حەقیقەتەش، مەرج نییە لای تەنیا نووسەرێکیش هەر یەك جۆر بێت، بەڵکو ئەشێ هەر یەك نووسەر، لەچەند بەرهەمێکی جیاوازیا، چەند تەقەڵلایەکی جیاوازی بۆ دۆزینەوەی چەند جۆرە راستی‌و حەقیقەتێك دابێ. چونکە ئەو حەقیقەتەی ئەدەب و هونەر عەقڵیێتی؛ بەردەوام روخساری خۆی ئەگۆرێ. کە

راوەگرێ

ئەم خۆگۆرینەش، جگە لەوەی ئاقارو سنووری نییە، لەهەمان کاتیشدا مانای جۆراوجۆری هەیە. بۆیە رەنج و تەقەللای سەدان و هەزاران ساڵەی ئەدەب و هونەر لەم پێناوەدا، بێبڕانەوەیەو بۆ لەمەودواش و هەتا هەتایە، بێبڕانەوە ئەبێت. لەبەر ئەوەی تێکۆشانی ئەدەب و هونەر، بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، تێکۆشانێکە بەدوای حەقیقەتێکی نادیاردا. کە ئەمە پێچەوانەی زانستە. چونکە ئەوەی ئەو پەیامەی ئەدەب و هونەر، لەگەران و پشکنینی بەردەوامدان بۆ دۆزینەوەی، جەستەیەکی نییە؛ واتە: شتێکی بەرجەستە نییە. بۆیە ئەو پشکنین و گەرانەی لە دەقێکدا پێی ئەوتریّ: راستیو حەقیقەت، لەراستیدا راستیو حەقیقەت نییە، بەڵکو جۆرێکە لە جۆرەکانی گەران و پشکنین، بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت.

کەواتە ئەدەب و هونەر، خاوەنی راستیو حەقیقەت -ێکی نەگۆرو چەسپاوو سەقامگرتوو نین. بۆیە هەر کەسێك بیەویّ لە دەقێکدا حەقیقەت بدۆزێتەوە، وەك ئەوە وایە شوێن تراویلکە کەوتبیّ. ئەمەش گەوهەری هەرە باڵاو راستەقینەی ئەدەب و هونەرە؛ کە ئەدەب و هونەری باڵاو زیندوو بتوانن بەدەم سۆراخی حەقیقەتەوە، بەدەم گەرانی بەردەوامەوە بۆگەیشتن بە حەقیقەت و لەم دڵەراوکەی گەیشتن و نەگەیشتن -ەدا، لەدوو توێی خۆیاندا، نوقمی سیحرو ئەفسونی سەراسیمەییو راچەنین و موچرك و خرۆشانمان بکەن. بەجۆرێك هەموو هەستەکانمان پێکەوەو لەیەك کاتدا، بهەژێن و بورووژێن و لەهەمان کاتیشدا هەمووشیان لەگەڵ شوێن تراویلکە کەوتنی حەقیقەتی دەقەکەدا، بەجیاواز بۆ خۆی بکەوێتە سۆراخ و گومبوون و پەرتبوونەوە؛ کە بە تێکرایان لە ئاسۆیەکی بیّسنووری زەیندا بکەونە پشکنین و گەرانی تر، لەدەرەوەی دەقەکەدا. بەواتەیەکی تر: هەستەکانیشمان لەگەڵ شوێن تراویلکە کەوتنی دەقەکەدا، ببنە تراویلکە ! ببنە پرسیارو پرسیارەکەش دەیان پرسیاری تری لەپشتەوە بێت. جگە لەوەی کە ئەم بزاڤی میتافیزیکایەی نێوان دەق و خوێنەر، نێوان دەق و بینەر، کە بەردەوام بەرەو بیرکردنەوەی بیّسنوور جلەوکێشمان ئەکات؛ لە پاڵیشیا بەردەوام و لەهەموو دووبارە و سیّبارە دیتن و پیاچوونەوەیەکیا، ماناو حەقیقەتی تازەترمان لەمێشکدا بۆ دروست ئەکات. کەبەمەش ئەوەندەی فکر -هزرمان بەرەو نادیار پەرت ئەکات، ئەوەندەش بیرکردنەوەمان فراوانترو جیاوازتر ئەکات. واتە: دەقی تازە، بیرکردنەوەی تازەش لەگەڵ خۆیدا ئەخولقێنیّ.

بەمجۆرە، ئەگەر لەگەڵ خۆماندا بسازین کە حەقیقەتی ئەدەب و هونەر ئەمەیـە؛ ئەوا بەوەش قایل ئەبین کە هەموو دەقێکی سەرکەوتوو، حەقیقەتی نـاو دەقـەکانی پێش خۆی ئەسرێتەوە. واتە: کودەتای تـازە، بەسـەر کودەتـا پێشـینەکانی خۆیـدا ئەکات و تەقەڵلای تازە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتێکی تری تازەو شاراوە، ئەدات، کە پێشتر دەقێکی تر پەی پێ‌نەبردووە. بۆیە هونەرمەندێکی وەك پـاپلۆ پیکاسـۆ لـەم بارەیەوە ئەڵێت: خولقێنەری دەقێکی تـازە، خولقێنـەری جیـهانێکی تازەیـە، کـە خودی خولقینەرەکە، یاساو بەرنامەی تازەش، بۆ جیهانە تـازە دۆزراوەکـەی خـۆی بنیات ئەنێ.

لەبەر ئەمە، کاتێ خولقێنـەری دەقێـك، خـۆی بـۆ لـەدایکبوون و خسـتنەوەی بەرهەمێکی تازە ئامادە ئەکات، هەرگیز ئەو یاساو سنوورو سیسـتەمانەی لـەیاد نییە، کە پێشتر خولقێنەرانی‌تر، تەنانەت خۆیشی، یاسـاو بەرنامـەو شـێوازیان بـۆ خولقـاندنی ئـەدەب و هونـەر دروسـتکردووە، بـەڵکو ئـەو کاتـەی بەرهـەمێك ئەخولقێنێ، ئەو کاتە وا هەست ئەکات هیچ یاساو بەرنامەیـەك، هیـچ شـێوازێك، هیچ پشکنینێکی‌تر، پێش ئەو نەبووەو ئەگەریش هەبووبێ‌و ئەگـەریش مرۆڤایـەتی دەستکەوتی فەرهەنگیی بە دەست هێنابێ، هێشتا ئەو دەسـتکەوت و سـەروەرییە فەرهەنگییانەی بیری مرۆڤ بەدەستی هێناوە، چەندیش مەزن بن، هێشتا داهـاتوو ئەوەی بە بەرەوەیە، مرۆڤ بیر لەو تەقەڵلایانە بکاتەوە، کەتا ئێسـتا رووناکبـیریی پێی‌نەگەیشـتووە..چونکـە ئەگـەر تاقیکردنـەوەی پێشـینەکانیش لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا نەمربن، بەلاَم هێشتا دوا تاقیکردنەوە، دواتەقەڵلا، کۆتایی نەهاتووەو خەلاَتی دوا سەرکەوتنیش بەهیچ دوا تەقەڵلاو دوا تاقیکردنەوەیەك رەوا نـەبینراوەو نەبەخشراوە.

بۆیە ئەو خولقینەرە مەزنانە، هەمیشە وا بیر ئەکەنەوە کە حەقیقەتی پشـکنین، حەقیقـەتی داهێنـــان، حەقیقــەتی جوانیـــی، هێشـــتا نەدۆزراوەتـــەوەو ئـــەبێ تاقیکردنەوەی تازەو رەنجی تـازە بـۆ دۆزینـەوەیان بـدرێ.. لێرەشـەوە بـەم کـاری سەرکێشیی‌و چاو قایمییـە تازانـە، پێناسـەی تازەگـەریی ـش سـەرهەڵئەدات. کـە ئەگەر وردتریش پێناسەی تازەگـەریی بکـەین، ئـەوا ئـەڵێین: بریتیـە لـەکۆی ئـەو کەرەسەو خواستەمەنی‌و رەمزو جیهانبینی‌و میعمارسـازییە نوێیـەی بـۆ یەکـەمین جـارو بـۆ یەکـەمین تاقیکردنـەوە، لەسـەرتاپای دەقێکـدا، هـەموو هەسـتەکانمان

پێکەوە، هەستی پێئەکەن. کە ئەم دەقە، ئەم پێناسەیە، بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ خۆیدا هەڵئەگرێو هەمیشەو هەمیشەش هەر زیندووە.

خۆ ئەگەریش ئەم تاقیکردنەوە تازانە، جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا نەبووایە، ئەوا ئەبوایە هەموو شیعری شاعیرانی جیهان، کەسەرومڕ هەموویان باسی خەم و خەونی مرۆڤ ئەکەن، لەیەك بچوونایە. هەر بەو جۆرەش هەموو چیرۆك و رۆمان و تابلۆی وێنەکێشان و ئاوازی مۆسیقاو..هتد، لەیەك بچوونایە. بەلاّم تاقیکردنەوەی هیچ دەقێکی نەمر، لە تاقیکردنەوەی هیچ دەقێکیتر ناچێو کاتێکیش ئەڵێین لەیەك ناچن، مەبەستمان لەو تایبەتمەندیو تازەگەرییە هەمیشەییەیە، کەلە هەموو رۆژگارێکا لەگەڵ خۆیاندا هەڵئەگرن. بەواتە: کە ئەڵێین تاقیکردنەوەی نالی نەمرە، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو تاقیکردنەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە تاقیکردنەوەی رۆژگارێکی بەسەرچووە، بەلاّم بە سەرچویەکی زیندووە، واتە رابوردوویەکی ئایندەیە. واتە: بەردەوام و لەهەموو سەردەمێکدا، خوێندنەوەی تازەو بۆچوونی تازەمان ئەداتێ. هەر بەو جۆرەش تاقیکردنەوەی مەولەوی تاوەگۆزی و گۆران و..هتد.

لێرەوە هەر بەو جۆرەی چاوەڕێو حەزی پێئەکەین ئەو ئاسۆیەی لە دەق ـێکدا رووبەری فکر ـهزرمان بەرین و بەرینتر بکات؛ هەر بەو جۆرەش لەسەر ئێمەی خوێنەرو بینەری دەق ـێك پێویستە ئەو بایەخ و دیدەی دەقێکی دیاریکراوی پێئەنرخێنین، ئەبێ لەهەموو روویەکەوە جیاوازتر بێت لەو بایەخ و دیدەی دەقێکی تری پێئەنرخێنین. بەمانا: ئەودیدەی نالی پێئەنرخێنین، ئەبێ جیاواتر بێت لەو دیدەی سالم، یان وەفایی،یان.. یان چیرۆکنووسێکی پێهەڵئەسەنگێنین. بەمەش کۆی هەستەکانی جوانیناسی خۆمان شیرینترو قووڵترو دەوڵەمەندتر ئەکەین. کە ئەم کارە لە مەیدانی فەرهەنگ بەگشتیو بەتایبەتیش لەمەیدانی هونەرو ئەدەب دا، زۆر بەسەختیو بەگران و درەنگ ئەتوانین بە سەریا زاڵ بین، چونکە لەهەڵسەنگاندنی دەقێکی هونەریی ئەدەبیدا، هەمو هەستەکانمان بەشداری نرخاندنەکە ئەکەن، ئەوسا ئەو ئاسۆ بێ سنوورەمان لا دروست ئەبێ. بەلاّم لە هەڵسەنگاندنی تازەگەرییە خێراکانی پیشەسازییدا، رەنگە ئەوەندی هەستی بینین (چاو)، بەشداری راستەوخۆ ئەکات، ئەوەندە هەستەکانی ترمان بەشداری ناکەن. بۆ وێنە: لە یەکەمین دیتنی دوا مۆدێلی ئۆتۆمبیلێکدا، زۆر بە زوویی چاومان

ئاشنای روخساری دەرەوەی ئۆتۆمبیلەکە ئەبێت و ئیتر دوای ئەم یەکەمین دیتنە، لەهەر جێگەیەکی تردا، هەمان مۆدێلی ئۆتۆمبیل ببینینەوە، یەکسەر ئەیناسینەوە. کەچی لە دیتن و خوێندنەوەی یەکەمین بەرهەمی هونەریی - ئەدەبیی کە بە شێوازێکی تازەتر نووسرابێت، هەموو هەستەکانمان پێکەوە لێی ئەسڵەمێنەوەو تادوای چەند جار دیتن و خوێندنەوەی؛ ئەوسا وردە وردە، هەستەکانمان بەرودوا، لەگەڵیا رام و هۆگر ئەبن و ئەتوانن ئاشنایەتی لەگەڵدا دروست بکەن.

هەر لەبەرئەمەشە هەموو ئەو بزووتنەوە ئەدەبیی‌و هونەرییانەی کە تازەگەران، لەسەرەتادا تووشی گەلێك دەردەسەریی‌و کەندو کۆسپ دێن و زۆر بە زەحمەت و تا دەرەنگانێکی درەنگ ئەتوانن جێگەی خۆیان لەناو خوێندەواراندا بکەنەوە.

رەنگە لێرەدا کەسێك بڵێت: ئەمجۆرە دەقانە، هزرمان بەرەو درەوەی واقع و نامۆیی‌و گومبوون و سەرلێشێوان ببەن و تووشی وەرسیی‌و بێهیوایی‌و بێزاریمان بکەن لە واقعی ژیان!.

لەوەڵامدا ئەڵێم: پەیامی ئەدەب و هونەر، دڵدانەوەی مرۆڤە بۆ بێزار نەبوون لە واقع؛ هاندانی مرۆڤە بۆ خۆراگریی‌و نەبەزین، بەرامبەر ئەو واقع-ەی هەمیشەو هەمیشە، مرۆڤ حەز بە گۆرینی ئەکات. بۆیە پەیامی ئەدەب و هونەر، باسی واقع و نیشاندانەوەو دووبارە وێنەکێشانەوەی واقع نییە؛ بەڵکو بزواندن و ئامادەکردنی هەموو هەستەکانی مرۆڤە، بۆ گۆرینی واقع. پێشنیاری تازەیە ئەخرێتە بەر هزرمان، تا لە هەڵبژاردنی پێشنیارەکاندا هزرمان سەرپشك بێت.

هەر لەبەر ئەمەشە لەسەرەتای مێژووەوە، مرۆڤ بە بێئەوەی دەسەڵات لەدەست خۆیدا بێت، ئەو میتۆلۆژیاو سەرگورشتە ئەفسانەوییانەی خۆش ئەوێت، کە تیایاندا پاڵەوان لە واقع دا هەڵکەوتوون و ئەو زوڵم و زۆرداریی‌و ستەمەیان لەناو بردووە کە بوونەتە مایەی ئازارو چەوسانەوەی مرۆڤ لە هەموو روویەکەوە. بۆیە ئێستاش لەناو رۆمان و چیرۆك و شانۆنامەو فیلمی سینەماییدا، ئەو پاڵەوانانەی خۆش ئەوێت، کە خۆیان ئەکەنە قوربانی بۆ داهاتوویەکی بەختەوەرو چاکتری مرۆڤایەتی. واتە: واقع ئەگۆرن. کەواتە بەبێئەوەی بەخۆمان بزانین، بۆشاییەکی گەورە لە دەروونماندا هەیە، هەر تەنیا بەو خەون و خۆزگانە پڕ ئەبێتەوە کە بالاترن لە واقع. ئەمەش خوازیارە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤە، کە هەر خۆرسك، خەون و

خۆزگە بە گۆرینی واقع و جیهانەوە ئەخوازێ.

خۆ ئەگەر هەندێجار، لە فیلمــی سینەمایی‌و رۆمــان و چیرۆکیشــدا، ئاکــاری هەندێ پاڵەوانمان پێ خۆش بێت کە ناویــان لێنــراوە: نموونــەی واقعــی؛ لەراســتیدا ئەوانەش نموونەی واقعی نین و وێنەی ناو واقع نین؛ بەڵکو ئــەو مرۆڤــە نموونەییانــەن کە کۆمــەڵێك خۆزگــەی کۆمەڵایــەتییان لــە پاڵەوانــەکانیاندا خەســت کردۆتــەوەو خۆزگەو خواستەکانی کۆمەڵیان پێوە بەستوونەتەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر پێمان وابێت باڤلٚ ـی پاڵەوانی دایك ـی ماکسیم گورکی، کــە پێــی ئــەوترێ شــاکاری واقعــی، لەراستیدا نموونەیەکی واقعی نییە، بەڵکو نموونەیەکی هەڵبژاردەی خــەیاڵی مــەزنی ماکسیم گۆرکی‌یە، کە گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگای ئەخاتە ئەستۆ.

کەچی بەداخەوە هەندێ نووسەر، بەلاسایی‌و چاولێکەریی ئەمجۆرە شاکارانەو بــە بانگەشــەی ئــەوەی گوایــە نموونــەی واقیعــی لــەناو کۆمــەڵگا هەڵئــەبژێرن، دێــن فۆتۆکۆپی‌یەکی زۆر چلکن و وەسفی درێژدادڕی واقع ئەنەخشێنن و بــە شــێوازێکی ئێجگار دواکەوتوو، بەناوی ئەدەبی ریالیزمی‌و هونەری واقعی‌یەوە نیشانمان ئــەدەن! کە لە راستیدا ئەم بەرهەم و کارانە، ئەوەندەی دواکەوتوویی نووسەرەکانیان نیشــان ئەدات، ئەوەندەش سووکایەتیە بە خوێنەران.

بۆیە پەیامی ئەدەب و هونەر، رێنمایی کــردن و جڵــەوگرتنی خــەون و خــەیاڵی کۆمەڵایەتییە، لە سنووره ئێجگار تەنگکراوەکانی واقع و دەربازکردنی ئــەو خــەون و خەیاڵە، بۆ دەرەوەی واقع. کە دەرەوەی واقــع ـیش جێگەیــەکی دەستنیشــاکراو نییە، بەڵکو ئەو جێگە نادیارەیە کــە خــەون و خــەیاڵی بــۆ دەربــاز ئــەکرێ‌و ئــەو جێگەیەش جیاوازترە لە جێگەی واقعی راســتەقینە. واتــە جێگەیەکــە کــە،دیــاری ناکرێ‌و سیمایەکی ئاشکرای نییەو ناچێتە ژێر ئەو دەسەڵاتە کە بەرنامەو سیســتەم بۆ واقعی راستەقینە دائەنێن. کەواتە هەروەك ناچێتــە جێگەیــەکی دیــاریکراوەوە، لەهەمان کاتدا ناچێتە ناو زەمانێکی دیاریکراویشەوە. هەر بۆیــەش پێشــتر وتمان: ئەدەب و هونەری سەرکەوتوو، هەمیشە تازەو لەهــەموو زەمانێکیشــدا زینــدوون. کەلیرەدا بەکارهێنانی ناهوشیارانەی زاراوەی کۆن و تازە بەرامبەر ئەدەب و هونەر، کارێکی نەشارەزایانەو نارەوایە؛ چونکە وتمان دەق ـی زینــدوو، هەمیشــە تازەیــەو کۆن نابێت. بەواتەیەکی تر: کۆن، ئەو بەناو دەقانەن، کەنەك دوێنێ‌و ئەمڕۆ، بەڵکو ئەگەر سبەینێ ـ یش بنووسرێن، هەر مردوون. چونکە هــەر لەســەرەتاوە هــەوێنی

ژیان له جهستهیاندا نهبووه. واته: ههر زوو، پێش ئهوهی لهدایك بن ، لهبارچوون.

لهمهوه ئهڵێین: پهیامی ئهدهب و هونهر، خستنهگهڕی ههموو تواناكانی ههستهكانمان و خهیاڵمانه، بۆ بیركردنهوه به پێچهوانهی واقع ئاساییهوه؛ بۆ گۆڕینی واقع. كه ئهم بیركردنهوهی پێچهوانهی واقعهش، ههر لهناو گێژهنی ناكۆكییه بهردهوامهكانی خودی واقع دا سهر ههڵئهدات، نهك له دهرهوهی واقع. بۆیه ئهگهر ئهدهب و هونهری زیندوو، چهندان و چهندان پێناسهیان ههبێ؛ ئهوا یهكێكیان ههڵئهگرێ بڵێین: ئهدهب و هونهر، رهنگدانهوهی واقعن. بهڵام واقعێكی بێكهنارو بێسنوورو بێلێوار، واقعێكی نائاسایی، نهك ئاسایی، واقعێكی خرۆشاو نهك واقعێكی چهسپاو، واقعێكی بزێو نهك ئهو واقعهی ملكهچی سیستهمه كۆنه چهقبهستووهكانه، كه گیان و جهستهو هیواكانی مرۆڤانی تیایاندا وشك و بۆگهن و خهسێنراو ئهكرێ.

ئهگهر لهم كلاَورۆژنانهوه سهیری كورته چیرۆكهكانی عهتا نههایی بكهین، ئهوا ئهبینین ناوبراو ئهیهوێ له پێناسهی داهێنانی رهسهن و راستهقینهی چیرۆكنووسی نزیك بێتهوه.

عهتا تا ئێستا دوو چهپكه كورته چیرۆكی به جیاجیا له زریكهو تهنگانهدا، چاپ و بلاَو كردۆتهوه. له كۆمهڵه چیرۆكی زریكهدا ساڵی ١٣٧٢ی ههتاوی - ١٩٩٣ ز- له تهورێز ئینتیشاراتی ناجی - بانه، بلاَوی كردۆتهوه، ٩ كورته چیرۆكی بهم ناوانه تێدایه: مهچهكێك له تهڵهی پێنج پهنجهدا، تهزووی ئازارێكی كۆن، مهرگی نووسهر، زریكهیهك له قورگی شهودا، نابێ شێره پێ بزانێ، ئهو لهو مهراقێكی دێرین، دوو وێنهی ون، رۆژێ لهورۆژانه، چاوهروانیی.

لهكۆمهڵه چیرۆكی تهنگانهشدا، كه زستانی ١٣٧٤ی ههتاوی - ١٩٩٦ز له تهورێز - لهسهر ئهركی خۆی چاپی كردووه، ئهم كورته چیرۆكانهی لهخۆگرتووه: شهو قهلاَی مێرده، من..تۆم..خۆش..دهوێ، بههیوای باران، مهسخ، لهگهڵ كۆچی پهرهسێلكهدا، ورمزو پهیكهرێك له قورقوشم، هۆرهی وهرزی بهردبارین، چیرۆكێكی ناتهواو، رابوردوویهك له ئاگردا.

جگه لهم كورته چیرۆكانه، رۆمانێكیشی بهناوی گوڵی شۆران، ئامادهی چاپه (وهك لهدوا لاپهری - تهنگانهدا نووسراوه).

بهلاَم بهر لهوهی له چیرۆكهكانی عهتا نزیك ببینهوه، بهچاكی ئهزانم سهرنجێك

دەربڕم و بڵێم: ئەگــەر تاقیکردنــەوەی شــیعری کــوردی، تاقیکردنەوەیــەکی سەرتاسەریو یەکپارچەیی بێت؛ مانای وایــە پردەکــانی نێــوان شــاعیرانی دوێنــێو ئــەمڕۆی کــورد، زۆرتــرو بــەهێزترە. واتــە: شــاعیرانی کــورد زەبــرو جێپەنجــەو ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوەکانیان لەسەر یــەکتری هەیــە. کــەچی ئــەم دیاردییــە لــە جوگرافیــای چــیرۆکی کــوردیدا، بــە جۆرێکــی تــرە. چونکــە(بــۆ وێنــە): ئەگــەر تاقیکردنەوەی چیرۆکی کوردی - کوردستانی عێراق، لە ســاڵانی پێرەوەکەبووینــەوە ١٩٢٥ز، واتە لەدوای چیرۆکی لەخەومای جەمیل سائب -ەوە، تا ئێستا لــە یــەکتر نەپسابێو هەر بەرەو پێش چووبــێ؛ بــەڵام ئــەم تاقیکردنەوەیــە تــا درەنگــانێکیش نەیتوانیوە پردی پەیوەندیو تاقیکردنەوەکانی خۆی بگەیەنێتە کوردســتانی ئــێران. کە ئەم دیاردییە ئەوەندەی وتنی سەختە، ئەوەندەش وتنی پێویســتە. لەبــەر ئــەوە تاقیکردنەوەی ئێستای چیرۆکی کــوردی - کوردســتانی ئــیران، تاقیکردنەوەیەکــە، تارادەیەك کەش و هەواو تایبەتی‌تری هەیە. چونکە ئەگــەر پێشــمەرگەی ڕەحیمــی قــازیو پێکــەنینی گــەدای حەســەنی قزڵجــی، لەهــەندێ لایەنــەوەو بەتایبــەتیش پێکەنینی گەدا - کە برێکیان لەناو چوارچێوەی تاقیکردنەوەی چیرۆکی کوردستانی عێراقدا جێگەیان بیێتەوە - ئەوا تاقیکردنەوەی فەتاحی ئــەمیری - هــەوراە بــەرەو میرزا - بۆکان و محەمەدی ڕەمەزانی - کورتە چیرۆکــە بڵاوکراوەکــانی لــە گۆڤــاری سروە-دا بۆکان و ناسری وەحیدی - خەوەراو - بۆکان و عەتا نەهایی -بانــە، جگــە لەوەی هەریەکەیان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، لەهەمان کاتیشدا ئەگــەر بــە گــەلێ سەرەداویش بە تاقیکردنەوەی سەرتاسەری چیرۆکی کوردییەوە ببەسترێنەوە بــەڵام لە زۆر لایەنەوە لە تاقیکردنەوەی سەروملی چــیرۆکی کــوردی، جیــاوازترن. لــەپاڵ ئەمانەشدا، تەمەنیشیان، لەتەمەنی چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق، ساواترە.

هەرچەندە جگە لەو ناوانە، نــاوی تریــش هــەن تەقــەللای نووســینی چــیرۆك و بڵاوکردنەوەی ئەدەن، وەك: جــەلال مەلەکشــا - ســنە، خــانم کافیــە جــەوانرودی - مەریوان، ئەنوەری ڕەوشەنی - مەریوان، خانم ئامینەی عەزیزی - ســەقز، توفیقــی موشیرپناهی - سنە، خانم ژیلا حسینی - سنە، مارف ئاغــایی - شــنۆ، عومــەری مەولوودی - بۆکان.

بەڵام عەتا نەهایی ســەرەرای ئــەوەی لــە کارەکانیــا لــە هاورێکانیجیــاوازترە، لەهەمان کاتیشدا لە تەمەنی تاقیکردنەوەکەیدا، کە هــەر ٥ - ٦ ســاڵ ئــەبێ، بــە

هەنگاوی زۆر گورج و خێرا، بەرەو پێشەوە ئەچێ بە تایبەتیش لە کۆمەڵە چیرۆکی تەنگانەدا، کە لێرەدا ئەمانەوێ بە خێرایی قسەی لەسەر بکەین.

هەر لەیەکەمین خوێندنەوەی بە پەلەی چیرۆکەکانی تەنگانەدا، یەکسەر ئەوە بە دەستەوە ئەدات کە تان و پۆی چیرۆکەکان و پاڵەوانەکانی‌و جۆری چنینی رستەکانی‌و کەش و هەوای تێکڕای چیرۆکەکان؛ بەهەموو مانای وشەی تەنگانە، لە تەنگانەدان. پاڵەوانەکان لەباری دەروونەوە، شپرزەو پەژارەو شڵەژاون. هەڵس وکەوتیان نائاسایی‌و بێئارام و تا ئاستێکیش تووڕەو هەڵچوون. هەندێ جاریش بەسەرو سیماو رواڵەت، جۆرێکن و لەئاکارو رەوشتیشیاندا جۆرێکی ترن. کە ئەم لەت و پەرتبوونەیان نموونەیەکی زۆر ئاشکراو زیندووی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە؛ بەتایبەتی مرۆڤی ئەم سەردەمی جیهانی سێیەم، کە تیایدا مرۆڤ گیرۆدەی دەیان و دەیان کێشمە کێشم و دەردەسەری‌و تێشکان و هەڵسانەوەو زۆرانێکی ئێجگار نابەرامبەرە. عەتاش ئەم تەنگانەیەی بە جۆرێك بۆ خولقاندووین، تا هەست بکەین ئەو هۆیانەش کە لە دروستکردنی ئەم تەنگانەیەدا، بەشدارن؛ ئەوانیش سەر لە رێگاکانی چارەسەری‌و دەربازکردنی تەنگانەی ئەو کۆمەڵگایە دەرنەکەن.

ئەگەر ئەم شەقڵە، مۆرکی تێکرای چیرۆکەکان بێت، ئەوا یەکە یەکەی چیرۆکەکان، وردتر ئەم ناسنامەیە ئەدەن بە دەستەوە. هەرچەندە کاری ئەم بەسەرکردنەوەیەی من، یەکلاکردنەوەی وردی هەموو چیرۆکەکان و راڤەکردنیان نییە. تەنانەت نامەوێ پردێکیش بم لەنێوان خوێنەران و نهێنییە جوان و شیرینەکانی ناو ئەم چیرۆکانەدا. چونکە ئەگەر ئەم کارە بکەم، مانای وایە لە لایەکەوە لەنرخی چیرۆکەکان کەم ئەکەمەوە؛ بەوەی بەتەنیا کلیلێك رازەکانی ئەم چیرۆکانە بخەمە سەرپشت. لەلایەکی تریشەوە رێگاش لە خوێنەران ئەگرم، تا خۆیان دوای سەرنج و پیاچوونەوەی هوشیارانەیان، هەوڵ بدەن بەهۆی چەندان کلیلی جۆراوجۆرەوە لەدووتوێی چەندان لێکدانەوەدا، تێهزرێن و بەگوێرەی بزاف و جموجۆڵی یەك لەدوای یەکی کۆپلەو رستەکاندا، وێنەو مەبەستە جوانەکانی ئەم چیرۆکنووسە، بەیەکەوە بلکێنن، کە توانیوێتی خەمی ئاڵۆزسکاوی مرۆڤی ئەم سەردەمی تێکچرژاوەمان لەدەیان و دەیان وێنەی شیواودا نیشان بدات. بەجۆرێك ئەگەر شوێن میعمارسازیی‌و رستەبەندیی‌و دارشتنی سەرتاپای چیرۆکەکان بکەوین، ئەزانین کە لە زۆربەی دارشتنەکانیا، هەر بەدەستی ئەنقەست و بەمەبەستی

نیشاندانی پەرتبوونی باری دەروونیی پاڵەوانەکانی، زۆر زیرەکانە کامێرای وێنەکان بەبێ هۆ وەك نیشاندانی ئەوەی کەش و هەوای رووداوەکان، لەناو کارەسات و لێقەوماواندا بن، ئاوا وێنەکان بە پەلە لە رووداوێکەوە بۆ رووداوێکی تر ئەگوێزێتەوە. کە ئەگەر بە ئەندازەی بزووتنی خێرا خێرای رووداوەکان، نەچینە پێشەوە، ئێمەش لەناو رووداوەکاندا ئەپەشۆکێین و سەرمان لێئەشێوێ. کە عەتا ئەم کارەی زۆر مەبەستەو زۆر بە ئاگایی ئەیەوێت لەباری تەنگانەی پاڵەوانەکانی بە ئاگامان بێنێتەوە. واتە: ئێمەی خوێنەر؛ ئەخاتە بەر لێپرسینەوە، لەو تەنگانەیەی کە مرۆڤی ئەم سەردەمە تیایدا ئەژی. لەم رووەوە هەر بۆ ئەوەی ئەمجۆرە نموونانە بەرچاو بخەین، ئەم پەرەگرافە لەهۆرەی وەرزی بەردبارین دا، وەکو خۆی بۆ ئێرە ئەگوێزینەوە: (ئەو شەوە تا دەمەی بەیانی - هەنلۆخان - لەسەربانی ماڵی کابرای گردیلانە، بە سۆزەوە هۆرەی کرد. بۆ بەیانی، تا ئێوارە گەران، ئەوسا تەرمەکەیان هێنایە دەر. کە هەلۆخان -یان گرت، وەرزی بەردبارین دوایی پێ هات).

لەبەرئەوە عەتا لەم چیرۆکانەیدا، ئەوەی مەبەستێتی بەم شێوە دارشتنە داپژاوە، حاڵەتێك -ی داپژاومان تێبگەیەنێ، ئەوەندە مەبەستی نییە بچێتە ناو وەسفێکی وردی لەیەك نەپچراوی پڕ لە رستە رازاندنەوەوە، کە لێزانیی خۆیان لە پەخشان نووسین و واژە کۆکردنەوەو شارەزایی لە رێزماندا، بۆ بسەلمێنێ. چونکە ئەگەر هەندێ نووسەر بە پەخشانی رۆمانتیکانەو وەسفی بێسەروبەر پانتایی چاومان داگیر بکەن، ئەوا ئەمجۆرە چیرۆکانەی عەتا ئاسا، قووڵایی هزرمان داگیر ئەکەن. کە بێگومان کاری نووسەریش هەر ئەمەیە. لەبەرئەوەی ئەو جۆرە پەخشانانە، ئەو وەسفە بێسەرو بەرانە، وەك ئەو وێنە فۆتۆگرافیانەن کە هەندێ گۆڤارو رۆژنامەی دواکەوتووە، بە مەبەستی بزواندنی گیانی بەزەییو سۆز نوازیمان؛ وێنەی جووتیارێکی کورد، بە جووتێ گاو گاسنەوە، یان هەمان جووتیار، لەکاتی دروێنە کردندا کە داس -ی بەدەستەوەیە، لەسەر لاپەڕەکانیان بلاویان ئەکەنەوە!. لەکاتێکا پەیامی ئەدەب و هونەر لەوەدایە، لە جیاتی ئەوەی پانتایی چاومان بە وەسفی ئەو وێنانەوە خەریك بکەین، لەسەریان پێویستە لە رێگەی تری هونەری تەکنیك و دارشتن و دەربرینی تازەوە، هزرمان بخەنەگەڕ، تا بزانین بۆچی تا ئێستاش جووتیارەکانمان لەم بارە دواکەوتووەدا ئەژین! جگە لەوەی کە ئەرکی نووسەر لە

گەیاندنی پەیامەکەیدا، ئەوەندەی ئەبێ هەوڵ بدات لەهاوئاهەنگیو پێکەوەتـەبایی کردنی نێوان کۆڵەگەکانی چیرۆکنووسیدا هونەر بنوێنێ؛ ئەوەندە مەرج نییە یەکێك لە کۆڵەگەکانی هونەری چیرۆکنووسیدا زاڵ بکات. چونکە ئەگەر چەند مەرجێك بـۆ نووسینی کورتە چیرۆ هەبن، ئەوا تەنیا یەکێکیان لایەنی زمان -ە. کە لێرەدا ئەبێ ئەوەش بڵێم وەك چۆن نووسەرێك لە دەقێکدا، کۆمەڵێك کەرەسە ئەکات بە هەویرو بەگوێرەی مەبەستی خۆی، لەتاو دەستیا شتی لیٚدروست ئەکات؛ هەر بەو جـۆرەش ئەو زمان -ەی کـە خـاوەنی دێرینـەو ڕێزمـان و کۆمـەڵێك سـەروەرییە، لـەکاتی بەکارهێنانیا لە دەقێکدا، هەموو ئەوانە لە دەست ئەدات. واتـە: ئەگـەر واژەیـەك لەکاتی ئاساییدا، لەسەدان ساڵەوە تـا ئێسـتا، بـەگوێرەی فەرهـەنگ (قـامووس) مانایەکی تایبەتی هەبێ، بەڵام هـەر ئـەو واژەیـە، لـەکاتی بـەکارهێنانیا، لـەناو ڕستەیەکی هونەریدا، ئەو مانا قامووسییەی خۆی لە دەست ئەدات و ئیتر چـەندین ماناو مەودای تری بەبەردا ئەکرێت. بـە مانایـەکیتر: کـە واژەیـەك لـە دەقێکـی هونەریدا بەکار ئەبرێ، واتە: ئەهونەرێنرێ. بەکورتی وەك ئەو بەردەی لیٚ دێت، کە پەیکەرتاشێك ئەیخاتە بەردەستیو شتی تری لیٚدروست ئەکات. بەمـەش لەهـەموو ڕوویەکەوە، لەو بەردەی جارانی خۆی جیاوازتر ئـەبێ کـە هێشتا پەیکەرتاشـەکە بەکاری نەبردبوو. نموونەی ئەم بەردە، هەموو ئەو داروتەختەو ئاسنەیە، کە دەرگـاو پەنجەرەو شتی تریان لیٚدروست ئەکرێو ئیتر لەباتی ئەوەی دارو تەختەو ئاسـن بـن، ناویان ئەبێتـە: پەنجـەرەو دەرگـاو. لەبەرئـەوە هـەر وشـەیەك -یش ئەبرێتـە نـاو دەقێکەوە، ئیتر لەوەودوا، ئەو وشەیە، ئەو مانا، یـان چـەند مانایـەی ئـەبێت کـە نووسەرەکە مەبەستێتی. بۆیە ئەگەر ڕەنگی سەوز لە قامووسدا هەر مانـای سـەوز بگەیەنێ، یان هەتاو هەر مانای خۆر بگەیەنێ؛ بەڵام لەدەق -ی ئەدەبیدا، مانـای تریـان هەیـەو دەوڵەمـەندتر ئـەکرێن. ئەمـەش بـەئاگاهاتن و بەتەنگـــەوەهاتنی نووسەرانە، بۆ ڕزگارکردنی زمان لەو کۆت و زنجـیرە قاموسـییانەی سـەدان سـاڵە کراونەتە دەست و پیٚوگەردنی زمان -ی سڕکراو، لە تـەنیا مانایـەکدا. لەبەرئـەوە کاتیٚ نووسەرێك گەرکێتی ماناو مەودای تر بـە واژەیـەك بـدات، ئـەو ئـاڵوگۆڕەی بەسەردا دێنیٚ، کە مەرجەکانی کۆدەتاکەی لیٚی داوا ئەکەن. مەرجـەکانیش بریتـین لـەوەی زمـان ڕام بکـات، تـا دەسـت لـە مێـژووی ڕابـوردوی خـۆی هـەڵگرێو ومێژوویەکی تازە، بۆ ماناو مەودا تازەکانی بنووسێتەوە. کە بەمەش نووسـەرەکە،

بۆچوون و جیهانبینی خۆمان بۆ دەرئەخات. جگە لــەوەی هــەر لێرەشـدا پێویسـتە ئەوەش بلێــم: مەگــەر هــەر نووســەری خولقێنــەر بزانــن، کــە ئــەم کــاری گیــانی تازەکردنەوەیــە، بەبــەر زمــان دا، کــارێکی چــەند ســەخت و دژوارەو چـــەند بــە کوێرەوەری وا لە زمان ئەکرێت، ببێتــە زمــانێکی تــرو زمــانێکی تــر فــێر ببــێ‌و، چەندیش بەگران، ئەو مێژووە درێژەی خۆی، لەساتە خــێراو بروســکە ئاســاییەکانی داهێنان و خولقاندن دا، لەبەر دائەمالرێ‌و لەهەمان کاتیشدا، لەمەش سەخت تــر، چەند بەگران ئەتوانێت لە خوێنەری دەقێکی تازە بگەیەنێت، کە ئەویش ئەبێ خۆی فێری ئەم زمانە تازەیە بکات!

لەم رووەوە زۆربەی کەرەســەکانی زمــان -ی چیرۆکــەکانی عــەتا، هــەرگیز ئــەو مانایانەیان نییە کە پێشتر لەگەڵیاندا راهاتووین و لەژیانی واقعی مــاندا بــەکاریان دێنین. بۆیە ئەگەر واژەی باران و هــەڵۆو دایــك، لەچیرۆکــەکانی: بــەهیوای بــاران، هۆرەی وەرزی بەردبارین و مەسخ دا هەر بە گوێرەی مانا قاموسییەکانیان لێکیان بدەینەوە، ئەوا هەر لە بنەڕەتەوە سەرەداوی تێگەیشتنی چیرۆکەکانمان لی ون ئەبێ. چونکە ئەو واژانەو گەلێکی تریش لەو جۆرانە، هیچیان بەگوێرەی ئەو مانایانە نــین کە لە واقع دا بەکاریان دێــنن. بــەڵکو لــەدەرەوەی قامووســن. واتــە: لــەدەرەوەی واقعن. بۆیە پێم سەیرە برای رەخنەگر، کاکە مەنسووری حامیدی، لــە یــەکێك لــە ژمارەکانی گۆڤاری ئاوێنەدا، بە جۆرێك لە چــیرۆکی هــۆرەی وەرزی بــەردبارین-ی روانیبــوو، وەك ئــەوەی رووداوێکــی واقعــــی، یـــان چـــیرۆکێکی سرووشـــتیی هەلسەنگێنێ!. لە کاتێکدا ئەبوایە هەر بە ناونیشانی چیرۆکەکەدا: هۆرەی وەرزی بەردبارین، یەکسەر بیری بۆ ئەوە بچووایە کە لە واقیعدا، وەرزێــك نییــە بــە نــاوی وەرزی بەردبارین. بەڵکو لە سەدان ساڵ لە مەوبــەرەوە، دەســتەواژەی بــەردبارین لەناو ئێمەدا وەك ئەفســانەیەك بــەکاردێت. ئیــتر هــەر لــەم کلاورۆژنەیــەوە واژەی هۆرەش، ئەو هۆرەیە نییــە، کــەمانای گۆرانــی‌و ســتران بــدات. بۆیــە ئەگــەر بــەم پێودانەو هەر لەم چیرۆکەدا، لەخات پیرۆزو نازداریش وەردببینەوە، هەست ئەکــەین هیچیان ئافرەتی ئاسایی نین، بەڵکو رەمزن بۆ مانای‌تر.

ئەکرا ئەو دیدەی کاکە مەنسووری حامیدی ئەم چیرۆکەی عەتای پێ نرخاندبوو، لەگەڵ (بۆ وێنە): چیرۆکەکانی پێکەنینی گــەدادا، پیادە بکرێ، کــە نموونەیــەکی زەقی وێنەکێشانەوەیەکی بێ روتوش و راستگۆی کۆمەڵگای کوردەوارییــە. بــەلام

ئاخۆ ئەکرێ هەمان دیدی روانین لە تاقیکردنەوەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەرەوەی پێکەنینی گەداوە، بۆ ٣٠ ساڵ لەوەدوای عەتا نەهایی بگۆزینەوەو بە هەمان یەك دید، دوو تاقیکردنەوەی دوو رۆژگار بنرخێنین!؟

هەرچەندە عەتا لەبەکارهێنانی ئەو مەودا جیاوازانەدا، بۆ ئەو واژانە، شتێکی تازەو سەمەرەیشی نەکردووە، تا پێمان وابێ مەتەڵ-ی لێ داهێناوین. چونکە هەندێ رەمز هەن، لە سەدان و هەزاران ساڵەوە، تا ئێستاش بەجۆرێك کەوتوونەتەوە، وەك ئەوەی پێیان ئاشنا بووین. بۆ وێنە: لە هەر دەقێکدا واژەی کۆتر ببینین؛ ئیتر دەم و دەست بیرمان بۆ مانای ئاشتی ئەچێت. یان کە واژەی گورگ ئەبینین، یەکسەر درندایەتیو کەم فرسەتییو هێرش و پەلاماری غافڵگیرانەمان بە بیردا دێت. ئیتر هەر بەمجۆرە گەلێ ناویتر، کە لە چیرۆکەکانی تەنگانەوان، ئەبێ کەمێك بیریان لێبکەینەوە، ئەوسا خۆیانمان لا ئاشکرا ئەکەن. ئەوسا ئەیانناسینەوە. کە ئەبێ هەمان ئەم کارە، لەگەڵ دارشتنە بە ئەنقەست دارێژراوەکەی چیرۆکەکانیشدا بکەین، ئەوسا وێنە لە یەکتر ترازاوەکان، وێنە لانەوازەکان، لە خەیاڵماندا ریز بکەینەوە، بە گوێرەی ئەو میعمارسازییەی هزرمان داخوازی ئەکات، بیر لە ریزکردنەوەو دارشتنەوەیان بکەینەوە؛ ئەوسا ئەم کۆلاژو مۆنتاژ کردنەوەیە، پێمان ئەڵێت: عەتا نەهایی بەهۆی ئەم کارەیەوە ئەیەوێت ئەو شتەمان پێ بڵێت، کە راستەوخۆ خۆی پێمان نالێت، بەڵکو بیرکردنەوەی ئێمە، لەدارشتنەوەی سەر لەنوێ دەقەکە، مەبەستەکەی عەتامان پێئەڵێت، نەك گفتوگۆو مەنەلۆژی راستەوخۆی عەتا لەدووتوێی چیرۆکەکاندا. کەواتە هەموو دەقێکی سەرکەوتوو، ئەو شتەمان پێ ئەڵێت، کەخودی دەقەکە پێمان نالێت. کە خۆی بومان نادرکێنێ، بەڵکو جۆری تێگەیشتنی ئێمە، لە دەقەکە، ئەیدرکێنێ.

بەمجۆرە عەتا سەرلەنوێ، ئەوەمان لا ئەسەلمێنێ کە ئەو خەمەی لە دڵ و لە ئەستۆی پالەوانەکانیدایە، وای لێکردوون ناتوانن وەك مرۆڤی ئاسایی بدوێن و زنجیرەی بیرکردنەوەو دەربرینیان، وەك مرۆڤی ئاسایی ، ئاسایی بێت و رستەکانیشیان رێك و پێك و بێساتمەکردن، دەربڕین و مەبەستەکانی دڵیانمان بە روونیی تێبگەیەنن. بەڵکو ئەوەندە لە تەنگانەدا، هەست ئەکەین لە ئاخاوتنیشیاندا لە تەنگانەدان و ئەبزرکێنن.

هەرچەندە شێوەی دارشتن و رستەبەندیی چیرۆکەکانی عەتا، ئێجگار تۆکمەو

پتەون و پەیوەندی رستەکان، پڕیانە لە ئاشنایەتی یەکترو زۆر تەباو گونجاون. بەلاّم ڕووداوەکانمان ئەوەندە خێرا، خێرا نیشان ئەدات، وەك ئەوەی زەمان -مان لە چەند لاپەڕەیەکی زۆر کەمدا، بۆ کەم و کورت بکاتەوە.

لەدەرفەتی باسکردنی زمانی چیرۆکەکانی تەنگانەدا، بەچاکی ئەزانم دوو سەرنجی هاوڕێی شاعیرم کاکە مارف ئاغایی بە یاد بهێنمەوە؛ کە لە باسێکی دووقۆڵیماندا بەرامبەر بەزمانی عەتا دەری‌بڕیو سەرنجەکانیش چونکە ژیرانە بوون، پێم چاك بوو باسیان بکەم:

١ ـ زمانی چیرۆکەکانی تەنگانە، لەچاو زمانی کۆمەڵە چیرۆکی زریکەدا زۆر جیاوازن، لەبەرئەوەی لە تەنگانەدا تەقەللای خەست کردنەوەیەکی چڕۆ تۆکمە لەدەربڕینی مەبەست و نیازدا دراوە. رستەکان کورتن و خێراتریش مانا بەدەستەوە ئەدەن، کە ئەمە نیشانەی بەرەو پێشەوەچوون و بەتەنگەوە هاتنی عەتایە بۆ زمان.

٢ ـ بەلاّم هێشتا شێوەی دەربڕین و بیرکردنەوەی عەتا لەزمان، لەئاستی خۆزگەکانی ئێمەدا نین؛ چونکە هەست ئەکەین ئەوەندەی پشت بە دەقی زمانی ناو دووتوێی کتێب ئەبەستێ؛ ئەوەندە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی خەڵك نین. واتە: کەرەسەکانی زمانی عەتا راستەوخۆ لە خەرمانی ناو جەماوەرەوە ناهێنرێن و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، بەڵکو هەست ئەکەین ئەو زمانەی عەتا بەکاری دێنێ، بەر لە عەتاش ئاڵوگۆریان بەسەردا هاتووە؛ کە ئەو ئاڵوگۆڕە هەندێ سنوورو پێوانە بۆ عەتا دیاری ئەکەن و سڵی ئەوەی ئەخەنە بەر، تا بە ڕەهایی‌و بەگوێرەی هەڵشێلانەوەیەکی تازە، ئاڵوگۆڕی تازەتریشیان بەسەردا نەیەت.

لەنێوان رایەڵە قایم و بەرچاوەکانی چیرۆکەکانی: بەهیوای باران، مەسخ، هێرەی وەرزی بەردبارین، چیرۆکێکی ناتەواو -دا، ئەو رایەڵەمان ئاشکراتر دێتە بەرچاو، کە پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکانە، بەجۆرێك بەکۆمەڵگاو پەیوەندیگەلی کۆمەلاّیەتییەوە بەستراونەتەوە، هەست ئەکرێ پاڵەوانەکان ئەرکی ئێجگار گەورەو ترسناکیان لە ئەستۆدایە؛ هەر لەو پاڵەوانانەوە کە نوێنەری نەریتە کۆن و دواکەوتووەکانی ناو کۆمەڵگان، تا ئەو پاڵەوانانەی لەو پەیوەندییانە یاخی ئەبن و ئەبنە نوێنەری خەون و سیستەمێکی تازەو راپەریو، واتە: هەردوو نموونەی پاڵەوانەکان، لەناوجەرگەی واقع-ی کۆمەڵگادان و هیچیان لەدەرەوەی واقع و لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا ناژین. لەنێوان ئەم دووانەشدا، گرکانێکی شاراوەو نادیار،

هەست پێئەکەین. کە عەتا هەموو خەونەکانی ئەم کۆمەڵگایەی لە هۆرەی وەرزی بەردبارین دا، خەست کردۆتەوەو ئەم رێبازە تازەیەی بۆ راتەکاندن و گۆرینی کۆمەڵگا، بەو هۆرەیەوە پێشنیار کردووە. بۆیە لەو چەند چیرۆکەدا، سێبەری ئەم پاڵەوانە نادیارە ئەبینرێو بە هەموو رێگەیەك و بەدەنگی بەرز هاوارمان لێئەکات پشتیوانی لێبکەین.

رایەڵی چیرۆکەکانی من..تۆم..خۆش..دەوێو رمزو پەیکەرێك لە قورقوشم - یش، جیهانی جیاوازی دوو مرۆڤن، کە رۆژانە چەندان نموونەیان لە نزیکمانەوە ئەبینین. ئەم دوو جیهانەی ناو ئەم دوو چیرۆکە، سەرەرای ئەوەش زۆر لە یەکتر دوورن، بەلاّم لەهەردوو چیرۆکەکەدا، دیوی شاراوەو ناوەوەی دەروونی دوو مرۆڤمان بۆ بەرجەستە ئەبن، کە شکۆی کەسایەتیو مرۆڤانی خودی ئەم دوو مرۆڤە، خۆیان هیچمان بۆ نادرکێنن، بەڵکو بەهۆی جوولانەوەو ئاکاری ئاسایی ئەم دوو مرۆڤەوە، ئەم بارە دەروونییو شاراوانەمان بۆ روون ئەبێتەوە. لەکاتێکا نهێنیەکانیش ئەوەندەی پەیوەندییە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا، رێگای بۆ وتن و درکاندن لێگرتوون، ئەوەندەش مرۆڤانەن؛ بەتایبەتی چیرۆکی من.. تۆم..خۆش..دەوێ..، کە قورسایی خەمەکەی، بەهۆی وتن و درکاندنیەوە لە چیرۆکەکەدا، کەمێك سووك ئەبیو ئۆخژنێك بە هەستی پاڵەوانەکەو ئێمەی خوێنەریش ئەبەخشێ.

چیرۆکەکانی شەو قەلاّی مێردەو لەگەڵ پەرەسێلکەداو رابوردوویەك لە ئاگردا - ش، هەریەکەیان بابەت و شێوازێکی جیا جیان. بەتایبەتی شەو قەلاّی مێردە کە لە هەردوکیان جیاوازترو تایبەت ترەو چیرۆکنووس ئەوپەری وردەکاریو هونەرییانەی خۆی لەپێکهێنانی بابەتێکی ئێجگار ئاسایی بەکارهێناوە، کەلەهەمان کاتدا ئەیتوانی بە ئەندازەی سادەیی ناوەرۆکەکەی، چنینەکەیشی سادە بکاتەوە. بەلاّم بۆ ئەوەی بتوانین بەراورد لەنێوان ئەم دەقەو ئەو دەقانەدا بکەین کە هەر ئەمجۆرە بابەتە ئاساییانە، بە وەسفی ساردوسرو دارشتنی درێژ، پر ئەکەنەوە، کە ئەگەر ئەنجامگیریی بەراوردەکەمان بۆ دەرکەوت، ئەوا ئەزانین کە جیاوازیی نێوان ئەم دوو شێوازە، جیاوازیی نێوان شێوازی دەربرینی هونەرییو شێوازی رۆژنامە ئاساییە. کە دیارە جیاوازی نێوان پەیامی ئەدەب و هونەر، لەگەڵ پەیامی رۆژنامەوانیدا، ئاسمان و رێسمانە. چونکە ئەگەر سەدان جیاوازیی لەنێوانیاندا بێت. ئەوا یەکێك لەو سەدان جیاوازییە، ئەرکی وشەیە. چونکە وشە لە ئەدەب دا،

مانای هەستکردنە بە زەمان و لە هەمان کاتیشدا دەربازبوونە لە زەمان. کەچی لە (ڕۆژنامەوانی)دا، وشە ئەرکی نووسینەوەی زەمان ـە، بەواتەیەکی: وشە لە ڕۆژنامەوانیدا ماناکەی لە روخسارێدایە. بەڵام لە ئەدەب دا، ماناکەی لە روخساری دائەماڵرێو مانای‌تر، بەدیوی ناوەوەیدا، بەناوەرۆکیا، ئەکرێ. کە بەمەش زیندەخەون بۆ قوولایی هرزو چاومان دروست ئەکات، نەك هێشتنەوەی هرزو چاومان لە زەمان ـی هەست و ئاگاییدا.

ئەگەر ئەم چەند سەرنجە خێرایەم، تایبەت بن بە سیماکانی دیوی دەرەوەی کۆمەڵە چیرۆکی تەنگانە، ئەوا یەکە یەکەی چیرۆکەکان سەربەخۆیی‌و تایبەتمەندێتی خۆیان هەیەو هەریەکەیان لەدوو توێی خۆیاندا، بەتەنیا بۆ خۆی ڕووداوێکە، کە پشکنین و دۆزینەوەی نهێنی ناو ئەو ڕووداوانە، بۆ خوێنەر خۆی ئەهێڵمەوە.

بەڵام منیش وەکو خوێنەرێك مافی ئەوەم هەیە بڵێم: دوای خوێندنەوەی تەنگانە، چیرۆکەکانی: بەهیوای باران، مەسخ، هۆرەی وەرزی بەردبارین، بەگشتی‌و بەتایبەتیش مەسخ ئێجگار سەراسیمەیان کردم.

دیسان لە سەرنجێکی گشتیدا پێش خوێنەر ئەکەوم و ئەڵێم: ئەگەر چیرۆکەکانیش هەریەکەیان بۆ خۆی جیهانێکی سەربەخۆ بێت، بەڵام بە هەمووشیان ناسنامەی عەتایان پێوە ئەبینرێو عەتاش لەگەڵ سەربەخۆیی هەر یەکێکیاندا، توانیوێتی بەدەم کۆچکردنیەو، لەجیهانی چیرۆکێکیەوە بۆ چیرۆکێکی‌تر، کەش و هەواو تایبەتمەندێتی کۆچی پێشووی (چیرۆکی پێشووی) لەخۆی دائەماڵێو بە سنعەت و بەهرەیەکی تازەوە بچێتە کۆچێکی تازەترەوە (چیرۆکێکی تازەترەوە). کەئەم دەسەڵاتە دڵخۆشکەرەیە، جگە لەوەی قەوارەی سەربەخۆی چیرۆکەکان ئەپارێزێ، لەهەمان کاتیشدا هەڵبژاردنی ناوەرۆك (بابەت)ی چیرۆکەکان، چاوقایمی‌و رچەشکاندنێکی تازەیان تێدا ئەبینرێ.

عەتاش، لەم کۆچە بەردەوام و تازانەیدا، بێ‌پشوو، ڕێگەیەکی دوورو سامناکی تاقیکرنەوەیەکی سەخت ئەبڕێو ئێمەش لەگەڵ خۆیدا، بەرەو ئەو ئاسۆ نادیارو تایبەتی خۆی ئەبات، کەبە تەقەللای درەوشاوەی عەتا، ڕووبەری جوگرافیای چیرۆکی کوردی، درەوشاوەترو بەرینتر ئەکات.

سەقز

پاییزی ١٩٩٦

مارف ئاغایی
شاعیری تەنیایی و ماڵئاوایی
محەمەد حەمە باقی

مەرگی کتوپڕو بەرودوای سێ شاعیری هەڵکەوتووی وەك سوارە ئێلخانیزادە (١٩٤٢ - ١٩٧٥)، خانم ژیلا حسەینی (١٩٦٤ - ١٩٩٦/٩/٢٤) و مارف ئاغایی (١٩٦٥ - ١٩٩٨/٢/١٩)، لەهەرەتی لاوی درەوشانەوەی شاعیرانەیانداو لەماوەی (٢٣) ساڵی رابردوودواو لەهەمان کاتیشدا بەکارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمبیل و هەرسێکیشیان لەتەمەنی (٣٣) ساڵیدا؛ ئەوەندە جێی سەرسوورمانە، ئەوەندەش کۆست و هەرەسێکی ئەدەبیی و فەرهەنگیی چاوەڕوان نەکراوە، بۆ شیعری ئەم بەشەی نیشتمان؛ کە پڕکردنەوەی جێگەی هەر یەکێکیان لەکاروانی شیعری هاوچەرخی کوردستانی ئێراندا، کارێکی ئەستەم و درێژخایەنی دەوێ..لەلایەکی تریشەوە پێناسەکردنی شیعرو شاعیرێتی هەر یەکێکیشیان، دەرفەت و مەودایەکی تری دەوێ؛ کە ئەم وتارە کورتە، تەقەللایەکی دەستپێشکارانەیە بۆ بەسەرکردنەوەی شیعری یەکێك لە دوایین جوانەمەرگی ئەم سێ کوچکە شعرییە، واتە: شیعری مارف ئاغایی..بەڵام لەکلاوڕۆژنەو بە پێودانی نەخشەی شیعری کوردی - کوردستانی ئێران.

* * *

شیعر ئاسکێکی کێوی سڵۆك و سرکەو بەئاسانی دەستەمۆ ناکرێ. بۆیە بەپێی بیروڕای زۆربەی رەخنەگرانی جیهان، باسکردنی شیعر، بەکارێکی دژوارو ناسك لەقەڵەم دەدرێ و هەر لەبەرئەمەش بە تۆبزی و زۆرەملێ، سەری پێ نەوی ناکرێ و ناچێتە ژێر رکێفی هیچ تیۆرو پێناسەو قاڵبێکی مەندو وەستاوەوە.

خۆ ئەگەر بەم سڵ و پارێزەوە، لە پێناسەی شیعری مارف ئاغایی بگەڕێین، ئەوا ئەم شاعیرە ئەو پێناسەیە هەڵدەگرێ؛ کەهەر تایبەتمەندێتی شیعرەکانی دەیخوازێ.

ئەم شاعیرە، لە جوگرافیایەکی شیعریدا چاوی ئەدەبیی کردەوە؛ کە پۆلێك شاعیری وەك: سوارە ئێلخانیزادە، فاتیحی شێخولئیسلامی (چاوە)، عەلی حەسەنیانی (هاوار)و قاسم موئەیەد زادە (هەڵۆ)، زەمینەی یاخیبوونیان لە مەرجەکانی شیعری عەرووز دەست پێکردبوو..بەڵام دەستپێکردنێکی هێواش و بێ

بەرنامەو جیاجیا، کە تیایاندا سوارە درەوشاوەترینیان بـوو.. چونکـە سـوارە، بـە هەموو مانای نوێبوونەوە، نوێبوونەوەی زۆربەی کەرەسەکانی شـیعر بـوو، کـە لـە شیعری عەرووزی کوردستانی ئێراندا، مێژووەکەی لە شاعیرانی کلاسیزمەوە دەست پێدەکات؛ تا دەگاتە سەر سـەیفولقوزات، هێمـن، هـەژارو هێـدی؛ کـە ئـەم چـوار شاعیرەی دوایی بەگشتیو بەتایبەتیش هێمن و هەژار، نوێنەرو بنەمای قونـاغێکی تازەن لە شـیعری راچـەنین و بـەرخۆدان و بـەرەنگاریو..گەرانـەوەن بـۆ سـەرچاوە روونەکانی رۆحی شیعری (خانی)و (حاجی قادری کۆیی).

لەدوای (سوارە)، (هاوار)،(چاوە)، (هەڵۆ)،چەند شەپۆل و دەستەیەکی جیاجیای تری شاعیران لەم (٢٠) ساڵەی دواییدا سەرهەڵدەدەن، کە تەمـەن و تاقیکردنـەوەو پۆلبەندیکردنی ئەم چەند شەپۆلە تێکەڵ و جیاوازە، لەتواناو کـاری ئـەم نووسـینە کورتەدا نییەو.. تەنیا وردە سەرنجی سـەرپێی لـە بارەیانـەوە بوتـرێ، ئەوەیـە کـە ئەگەر وەك ئاکام لـە دەنگدانـەوەیان ورد ببینـەوە، دەزانـین تێکرایـان جوگرافیـای بەرینی شیعری کوردی لە ئامێزیان دەگرێو لەهەمان کاتیشدا لە ئەزمون و بزاڤـی سەرتاسەری شیعری کوردستانی عـێراقیش جیـا ناکرێنـەوە.. کەلەمـەدا سـێبەری روانگە -ش بەسەریانەوەیە..بەڵام وەك سروشتی هەموو بزووتنەوەیـەکی شـیعریی، هەندێ لەم ناوانەی ئەم (٢٠) ساڵە، هەر زوو لە بەخشین و چالاکی شیعر پێشکەش کردن کەوتن و هەندێکی تریشـیان زۆر سـاردو لاواز هـەنگاو دەنێـن و هـەندێکی تریشیان هێشتا نەیانتوانیوە لەسنووری تەنگەبەری دیالیکت و بن دیالیکتی خۆیان بێنە دەرێو هەندێکی تریشیان رێچکـەی مـەیدانێکی تـری ئـەدەبیی و هونـەرییان گرتۆتەبەرو.بە پێچەوانەشەوە دەستەیەکی تریان، بـە تـەوژم و تینێکـی شـاعیرانە؛ بـەلام هێورانـەو هوشـیارانەو بـەگیانێکی لیپرسـراوانە، لـە بەخشـین و پێشکەشکردندان؛ کەمارف ئاغـایی لـەم دەسـتەیانە..جگـە لەمـەش ئەگـەر وەك جوگرافیا، سەیری ئەم چەند شەپۆلە بکەین، دەبینین ئەزموونی شـیعری ئـەم (٢٠) ساڵە، تا لەناوەندی ناوچەی موکریان نزیکتر ببینەوە، کەش وهەوای تایبەتمـەندێتی شیعری کوردیو باری ناوەرۆکی شیعر، زەقتر خۆی دەنوێنێو.. بـە پێچەوانەشـەوە، تا لەسنووری موکریانەوە بەرەو ئەردەلان بچین، باری شێوازو روخسارو نزیکبوونەوە لە پەنجەرەکانی ئەزموونی شیعری ئێستای فارسی، نزیکتر دەبینەوە.

لەنێوان ئەو دوو دەستەیەدا، کە (سوارە و مارف) تیایاندا درەوشانەوە؛ پردێکی

بەهێز، بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، ناوی: جەلال مەلەکشا -یە..کە پشووی درێـژی جـەلالی مەلەکشـا، لای هـەردوو سـەری پردەکـە، لەبــەرچاوەو هێشــتا هیــچ دەستیەکیشیان نەیانتوانیوە بەرە لەژێر پێی دەربهێنن، چونکە جەلال ئاگادارییەکی تێروتەسەلی لەسەر ڕێبازگەکانی شیعری فارسـی بەگشتیو بەتایبـەتیش مێژووی شیعری کوردی هەیە؛ کەلەم مێژووەدا بەدەنگ بانگەوازی شـیعری خـانیو حـاجی قادری کۆیی -یەوە چووەو جێپەنجـەو ڕەنگدانـەوەی شـیعری عـەبدوڵلاّ پەشـیو -ی قوتابی ئەو قوتابخانەیەی بەسەرەوەیە..

تەقـەللای دژوارو بێپشـووی مـارف ئاغـایی لـەناو بازنـەو شـەپۆلی شـیعری هاوچەرخەکانیدا، بۆ خۆجیاکردنەوەو گەڕان بــەدوای شـوێن پێـی خۆدۆزینـەوەیدا، تینوێتیو پەژارەیەکی بێئۆقرەو بزۆزیدابــوو بـە مـارف، بـەجۆرێك کردبـووی بـە جوانوویەکی هەمیشە یاخیو تینــوو، لـەبیابانێکی قـاقڕو نادیـاردا، کـە هـەموو دەوروبەری خۆی بــە تراویلکەیـەکی بێسـنوور دەزانـی.. حـەزی نـەدەکرد بەسـەر لاپەرەکانی مێـژووی چـەندان بـارەوەبووی خۆیـدا، غارغـارێن بکـات.. لەهـەموو مێژووی خۆی تووڕەو دردۆنـگ بـوو.. خـۆی دەدرانـدو دیسـانەوە ئـەزموونی خـۆ نووسینەوەیەکی تری دەکرد.. لەماوەی ئـەم (١٠) سـاڵەی دوایـی تەمـەنیدا، کـە شیعر خۆراکی ڕۆحــی بـوو، چەند جـارێك کۆمەڵـە شـیعرەکەی خـۆی بـۆ چـاپ کۆکردەوە..لەهەموو کۆکردنەوەیەکیدا، چەندان شیعری لیّ هـەڵدەبواردو..شـادمان بـوو کـە زوو چـاپی نـەکردن..سـاڵی (١٩٩٤ز) بـۆ جـارێکیتر بـەناوی (پــردی برووسکە)ی کۆکــردەوەو ودمــی لـەچاپدانی وەرگـرت و ئـەمجارەش هـەر پەرۆشـی لەچاپدانیان نەبوو..

تا سەرەتای ساڵی(١٩٩٨ز) کە لەسەر تکای من و کاکـە موحسـینی خـالیدی هاوڕێ شاعیرو هاوکاری، ســەر لـەنوێ دەسـتی تێوەردانـەوەو هـەندێکی تریـانی هەڵپرتاونەوەو ئەمجارەیان ناوەکەیشی گۆڕیو کـردی بـە:(زەوی سـەخت و ئاسمـان دوور) ... ئەو ڕۆژانەی ئەم کۆمەڵە شیعرەی ئامادەی چـاپ دەکـرد، قەسـیدەیەکی درێژ هێشتا تەواونەکراویشی بەدەستەوە بوو، بریتی بوو لەباری سەرنجی شاعیرانەی خۆی، بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئێستای نیشتمانەکەی... دوو شەو بەر لە مـەرگی، لە ماڵی خۆیان لە ورمێ، بۆمی خوێندەوە... لەو قەسیدەیەش نابەدڵ بـوو...حـەزی دەکرد زۆرتر لە گەڵیدا بژی و گینگل بـدات و دەسـتکاری زۆرتـری بکاتـەوە.. بـە

جۆرێك تا ئەندازەی ئەوەی حەزی دەکرد لەو شیعرەدا بکەوێتە بەر مێژووی ئێستای نیشتمانەکەی... چونکە من پێم وایە: شـعری گـەورە، لـە جیـاتی ئـەوەی مێـژوو بەجێی بهێڵێ، خۆی مێژوو بە جێدەهێڵێ... تەنانەت بە هۆی بزووتنەوەی ئەفراندن و داهێنانییەوە، بزووتنەوەی مێژوو دروست دەکات... لەبەر ئەوە ئەو جۆرە شـیعرە گەورانە، لە جیاتی ئەوەی رووداوێك بۆ ئێمـە بگێرنـەوە، خۆیـان دەبنـە رووداو... خۆیان دەبنەکارەسات... هەربۆیە لە جیاتی ئەوەی لە رابووردووەوە قسە بۆ ئێمـە بکەن، لە داهاتووەوە بۆمان دەدوێن... لە مجۆرە شیعرە گەورانەدا - کە خۆیان دەبنە مێژوو- ، ئاسایی دەچێتە کەنارو داهێنان و ئەفراندنی نویٚ دێتە ئاراوە، بۆیـە لـە جیاتی زمانی مێژوو، زمانی شیعر دێتـە گـۆ... کـە لـەم لەدایکبوونـە نوێیـەدا، زمانی شیعر، زمـانی شـیعراندن و هونـەراندنی مێـژووە... زمـانی چڕکردنـەوەی تێڕوانینە... زمانی رووبەڕووبوونـەوەی گـەردوونو نهێنییەکانـە... چونکـە زمـانی شیعر، بەپێچەوانەی بوارەکانی تری ئەدەب، زمـانی نوێکردنـەوە توانـاو مـەودای واژەیە... لە کاتێکدا زمان لە بەشکانی تری ئەدەبدا، بۆ گـەیاندنو روونکردنـەوەی مەبەستو پەیامی نووسەرەکە، بەکار دێت... کە بەمەش زمـان، وەك سـووتەمەنی لێدێت... واتە: وەك چۆن نەوت، بەنیازی رووناکاییو گەرمکردنـەوە، بـەکار دێـت، زمانیش لە بوارەکاتی تری ئـەدەبدا، هەرتـەنیا بۆگـەیاندنی پـەیام و مەبەسـتەکە بەکار دێت... بۆیە دوای گەیاندنی مەبەسـتەکە، زمانەکـەش لـەناو نووسـینەکەدا دوایی دێت... بەڵام لە شیعردا، زمان لەو کاتەوە مانای بەبەردا دەکرێـت، کـە لـە بناغەو هەڵچنینی شیعردا بەکار دێت...

هەر لە بەرئەمەیە، کە لەزمانی خواستەمەنیو ئامرازەکانی شیعری مـارف ورد دەبینەوە، هەست دەکەین بەدوای کۆمەڵە کەرەسەیەکدا دەگەڕێ، جیاوازتربێت لـە کەشو هـەوای شـیعری هاوڕێکـانی... چونکـە دەیزانـی کەشـو هـەوای شـیعری هاوڕێکانی، جگە لەوەی زۆربەیان لاسایی یەکتر دەکەنـەوە، لـە هـەمان کاتیشـدا زۆربەیان گیرۆدەی سێبەری هەندێ لووتکەی شیعرو ئەزموونی شاعیرانی تـرن، کـە تۆێژاڵێکی تـەنکی رۆمانسـییانە، کۆیـان دەکاتـەوە... لـەم مەیدانـەدا تەقـەللای مارف، تەقەللایەکی چەند لایەنەو تەنگوچەڵـەماوی بـوو... تـابتوانێت خـۆی لـەو هەموو میراتە ئیقلیمگیرە دەرباز بکات... بەتایبەتیش خۆ دەربازگردن لە جێپەنجەو سێبەری لووتکەی شیعریی... کە ئەم میراتەیان لە مێژووی شیعری هەموو گـەلانی

دنیـادا، تادەرنگـانێ بەسـەر ئـەزموون و مێـژووی شـیعری نـەوەکانی دواتـــرەوە جێدەمێنێ... وەك چۆن بۆن و بەرامەو هەوێنی شیعری دیالیکتی گۆران بەگشـتیو بەتایبەتیش شیعری (مەولەی تاوەگۆزی)، بەسەر شـیعری (پیرەمێرد)و عـەبدوڵڵا گۆران-ەوە دیارە، هەر بەو جۆرەش رەنگدانـەوەی شـیعری حـاجی قـادری کۆیـیو پیرەمێردو (عـەبدوڵلاّ گۆران)یش، بەسەر ئەم قۆناغەی شـعری کوردیـیەوە دیـارەو هێشتا خۆ رزگارکردن لە سـێبەری ئـەو چـەند لووتکـە بڵنـدە، رەنجـو نەسـرەوتنی زۆرتری دەوێ، کە مارف ئاغایی، بە ئاگاداربیەکی زۆرەوە لە گەنجینیەو ئەزموونی قوناغەکانی شیعری دەروانیو بەندی زۆری لێوەردەگرتن... بەلاّم بەو مانایە نا، کـە لەم ئەزموونی(١٠) سال شیعر نووسینەیدا توانێبێتی شەقلو مۆرکێکـی تایبـەت و جیاواز، بۆ دەنگ و رەنگی خۆی پێکەوە بنیو ئۆخژنی هاتبێ... بـەڵکو گـەڕان و سۆراخ و یشکنینی بێ ئارام و نەپساوی لەم پێناوەدا، توانیبـووی سـەرەنجی شـیعر دۆستانی خۆی، بـەرەو ئـەوە بـۆلای خـۆی رابکێشـێ، کـە ئـاورِ لـە تەقەللاکـەی بدەنـەوە... بەتایبـەتیش کورتکردنـەوەو چڕکردنـەوەی زمـانی شـیعری مـارف، دیارەدیـەکی ئاشـکراو بـەرچاوی تەقـەللاکانێتی، کەدەیـــەوێ بەکـەمترین واژەو کورتترین رستەو دەربرین، فراوانـترین روانینـی خۆیـان پـێ بڵێـت: کـە سـەرتاپای روانینەکانی بریتی‌یە لە خوێندنەوەیەکی دووبارەی مێژووی خۆیو.. لەم مێژووەشدا تەنیایی خۆی لەناو بازنەبەکی گـەمارۆدراوی چەقبەستوودا دەبینـیً: کـە گیـانی بـەرگریو دەربـازبوون لـەو بازنەیـە: رۆحێکـی هەمیشـە سـەنگەرگرتووی تێـدا دروستکردووەو..لەبەرامبەریشیدا، ئەوانەی گەمارۆیان داوە، هەمیشە وای نیشـان دەدەن کۀ گیانلەبەرێکی تەنیاو تەریك و سەرچلٚ و یاخیو دوورە ژیـار و دەرکـراوی مێژووە:

تەنیاترین مرۆڤی نێو قەزەباڵغی ئەم دونیایەم
بـــاسی رۆحـــم دەکـــــم رۆحـــــم
بێکەســـــترین لـەدایکبووی سەر ئەم خاکەم
دە بــــەس قـاقـــــام بۆ بکێشـــــە
بـــاسی شـــیعرم دەکەم شیـــــعرم

(ناسنامە)

لـــــــــــــهم مـــــــێژووه پـــــڕ دووكـــــــهلـــــه
چۆن دووكەڵی مـــــــاڵ سووتان و تۆپباران و كیمیاباران
لـــــــــهنێو ئـــــــــــــهم رووبــــــــاره ڵـــــێڵه
چلۆن ئاو و فرمێسك و خوێـــــــــن، لەیەك جیا دەكەیتەوە؟
تۆ، لـــــــــــهنێو خەمنی ژیـــــــان دا دەخولـــــــــێنێتەوە

(خەون)

مێژوومان شیعرێكە: لە هەوەڵ بۆ ئاخر، لە ئاخر بۆ هەوەڵ
خوێندنەوەی هەریەكە
مێژوومان دەســـــــتێكە، دەیـــــــان جار، لەیەك كون،
مار پێوەی وەداوە

ڕێبـــواری نێو مژێكی خەستەو..
دەیان جار هەر دەوری خۆی داوە

(سەفەری مەرگ و ژین)

بەڵام مارف، مێژووی خۆی بە دیدێكی شارستانییانە دەخوێنێتـــەوەو هـــەر بـــەو دیدەشەوەە لەسەرەتاو قووڵایی مێژووەوە گوێ لــە بانگـــەوازی مرۆڤـــی ئەشـــكەوت نشینی نیشتمانەكەی خۆی دەگرێ؛ تا دەگاتە مێژووی ئەم رۆژگــــارەی، كـــە لەســـەر شەقامی قیرتاو و سالۆنی كۆبوونەوەی فەرهەنگی جیاجیـــای گـــەلان و نەتـــەوەكانی دنیاوە، قسەی نوێو بیری نوێـــی مرۆڤدۆســـتانەی گەلەكـــەی، بـــەتواناو ئیرادەیـــەكی پتەوەوە، بۆ گەلانی دنیا بـــاس بكـــات و لـــە هـــەموو باسكردنیشـــیدا بیـــەوێ ئـــەم پەیامەی بـــە هونـــەری شـــیعر دەربخـــات نـــەك بەقســـەی رووت و دروشـــمی سیاســـیو پارانەوەو لالآنەوەی رۆمانسییانە، كە بۆتە سیماو رواڵەتێكی زۆرینەی شیعری ئـــەم سەردەمە.. هەرچەندە من پێم وایە هـــەوێنی رۆمانســـییانە، لەهـــەموو شـــیعرێكی گەورەدا هەیە؛ بەڵام پارانەوەو كڕووزانەوە، لەناو شیعری رۆمانسییانەدا، نیشـــانەی بێتواناییو تێشكان و هەرەسهێنانی ورەی مرۆڤە، لەبەردەم چارەنووسی خۆیدا، كە ئەگەریش مرۆڤایەتی ئاورێك لەو جۆرە كرووزانەوانە بدەنەوە یـــان گوێـــی لێبگـــرن، هەر بەتەنیا بەگیانی بەزەییو سۆزەوە لایەكی لێدەكەنەوە.. كەئەمـــەش ئـــەوەندەی

تۆسقاڵێك چارەسەری بنچینەیی چارەنووس و کێشەی ڕەواو خوازیـارە مرۆییـەکانی ناکات.. بەڵام ئەگەر شیعری مارف توێژاڵێکی تەنکی ڕۆمانسییانەش لـە ئـامێزی گرتبن؛ لەهەمان کاتدا سیماو ڕەگەزەکانی شیعری مارف، ڕاچـەنین و بـەرخۆدانێکی تایبـەتییان تێدایـەو نایانـەوێ لاسـاییو چاولێکـەریی سـەرومڕی ئـەم سـیما گشـتییانەبن، کـە زۆرینـەی شـیعری دەوروبەرەکـەی دەرژێنێتـە یـەك ڕووبـاری هاوبەشەوە؛ بەڵکو تەقەللایەکی بۆ مەلەکردن بە پێچەوانەی ڕەوتی ئـەو ڕووبـارە.. تەقەللایەکـە بـۆ جیابوونـەوە لـە کـاروان و سـەرپێچکردنی مەرجـەکانی خێـڵ.. تەقەللایەکە بۆ گۆرانیچرین بەتەنیا؛ نەك لەناو دەستەو کۆرسـێکدا.. کـە مـارف ئاغایی بەوپەری دڵنیاییو هۆشیارییەوە دەیزانـێ ئـەم تەقەللایـە، بـەرەو تـەنیاو دابرانی دەبات و لەهەموو قووڵایی هەستیەوە، هەستی بەتەنیایی دەکرد:

شەوەکانم پڕن لە تەنیایی من و بێ تۆیی تۆ
ئەوە چراکەم کوژاندەوە، چاوم وێك نا، هەموو دنیام فەرامۆش کرد، ئەوە خەوتم
بەڵام چ بکەم، خۆ هـــەر شـــەونا
خەوەکانم پڕن لەتەنیایی من وبێتۆیی تۆ

(بێتۆیی)

چەند ســـاڵێکە دیوانم پڕە لەشیعرو
هیچ خوێنەرێـك نـــادۆزمـــەوە
کە فرمێسك و ئاواز وشیعرم جێبێڵـم

(تەنیـا)

لەتەنیایی بەربەرین و بێبڕانەوەی ڕۆحی خۆمدا دەتلێمەوە
هیچ کەس نییە خەونەکانم بڕوا بکاو
من دەترسێم

(تـەرزە)

دایە، دایە سەر هەڵدەگرم
مەڵێ: بۆ کوێ؟
سەرهەڵگرتن شوێنێکی تایبەتی نییە
هەر دێمەوە.. مەڵێ: کەنگێ؟
گەڕانەوە.. کاتێکی تایبەتی نییە

(تینوو)

خەونـــــەکـــــانم ونیـان کردووم
ڕۆحێکی سەرگەردانم و چـاوەڕوانم
کە یا خنکان و یـــــــا سووتان
بە بڵێسە... یا بە شـەپۆلم بسپێرن.

(ونبوو)

ئـەم گیـانی تەنیاییـەی شـاعیر، کەلـە ئاکـامی هـەڵوەدایی و گـەران بـەدوای ناسنامەیەکی تایبەتی و جیاوازدا، لەبەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بـەرای مـن، ترس و گومانێکە، کەلە نەستی شاعیردا دروست بـووە.. ئـەم تـرس و گومانـەش بەرئەنجامی ئەندازەو ڕادەی وەرو بوێرییی شاعیرە؛ بۆ جێهێشتن و تێپـەڕاندنی ئـەو سـنووری کـەش و هەوایـەی، شـیعری سـەردەم و ئـەو شـەپۆلە شـیعرییەی لەئامێزگرتووە؛ کە ئەم شاعیرەی تێدا دەژی..واتە: شاعیر چـەند دەیـەوێ لەیاسـاو تایبەتمەندییە گشـتییەکانی شیعری دەوروبـەری یـاخی بێـت و دوور بکەوێتـەوە ؛ ئەوەندەش هەست بە تەنیایی و تـرس و گومـان دەکـات.. وەك ئەوانـەی دەیانـەوێ لەزیندان هەڵبێن، یان ئەوانەی دەیانەوێ لەیاســاو نـەریتی خێـڵ یـاخی بـن، یـان ئەوانـەی دەیانـەوێ لـەکاروان دوور بکەونـەوە.. کەبـەدەم دوورکەوتنەوەیانـــەوە، بانگەوازو هەرەشەیەکی نـهێتی و شـاراوە، لـەقووڵایی ڕۆحیـاندا ئابڵوقـەی داون و بانگیان دەکاتەوە، بۆ گەرانـەوە بـۆ ئـامێزی ئـەو کۆمەڵـە پیوەنـدی و بیرەوەری و پاشخانە فەرهەنگییەی پێی پەروەردە بوون؛ کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئـەم دیاردەیـە لـە ئـەدەب و هونـەرو بوارەکـانی تـری کۆمەڵایـەتیدا، بەئـەنجام و دەرهاویشتەی ڕەنگدانەوەو جێپەنجەی مـیرات و کولتـوورو فەرهـەنگ و نـەوەکانی پێشووتر بوون لەسەر یەکتری.. یان بەواتەیەکی‌تر: هەموویان بەرودوا لـەمنداڵدانی پێشینەی یەکتریدا لەدایك بوون..بۆیە کاتێکیش بە شـاعیرێك دەوترێـت: خـاوەنی دەنگی تایبەت بە خۆیەتی؛ بەڵام لەهەمان کاتیشدا هێشتا هەموو لایەنەکانی ئـەو دەنگە تایبەتەی، تایبەت نابێت و بەداهێنان و توانای ئەو سـاتەوەختە خێرایانـەی ئەو شاعیری، شیعریان تێدا دەنووسی..بەڵکو پێبزانێ، یـان نـەزانێ، بیـەوێ، یـان نەیەوێ؛ زەبرو ڕەنگدانـەوەی چـەندان ئـەزموون و کەلـەپووری چـەندان سـەردەم و فەرهـەنگی پێشـینەی خۆیـەتی؛ کەلەنەسـتی شـاعیردا، کەڵەکـەبوون و لەسـاتە

بروسکەییەکانی ئیلهام و لەدایك بوونی بەرهەمەکانیدا، بەشێوەی نادیارو شاراوە، دەرژێنە داهێنانەکانییەوە.. چونکە ئەدەب و هونەر، بەرینایی کۆمەڵە هەڵکشانێکی ئاسۆییە، لەگەڵ ناخی مرۆڤ هاوتەریب، بەرێدەکەوێ‌و هەرگیز لەهیچ سەردەمێکدا دابڕانی تێناکەوێ‌و قوناغی لێنابێتەوە.. لەبەر ئەوەی هەرچی ئەو قوناغ و دابران و دەستەبەند بکردنانەی دروستکراون، رەخنەو دەقی رەخنەیی دروستی کردوون.. بۆیە بۆ وێنە: کاتێ بە شاعیرێکی گەورەی وەك عەبدوللا گۆران دەڵێین: شاعیرێکی نوێخوازەو..لەسەرومری کەرەسەکانی نوێخوازییەکەی ورد دەبینەوە؛ سەرنج دەدەین سەرەرای ئەو هەموو دەسەلاتە مەزن و ئاگادارییەی لەسەر شیعری تازەی ئەوروپا و گەلانیدراوسێ‌و یاخیبوونە جوان و گەورەیەی (گۆران) لەبەرامبەر کۆت و پێوەندەکانی شیعری پێشینەی خۆیدا ئەنجامی داوە..کەچی هێشتا دەیان مەرج و مۆرك و یاساگەلی شاعیرانی پێش خۆی‌و بەتایبەتیش شاعیرانی دیالیکتی (گۆران)، بەسەرجەمی شیعرەکانییەوە ماون و..لەسەروو هەموشیانەوە: کۆت و پێوەندی کێش وسەروا ی سەدان ساڵەی شیعر، کە ئەگەرچیش (هەندێ) لەو وەزنانەی (گۆران) بەکاری هێناوەن، بنەچەکەیان کوردییە، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا هەر بریتین لەو کۆمەڵە مەرج و رێسایەی لەدیرزەمانەوە ، لە ئەستۆی شیعر بار کراون.. بۆیە گۆران بۆ گوێرایەڵی و پەیرەو کردنی کێش و سەروا، قوربانی داوە بە زۆر کێشەی گەورەتر لە کێش و سەرواو..تەنانەی ئەوەندەی پابەندی کێش وسەروایە، ئەوەندە دەربەستی ناوەرۆك نییە. بۆیە لەزۆر شیعردا، ئەگەر (کێش وقافیە)ی لێ بسێنینەوە، هیچی پێنامێنێ..لەکاتێکدا وەك دەزانین گەوهەری شیعر، بریتی نییە لە کێش و سەروا..بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێك شتی قووڵترو مەزنتر لە کێش و سەروا.. بەتایبەتیش روانینی تازە بۆ ژیان و ئازادی‌و تەقاندنەوەی ماناو مەودای تازە بۆ واژەو وروژاندنی کێشە بنچینەییەکانی مرۆڤی سەردەم بەگشتی...

خۆ ئەگەر قۆناغی دوای (گۆران)یش، وردە تەقەللای تریان دابێت بۆ ئازادکردنی شیعر، لە کۆت و پێوەندی کێش و سەروا، بەلاّم هێشتا کێش-وەزن، بارێکی گرانی جەستەی شیعری کوردییەو شەرومڕی شاعیرانی ئێستا، گیرۆدەی ئەم مەرجە ئەفسانەییەن و... ئەو شەپۆلە شاعیرەش کە (مارف) تیایاندا دەبینرێ، هێشتا ئەم تەلسیمەیان پێ نەشکاوە... لە کاتێکدا نزیکەی (١٥٠) ساڵ بەر لە

رازەگرنگ

ئێستا، شاعیرانی وەك : شارل بۆدلێر (١٨٢١- ١٨٦٧ز) لە فەرنساو والت وایتمان (١٨١٩- ١٨٩٢ز) لە ئەمەریکا، سنووری نێوان شیعری کێشدارو پەخشانیان بەزاند... چونکە کێش یەکێکە لە مەرجەکانی نەزم، نەك شیعر... لە بەر ئەوەی کێش ؛ چەند بریتییە لە مەرج، ئەوەندەش مەرجێکی ئاسایی و ئامادە و چاوەروانکراوە... لەکاتێکدا گەوهەری شێعر کێش ناخوازێ؛ واتە: کێشێکی دیاریکراو ناخوازێ... بەڵکو جۆرە مۆسیقایەك دەخوازێ، کە لە هەناوی ئاهەنگ و چرپی شیعرەکەوە ، زۆر سرووشتییانە هەڵدەقولێت ... بۆیە ئەوانەی پێیان وایە: شیعر، بێ‌کێش نابێ، ئەوانە شیعر، لە نەزم نزیك دەخەنەوە، چونکە هەر نەزم،بێ‌کێش نانووسرێ..ئەمە جگە لەوەی کە کێش کۆمەڵە ئەندازەو پێوانەی پێشتر ئامادەکراوەو هەموو کەسێك (ئەگەر شاعیریش نەبن) دەتوانن فێری بن..بەڵام ئەو مۆسیقا شاراوەو نادیارەی لەشیعری ئازاددا پێی ئەوترێ: ریتم (Rhythm)، و (عەبدوللا گۆران) ناوی ناوە:(ترپە) دەسەڵاتی داهێنەرانەی شیعر، دروستی دەکات و هەموو کەس فێری نابێت.. لەبەرئەوەی بەرای من، یاخیبوون لەکێش ئازایەتیو هونەری زۆرتر ی گەرەکە، لەوەی چەند کێشێکی پێشتر ئامادەکراو، ببنە کەرەسەی شیعر! کە ئەمەش وەك ئەوە وایە بڵێین: کێش کەرەسەیەکی ئامادەیە، شاعیر لەکاتی شیعر نووسیندا پەنای بۆ دەبات..کەچی ریتم، ئەو کەرەسەیەیە؛ کەلەگەڵ لەدایکبوونی شیعرەکەدا، دروست دەکرێ. واتە کێش، ئامرازو خواستەمەنییەکە، لەدەرەوەی شیعرەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناوەوەی شیعرەکە..بەڵام ریتم لەناخی شیعرەکەوە لەدایك دەبێ..لەدایك بوونەکەیشی بەگوێرەی باری دەروونی شاعیرەکەو شێوەی هەڵچنینی پیت و واژەو رستەوە لەدایك دەبێ.. بۆیە شیعری ئازاد، ریتمی گەرەکە، نەك کێش.. کە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ هەرکەس لە کیش یاخی بێت، دەتوانێ شیعر بنووسێ! هەروەك چۆن هەرکەس شارەزای کێش بێت، ناتوانێ شیعر بنووسێت..هەر لەبەر ئەمەشە، زۆرجار لە گریانێکی قووڵ و راستەقینەدا، هەوێنی شیعر دەبینرێ..یان هەندێجار ئەوەندەی لەنامەیەکدا، شیعر هەیە، لە شیعرێکی کێشداردا نییە..وەك نموونەی پێشەکی (تاریك و روون)ی شاعیری گەل، مامۆستا هێمن، کە ئەوەندەی شیعر لەو پێشەکییەدا هەیە؛ ئەوەندە شیعر، لە شیعرەکانی سەرەتای شاعیرێتی (هێمن)دا نییە.

ئەگەر لەم بوارەدا، شاعیرانی دوای شەپۆلەکەی مارف، بوێرانە هەندێ تەقەللایان لەم مەیدانەدا دابێت، بۆ خۆرزگارکردن لە سام و بیمی کێش؛ بەلاّم هاوکات هەست دەکرێ ئەم شەپۆلەی دواییش، دەسەلاّتی بوێرانەی بەسەر لایەنی (زمان)دا، هێشتا لاوازەو هێشتا چاوەروانی کەمیان لێدەکرێ؛ بۆ خۆرزگارکردن لەو زمانە دەقگرتووە؛ چەقبەستووە؛ باوەی لەسەردەمی (گۆران)و (پیرەمێرد)ەوە تا ئێستا، خەریکە بلێم: لە ناسنامەیەکی گشتی و ئیقلیمگیری هەموویان دەچێ.

ئەم ئاکامە گشتیانەی شیعری کوردی ئێستا؛ ئەوەمان لا گەلاّلە دەکەن بلێین: ئەگەر ئەو هەندە تەقەللا کەم و دەگمەنانەی (لەچاو ژمارەی زۆری شاعیراندا) لەم چل - پەنجا ساڵەی دواییدا، وەك بارانێکی بەهارانەی شیعری کوردی بن؛ ئەوا دەسەلاّتی دەنگ و رەنگ و رەگەزەکانی قۆناغی (گۆران)، هێشتا وەك پەلکەزێرینەیەکی بەربلاّوی ئاسمانی ئەو بارانە شیعرانەن.. کە ئەگەر جیاوازیی لەنێوان قۆناغی (گۆران)و تەقەللاکانی دوای (گۆران)دا بەراورد بکەین، دەبینین دیارترین و ئاشکراترینی ئەم جیاوازییانە، لایەنی (زمان)ە، کە ماناو مەودای (واژە)، لە قوناغی (گۆران)دا، (واژە) هەر ئەو مانا سادەو باوەی هەیە، کە لە دێرزەمانەوە لە فەرهەنگ -قامووس دا هەیە..لەکاتێکدا لە تەقەللاکانی دوای قوناغی گۆران-دا، تێکۆشان بۆ پشکنین و دۆزینەوەی مانای چەندین لایەنەو توانای دەربرینی تازەی (واژە) دەدرێ.. بە واتەیەکی تر: ئەزموونی ئێستای شیعری کوردی ئەم (٢٠) ساڵە، وەك ئەو رووبارە درێژانەیە، تاڤگەو گێژەنیان زۆر کەم بێت.. شیعری کوردی ئێستاش، ئەزموونێکی لەیەکچووی یەکپارچەیە، کە راچەنین و بوومەلەرزەو گڕکانی تاقیکرنەوەی نوێو دەگمەنی کەم تێدایە، تامێژووی ئەم ئەزموونە، لەیەکتری دابڕێو قۆناغی نوێ دروست بکات.. چونکە کە دەلێین: قۆناغ، واتە مەبەستمان ئەوەیە دابرانی ئاشکراو بەرچاو لەو ئەزموونەدا هەبێت؛ لەکاتێکدا دابران، بەمانای تێپەراندن و جێهێشتنی قۆناغ و سەردەمێك، لەهەموو فەرهەنگ و دیدو تیۆرێکەوە؛ کە ئیتر ئەو ئەزموونە نەگەرێتەوە سەر هیچ یەکێك لەو شتانەو پێویستی پێیان نەبێت..یان روونتر بلێین: دەبێ ئەو ئەزموونە، لە سەرجەمی سیستەمی پێوەندیگەلی کۆمەلاّیەتی دابڕێت و پاشخان و سەرخانی فەرهەنگی کۆمەلاّیەتی بخاتە ئەولاوە.. کە بە پێچەوانەی ئەمەوە: ئەدەب بە گشتیو شیعر بە تایبەتی، دەرئەنجامی خرۆشان و هەلّچوونە زۆر دژوارو

سەختەکانی ناخ وهەناوی مرۆڤە؛ کەناخی مرۆڤیش هەمیشەو هەمیشە، شانازی بەو سەروەریو رووداوگەلە مەزن و دەگمەنانەوە دەکات، کە لەمێژینەی خۆیدا، بەهایان پیرۆزەو یادگاری مەزنن.. لەسەروو ئەمانەشەوە، ئەدەب و هونەر دابراو نین لە رەنگدانەوەی گوتاری سیاسی؛ کە گوتاری سیاسی کوردی، لەم چل - پەنجا ساڵەی دواییدا گۆرانکاریو (دابران)ی تازەی لە مێژووی خۆیدا دروست نەکردووە.. بۆیە هەر بەم پێودانەش لەم چل - پەنجا ساڵەی دواییدا، تێپەراندن و جێهێشتن و دابرانێکی سەرتاسەری زۆر کەم لە شیعری کوردیدا بەدی دەکرێ.. تەنیا ئەوەندە هەیە کە شیعری ئێستای کوردی (جگە لەگۆرانکاری لەبوار زماندا)، تامەودایەکی کەمیش بێبەریو دابراو نییە لە حەزو خۆزگەو خەیاڵی سەردەمی نوێ..و ئەمانەیشی هەر لە روخساردا نیشان داوە، نەك لە دیدو روانیندا..کەئەمەش رێسای هەموو کولتووری دنیایەو ئەو لووتکە بەرزو نەمرانەش، کە لە ئەدەبی دنیادا هەڵکەوتوون زۆربەیان شێوازو ئامرازی تازەی دەربرینیان داهێناوە؛ نەك ناوەرۆکی تازە، کە هەر بۆ وێنە دەڵێین: رۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)ی گابریل گارسیا مارکیز، سۆنگەی ناوبانگەکەی لەوەدایە کە بە تازەترین شێوازو خوازە، قوولترین رەگ و ریشەی خۆی لەناو کۆنترین میتۆدی گەلەکەیدا دۆزییەوە..یان (عەبدوللا گۆران)، بەتازەترین شێوازو خوازەی نوێ، قوولترین رەگی خۆی لەناو مێژووی شیعری دیالیکتی (گۆران) بەگشتیو بەتایبەتیش لەشیعری (مەولەوی تاوەگۆزی)دا دۆزییەوە.. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، ئەوەندەی گەرانەوەیە بۆ مێژوو؛ ئەوەندەش تەقەللای خۆرزگارکردنە لە کۆت و پێوەندی مێژوو.. یان زاخاو دانەوەو ئارایشتکردنەوەی مێژووی کۆنە، بە شێوازێکی تازە.. کە لەمجۆرە داهێنانەدا، خوێنەر زۆر درەنگ و بەدژواری هەست بە پردی نێوان ئێستاو دوێنێ دەکات؛ یان هەر ناتوانێ بیکات، چونکە ناتوانێ بەراورد لەنێوان دەقێکی ئێستاو دەقێکی رابووردوودا بکات؛ بە تایبەتیش ئەگەر ئەو دەقە دەقی نەتەوەیەکی جیاواز بێت؛ کە خاوەنی میتۆدو کولتووری جیاوازن. لەبەرئەوەی ئەمجۆرە داهێنانە، دەرئەنجامی هەڵتەکاندن و رووخاندنی داروپەردووی رۆح و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی رۆحە؛ بەرۆح وخەونی تازە.. کە مخابن، شیعری کوردی، زۆرکەم ودەگمەن توخنی میتۆدو فۆلکلۆر ومۆسیقیو بەیت و مێژووی پێوەندی کۆمەلآیەتی کوردی کەوتووەو لەم بوارەشدا بە پێچەوانەی ئەوەی ئەو شتانەی

رابوردووی خۆی لە ئێستادا بخوێنێتەوەو دووبارە لێیان تێپەڕێنیّو دابـبرێ.. کـەچی لەبەردەمیاندا دۆش داماوە..!.. هۆیەکەیشی ئەوەیە، کە زۆرکەم ئاگاداری میتۆدو کەلەپووری دێرینەی خۆیەتی، بۆیـەش نـاتوانیّ بـە شـێوازی ئێسـتا، ئارایشـتیان بکاتەوە!.. کە ئەمـەش مایـەی هێشتنەوەی شـیعری کـوردی ئـەم سـەردەمەیە، بەهـەمان کەرەسـەو ئـامرازی قۆنـاغی (گـۆران)ەوە، بـەلاّم بەهـەندیّ جیـاوازی بەرچاوەوە، کەوەك وتمان دیارترینیان لایـەنی (زمـان)ەو..خۆشـبەختانەش لـەبواری باسکردنی (زمان)دا، دەبیّ بلێم: مارف تەقەللای بوێرانەو جیاوازی هەیـەو ئەگـەر بەوردی سەرنج لە شیعرەکورتەکانی بدەین، هەست دەکەین دەیەویّ بە کورتـترین و چڕترین واژەو وێنە، مانای قوولّ و رەمزاویمان پیّ بلێت..

دیاردەیەکی تری شیعری مـارف، بابـەتی (مـردن)ە، کـەوەك تـەم و تارایـەکی تەنك، بەسەر زۆربەی شیعرەکانیەوە دەبینرێن؛ لەو نموونانە:

بەروالّەت: گەنجی گەنج
بەدەروون: پـــیری پیر
دەترسێم زۆر زووتر ناچاربم، دەروونم
لەم دیوی روالّەتم بنێژم
(چارەنووس)

بارانی مردن
لەدەوروبەرم بەخوڕ دەباریّ
–باری زەمان بەلەز، لەبەری هەلّدیّ
((بەباو بەباران، هەر عومری بەفر کەم دەبێتەوە
(تەنگەبەر)
لەسەر تەختی وەرزێکی زەرد دادەنیشیّ میری پایز!
ئا..ی چ پایزێکی ناوەخت
(روودا و)

شین، زەرد وسپی
رەنگی تەمەنی یەکسالّەی سرووشت
منالّ، لاوو پیر
رەنگی تەمەنی یەکجاری مرۆڤ

ئا..ی لەکوێی، لەکوێی: تازەبوونەوە!

(قۆنــــاغ)

سووتان. لەمێژبوو بەدواتدا وێڵ بووم
تۆش ئەی خۆڵەمێش
چ ڕۆژگارێکە شوێنت هەڵگرتووم!

(بەرئاگردان)

ئەمەکێ بوو
بەردی گرتە ئاوێنەی نێوچاوانی من
چرژی تێخست؟
ئەوە کەنگێ وەرز گۆرا
تووکیسەرم، لەداری بەژنم هەڵوەری، گەڵا، گەڵا
ئەوە لەکوێ، زەریا دڵی وەکوڵ هات و
لێرە، هەور، بەسەر باڵای مناگریا؟

(پرسیــار)

کە دەستی دار، یەك یەك گەڵاکانی وەری
کە ئاسمان، کلوو..کلوو بەفر لەچاوی هەڵوەری
منیش لێرە، لەتەنیایی ژوورەکەما
تار تار مووی‌سەرم هەڵوەری

(هاودەردی)

چاوم بەدەشتی قاقڕ هەڵنایە
خوێنم پێشکەشتان
ساڵی داهاتوو ڕۆحم دەنێرم، بۆ باخەوانی گوڵزاری لالە

* * *

لەودیوی پەنجەرەکەدا:
چنارێکی گەڵا وەریو هەڵدەلەرزێ
بایەکی سڕی پاییزی لەپێش چاوی گەڵاکانی
نوقمی گەردەلوولی دەکا
لەمدیوی پەنجەرەکەدا:

کەسێ دیارە، دوایین دەستەچیلەی یادی
بەئاگری تەنیایی خۆی دەسپێرێو
وردە وردە خامی سپی، بەسەرخۆیدا هەڵدەکێشێ
(تەنیایی)

مرۆڤ کەمرد، لەنێو کفنێکی سپیدا، دەپێچنەوە
سرووشت کە مرد، لە بەفرێکی زستانیدا.. دەیشێرنەوە
(بەفر)

مردن دەرگای دەکاتەوە
وەك چۆن گورگێکی چاوبرسی
بۆ نێچیری، زار لەبەریەك دەکاتەوە
(سێ هەنگاو تامەرگ)

ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی وەك ئێمەومانان، کە ئاشنای ئێجگار نزیك و دەرگا بێ کلیلەکانی رۆحی یەکتری بووین، هەرگیز و کەم وزۆر، هەستمان بەوە نەدەکرد ئەم تارمایی مردنەی ناو شیعرەکانی، زەبرو جێپەنجەیان لەبەرنامە هەمیشە دەوڵەمەندو پڕ ئاوات و خۆزگەکانی هەبێت.. بەڵکو بە پێچەوانەوە؛ بەکوڵ و بەدڵ شەیداو ئەویندارى ژیانی نوێو کاری نوێ، پەیداکردنی هاورێی نوێ بوو.. هەموو رۆژێك هاورێیەکی تازەی دەگرت، کەلەم مەیدانەدا مارف، لەچاو ئێمەو لەچاو هاورێکانی ناو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (سروە)دا، کە چالاکترین و پڕکارترینیان بوو؛ زۆرترین هاورێو زۆرترین تەلەفۆنی بۆ دەکراو هەمووشمان ئێرەییمان بەرەوشتی بەرزی دەبرد؛ کە لە دەمێکەوە زانیبوومان (رەوشتی) پێش ئەو تەمەنە لاوەی کەوتووەو رامابووین لە سەلیقەو دڵسۆزییو سنگی فراوان و سادەو دڵی پڕ لە ئاشتیو ئەوین وراستگۆییو ماندوونەناسینی..کە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا؛ هەموو رۆژێکیش بەرنامەیەکی تازەی لە خەیاڵدا بوو.. هەموو رۆژێکیش رەنگی کاری تازەی داڕشت بۆ سازکردن و بەستنی کۆڕو دیداری ئەدەبیی، لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا، هەر لە دامێنی لوڕستانەوە، تائەوپەری باکووری نیشتمانەکەیو ..لەهەموویشیاندا خەونی خستنە رێی کاروانی ئەدەب و فەرهەنگی نیشتمانەکەی بوو.. تالەسەنگەری فەرهەنگەوە، بەدیدو توانایەکی پۆڵاییینەوە، هاوبەشی ئارایشتکردنەوەی فەرهەنگی نیشتمانەکەی بکات

و بیسەلمێنێ کە ئەمیش ناسنامەیەکی مرۆڤانەی پێیەو بەتاسەو پەرۆشێکی بێپشووەوە، نیشتمانەکەی وێردی سەر زمانی رۆح و زمانی دڵ و زمانی مێشکی بوو..بەهەموو مانای واژەی عاشقەوە، عاشقی نیشتمانەکەی بوو.. خەونی دەدی: بۆ تەنیا ساتێکیش بێت، نیشتمانەکەی لەوپەری ئاسوودەییدا ببینێ:

هەور: کامێرا
برووسکە: فلاش
نم نمەی باران

بۆ شووشتنەوەو دڵی منیش: قاپ
ئا..ی نیشتمانم، هەتا یەك چرکە،
بۆ لێوەکانت بزە قەرزکە

(وێنە)

پێڕست

١ - هەڵەبجە
ئەدەب و هونەرو سیاسەت
٢ - سوارە ئیلخانیزادە
رەفیق سابیر
٣ - دیوانی (کەمالی)
عەلی باپیرئاغای شاعیر
٤ - شیعرێک لە نێوان (نالی) وە (کوردی) دا
٥ - رەخنەی ئێمە و خۆزگەی من
٦ - مەولەوی ! یان گەرانەوە بۆ سەرچاوە
٧ - نالی و مەستوورە
٨ - عەتا نەهایی
لە گێژەنی تەنگانەی سەردەمدا
٩ - مارف ئاغایی
شاعیری تەنیایی و ماڵئاوایی

چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی 1996

١- رستە سازی و شیتەڵکاری زانستی .. د. شێرکۆ بابان
٢- سەعید زەبۆکی لای خۆمان .... ڕۆمان .. کەمال سەعدی
٣- البعد القومي للتغيرات في الحدود الادارية لمحافظة كركوك .. د. خليل اسماعيل محمد

چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی 1997

١- کاولاش .. ڕۆمان .. عبدالله سەراج
٢- مەم و زین .. علی فتاح دزەیی
٣- پشکۆ و خۆڵەمێش .. ئازاد عبدالواحد
٤- دەردە کورد .. محمود زامدار
٥- باڵەبان .. وریا ئەحمەد
٦- چیرۆکی فۆلکلۆری .. محمد رشدی دزەیی
٧- کوردستانی خواروی ڕۆژهەڵات .. د. رەشاد میران
٨- ووشەو زاراوەکانی باباتاهیر .. د. محمد نوری عارف
٩- حەمەدۆک .. یەشار کەمال
١٠- کورتیەک ژدیروکا افیانوسا .. د. بێوار خنسی
١١- ڕۆمانی درز .. کاکە مەم بۆتانی
١٢- میکانیزمە بنەڕەتیەکانی رستەسازی .. د. شێرکۆ بابان
١٣- أرض الاجداد.. شعر .. سرياني .. كوركيس يوسف
١٤- کورسی کورسی .. نەجات رەفیق حلمی
١٥- ئۆل و فەلسەفەیا زەردەشت .. میرال زیلانی
١٦- ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری .. نجم خالد ئەلومنی
١٧- دەروێشی عەبدی .. شاکر محمدامین ڕۆژبەیانی
١٨- مەولود نامەی کوردی .. محمد رشاد مفتی
١٩- کورد لە ئینسکلوپیدیای ئیسلام .. حمە کەریم عارف
٢٠- تاریکستانی لم .. صلاح عمر
٢١- ئازادی یا مەرگ .. کەریم حسامی
٢٢- ڤیربوونا لاتینی .. شەوکەت سندی
٢٣- هەولێکم وا دیومو بیستوە .. مەولود بێخاڵی
٢٤- وتەکانی ژیان .. محمد عبدالرحمان زەنگەنە
٢٥- پۆینە زێرینە .. هیمەت کاکەیی
٢٦- مەملەکەتی مسی... محمد فەریق حەسەن
٢٧- چیرۆکی هونەری کوردیی.. زاهیر ڕۆژبەیانی
٢٨- لاوک و سترانی کوردەواری.. یاسین حسن گۆران
٢٩-لاوک و سترانی ئەو دیوی قەفقاس.. یاسمین بەرزنجی
٣٠- دایکی کوردان .. حەمە کەریم هەورامی
٣١- هەو کردن بە ڤایروسی (HIV) و نەخۆشی ئەیدز .... د. زاهر سۆران

چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی 1998

٣٢- شاکر فەتاحی شەهید... فەلەکەدین کاکەیی- مەحمود زامدار

٣٣-پێشکەوتن ... علی ناجی کاکە حەمە ئەمین- سیروان بەکر سامی

٣٤- رۆژنامەی (کوردستان)ی دایک... مەحمود زامدار

٣٥- گەشتێک لەنێو جیهانی بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی... مەحمود زامدار

٣٦- هەفتەنامەی گۆڤار... تاریق جامباز

٣٧-رۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی هونەری کوردی ... هیمداد حوسێن

٣٨- چەند بابەتێکی رۆژنامە نووسی.....حەمە سالح فەرهادی

٣٩- ئەستێرە... ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

٤٠- رۆژنامەنووس و بواری رۆژنامەگەری .... رەسول بەختیار

٤١- رۆژناما کوردستان و شوەرەشا رەوشەنبیری.... شەوکەت طاهر سندی

٤٢- رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوای -راپەڕین -.. عبدالله زەنگەنە

٤٣- حرب الكلمة ...... نزار جرجيس علي

٤٤- سەرکوتی رۆژنامەی کوردی لەسێبەری یاسادا.... غازی حسن

٤٥- کاریکاتێر... گرفتار کاکەیی

٤٦ - بیبلۆگرافیای هەفتەنامەی پەیمان....

٤٧ - بحث متكامل لايجاد طريقة لاختزال باللغة الكردية لاول مرة .... وشيار بشير مصطفى چلبي

٤٨- رۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە تاچەرخی نوێکاری.. برایمی مەلا

٤٩- رەنگدانەوەی دۆزی ژن بە نێوی ژنەوە لە نێو رۆژنامەگەری کوردیدا......د.کوردستان موکریانی

٥٠- كامران شاعر من كردستان .... كامل حسن البصير

٥١- پایزی چاوەکان..... نژاد عزیز سورمێ

٥٢- کوردستان .... قادر وریا

٥٣-الحقيقه-راستی-.........د. عبدالفتاح علی بوتانی (تعضيد)

٥٤-چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ١٩٩٧.....محمد خدر مولود-عزیز هەریری

٥٥- بنەماڵانی بەناوبانگی رواندز..... مەمدوح مزوری

٥٦- البدرخانيون..... شكور مصطفى

٥٧- الكرد والحق .... عزيز عبدالاحد نباتي

٥٨- زنزانة كفر.... سلام عبدالله

٥٩- سراج السالكين..... ترجمة محمد جميل روژبەیانی

٦٠- كۆمەڵایەتی لە كوردستاندا....... مامۆستا محەمەد مەلا قادر

٦١- هونەری دیپلۆماسیوكاری پەیوەندیەكان.... عەبدوڵڵا ئاگرین

٦٢-پاشكۆی بیرەوەریەكانم.... ئەحمەد دلزار

٦٣-دراڤەك زدەریا فلكلوری...عبدالعزیز خیاط - عبدالعزیز هاجانی

٦٤- دەمێ چوارگۆشە... سەلمان كوفلی

٦٥- یادەكانی ئادار.... محمد خدر مولود

٦٦- تابلۆكانی شەرەفنامە.. عبدلرقیب یوسف

٦٧- چالاكیەكانی وەزارەتی روشنبیریی ١٩٩٨ .... محمد خدر مەولود

٦٨- گولزاری منداڵان... كازم كۆیی

٦٩- داستان و گۆرانی لە فۆلكلۆری كوردی..... عمر شێخەڵڵا دەشتەكی

٧٠- راو و شكار لە جیهاندا.. عبدالغفور ملا علی

٧١- راوە گزنگ .... محمد حەمە باقی

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نشتمانی هەرێمی کوردستانی عێراق
ژمارە (٢٨٠) ی ساڵی ١٩٩٨ دراوەتێ